# هزرەکانی مەتی

هەواڵنامەی کتێب

# هزرەکانی مەتی

بێرتۆلت برێشت

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی
شەهاب مەحموود

هەولێر - ٢٠٢٠

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

MUKIRYANI

✶ ناوی کتێب: هزرەکانی مەتی.

✶ نووسینی: بێرتۆلت برێشت.

✶ وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ کوردی : شەهاب مەحموود

✶ ڕێکخستنی زمانەوانی: ساماڵ ئەحمەدی

✶ دیزاین: ڕێمان عەبدولجەبار رەحمان

✶ چاپ: یەکەم - ٢٠٢٠

✶ تیراژ: (٥٠٠) دانە

✶ چاپخانە: (ماد) تهران

✶ نرخ: (٢٠٠٠) دینار

✶ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی(٥٤٧)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١٠٠٨)



Email: info@Mukiryani.com
Web Stie: www.Mukiryani.com

کتێبی (هزرەکانی مەتی) بە کەڵکوەرگرتن لە وەرگێڕدراوی ئینگلیسی لە چینییەوە بۆ ئاڵمانی وەرگێڕدراوە. ئەم کتێبە ناچێتە ڕیزی شـــوێنەواری کۆنی فەرهەنگی چینی. هەرچەند بەشە سەرەکیەکانی دەگێڕنەوە بۆ **موو-دی.** پاش ئەوەی کە مەکتەبی **موو- دی** لە لایەن پەیڕەوەکانی کۆنفسیۆس بەگشتی لە گۆڕەپان وەدەرنرا، دیسان لە سەدەی رابردووەوە برەوی پەیدا کردەوە. چونکە هەندێ لە بابەتەکانی وەکو شتی نوێ دەهاتە بەرچاو و لە هەندێک لە ڕەوتە فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا دەچوو.

لە کتێبەکەدا بەشـــی "ســـەبارەت بە مۆســـیقا" و "ســـەبارەت بە هەڵسوکەت و کردار" هەرچەند بە هەمان ڕادە کۆنە، بەڵام هی **موو-دی** نییە. هەروەها هەندێ لە بەشـەکانی دیکەشی دواتر ئامادە کراوە، بەڵام لە چینییەکەیدا بە هەمان شـێوازی کۆن نووسـراوە. لە ڕوانگەی وردی زانســـتییەوە قەبووڵکردنی کتێبێکی وا بێ کەموکووڕی نییە. بەڵام خوێنەرێ کە کەمتر بە دوای ڕەســـەنایەتیی دەقەوەیە و پتر ســـەرنج بە ناوەرۆک دەدا، ســـەرەڕای ســـرشـــتێکی تایبەت کە لە هەڵبژاردنی بابەتەکەدا بەکار هاتووە، لە خوێندنەوەی کەڵک وەردەگرێ. بەتایبەت گونجاندنی هەندێک فکری نوێ و لەجێدانانی چیرۆکگەلی سەرنجڕاکێش لە مێژووی سـەردەم لە دەقی هزرەکانی فەیلەسووفە کەوناراکانی چین "لەلایەن بریێشت"ەوە چێژێکی دیکە دەداتە خوێنەر.

# پێرست


وتووێژێک لە وڵاتی سو ........ ١٥
چیرۆکی می- ین- لە لە سەرکەوتن بەسەر کێوە بەرزەکاندا ........ ١٦
بیرکردنەوە ........ ١٨
سەردەمی دڵتەزێن ........ ١٩
سەبارەت بە ڕێکەوتن، یان خواردنەوەی شەراب و ئاو لە دوو دەفردا ........ ١٩
سەبارەت بە ڕووناکبیران ........ ٢٠
سەبارەت بە گەڕانی دۆخەکان ........ ٢٠
بنەمای کا- مە لە پەیڕەویکردن لە هزری ئاگادا ........ ٢٠
بەکارهێنانی نەزانانەی مێشکە گەورەکان ........ ٢١
دوژمنی ڕووناکبیرەکان (ئانتی تز) ........ ٢٢
سەبارەت بە دۆخی جەنایەتکارەکان ........ ٢٢
سەرنجدانی روانگە ........ ٢٣
سەبارەت بە گۆڕانی باری جسمی و ڕۆحی ........ ٢٤
چیرۆکی فان- تسە ........ ٢٤
قسەکانی جارچی ........ ٢٥
کەش ........ ٢٦
پێناسەی ڕامان ........ ٢٦
سەبارەت بە فەیلەسووفەکان ........ ٢٦
سەبارەت بە بێگانە نەخوازراوەکان ........ ٢٧
مەتی و گێڕانەوەی داستانی خراپەکارەکان ........ ٢٨
هۆگریی خوێندەوارەکان بە شۆڕشەوە ........ ٢٨
بەهرەکێشان لە زەوی و چەوساندنەوەی ئینسان ........ ٢٩
ئەوەی لە تواناماندایە بیکەین و بەشی سروشتیش بۆ خۆی بێڵینەوە ........ ٣٠
ئەوانەی لە کەموکوڕییەک دەناڵن، بەبێ ئەوەی لە هۆیەکانی چارەسەرکردنی بکۆڵنەوە،
لەوانەیە زیانبەخش بن. ........ ٣٣


هەواڵنامەی کتێب

گرفتی دیاریکردنی زۆر ........................................................ ٣٤
قایمکاریی له پاراستنی ئه‌زموونداا ........................................ ٣٥
به‌رپرسیاریه‌تی خه‌ڵک ........................................................ ٣٦
سه‌باره‌ت به پێویستبوونی ئه‌خلاق بۆ كۆمه‌ڵگه ........................ ٣٨
سه‌باره‌ت به نرخ و گرنگیی دادپه‌روه‌ری ............................... ٣٩
وێرانكارییه‌ک كه فێركارییه ................................................... ٤٠
زمانی بزوێنه‌كان له ئه‌ده‌بیات دا ............................................ ٤١
بابه‌تێ له ئاكاری مه‌زن ....................................................... ٤٢
ماتریالیسمی دژه‌نۆرم ........................................................... ٤٣
بنه‌مای فه‌لسه‌فه ................................................................ ٤٤
لێپێچینه‌وه له چاكه‌كان ........................................................ ٤٥
هونه‌ری لێخوڕین ................................................................ ٤٦
سوننه‌تشكاندن .................................................................. ٤٧
سه‌باره‌ت به پێویستبوونی ڕێزلێگرتن ...................................... ٤٧
ڕاده‌ربڕینی می- ین- له ....................................................... ٤٨
شێوازی جۆراوجۆری كوشتن .................................................. ٤٨
ناوبانگی نی- ین ................................................................ ٤٩
مه‌تی پێشنیاری نازناوێک بۆ نی- ین ده‌كات ............................. ٤٩
سه‌خڵه‌تیی به‌سالاچوان ........................................................ ٥٠
خۆپه‌رستی ......................................................................... ٥٠
سه‌باره‌ت به گۆڕینی شێواز و كه‌رسته‌ی ئیش ............................ ٥٢
سه‌باره‌ت به سته‌مكاری و به‌رگه‌ی زوڵم گرتن ............................ ٥٣
سه‌باره‌ت به درێخی و هه‌ڵه‌ی تاک ........................................ ٥٣
سه‌باره‌ت به هه‌ڵسوكه‌وتی هاوڕه‌گه‌زبازه‌كان ............................. ٥٤
سه‌باره‌ت به داپۆشینی عه‌یبه‌كان ........................................... ٥٤
سه‌باره‌ت به خیانه‌تی ژن ...................................................... ٥٥
شێوازی مه‌زن ..................................................................... ٥٥

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

هونەری داختستنی ڕاهێنان ........................................ ٥٦
هەلومەرجی شۆڕش ........................................ ٥٦
سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی ئاکاری فەرمی ........................................ ٥٦
سەبارەت بە ئەرکی کرێکارەکان ........................................ ٥٨
سەبارەت بە بابەتیبوون و لایەنگریی حزبی ........................................ ٥٩
پێویستبوونی یارمەتی ........................................ ٥٩
سەبارەت بە حاڵی وێنەکێشەکان ........................................ ٥٩
خۆهەڵنان ........................................ ٦١
هاندانی هەستی ناسیۆناڵیستیی خەڵک ........................................ ٦٢
سەبارەت بە دژایەتیکردنی ئەو پەندانەی بەندمان دەکەن ........................................ ٦٢
سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و بەرابەری ........................................ ٦٣
خودموختاریی نەتەوەکان ........................................ ٦٣
سەربازە بەئەدەبەکان ........................................ ٦٣
سەقامگیری و بێسەروبەرەیی ........................................ ٦٤
خۆپەرستی ........................................ ٦٤
سەبارەت بە ئەرکی تاکەکان ........................................ ٦٤
لایەنگریی مەتی لە نی- ین ........................................ ٦٥
بابەتێک لە شێوازی گەورە ........................................ ٦٥
مەتی و ئاکار ........................................ ٦٦
بەراوردکردن ........................................ ٦٦
بیرگەلی مەترسیدار ........................................ ٦٧
دوکتۆری ناسیاسی ........................................ ٦٧
هونەری بێنرخ ........................................ ٦٩
گومان و دوودڵی ........................................ ٦٩
پێڕاگەیشتن بە ئەخلاق ........................................ ٦٩
سەبارەت بە ناسازگاری دیاردەکان ........................................ ٧٠
بچووکترین یەکە چییە؟ ........................................ ٧١

هەواڵنامەی کتێب

كا- مه و دامەزراندنی سیستمی مەزن ........................................ ٧٣
هونەری ڕەسەن ........................................ ٧٣
کۆنە نوێیەکان ........................................ ٧٤
ژیانی خۆتان ڕێکخەن ........................................ ٧٤
سەبارەت بە وڵاتان ........................................ ٧٥
ژیاننامەی تاکەکان ........................................ ٧٥
بۆچوونی هەڵەی می- ین- لە ئاشکرا دەبێت ........................................ ٧٥
خووە نەشیاوەکان ........................................ ٧٧
ئامۆژگاریی مەتی ........................................ ٧٧
بەردەوام دوای خوێندن بکەوە ........................................ ٧٧
می-ین-لە دەیگوت: دەبێ وەک ڕاستی لێبڕاو و تووڕە بین ........................................ ٧٧
ئەوەی لای مەتی پەسەند نەبوو ........................................ ٧٨
سەبارەت بە جوانیی حەقیقەت ........................................ ٧٨
سەبارەت بە مانای چەند وشە ........................................ ٧٨
سەبارەت بەو وڵاتانەی کە خەڵک فێری ئاکاری تایبەت دەکەن ........................................ ٧٩
جووتیار و گا ........................................ ٨٠
ناوبانگی خووی ناپەسند ........................................ ٨٠
بارودۆخێ کە پێویستی بە ئاکاری باش هەیە ........................................ ٨٠
بێبەریبوون لە ئاکاری چاک ........................................ ٨١
بڕینەوەی مووچەی حکوومی بۆ شاعیران ........................................ ٨١
خەڵاتکردنی خەڵاتێک ........................................ ٨٣
پەردەپۆشکردنی تاوانە دەوڵەتییەکان ........................................ ٨٣
دادگاکانی نی- ین ........................................ ٨٤
مەترسیی بڕوا بە خولی دەوران ........................................ ٨٥
خاڵێک لە شێوازی مەزن ........................................ ٨٦
ژیان و مەرگ ........................................ ٨٦
بەدیهێنانی سیستمی مەزن ........................................ ٨٧

دابەشکردنی کار ........................................................................ ٨٨
حکوومەتی نەتەوە ........................................................................ ٨٨
باوەڕ (مانای نوێی وشە) ........................................................................ ٨٩
کەمبوونەوەی بڕوا ........................................................................ ٨٩
سەبارەت بە هونەرمەندی پێداگر ........................................................................ ٨٩
پێناسەی چەند چەمکێک ........................................................................ ٩٠
ستایشی نی- ین ........................................................................ ٩٢
ترس لە مەرگ ........................................................................ ٩٢
بۆچوونی کی- ین سەبارەت بە شەریکەکان ........................................................................ ٩٢
ئازادی لە وڵاتی سودا ........................................................................ ٩٣
سەبارەت بە لاوازی هاوکارەکان ........................................................................ ٩٣
پێوابوون و زانین ........................................................................ ٩٤
حکوومەتی ڕەهای نی- ین ........................................................................ ٩٥
برەوسەندن و لەناوچوون لە سەردەمی نی- یندا ........................................................................ ٩٦
سەبارەت بە رابەرایەتیکردنی خەڵک ........................................................................ ٩٧
ئازادکردن و ئازادژیان ........................................................................ ٩٨
سەبارەت بە پێکهاتنی یەکەگەلێک بە توخمی دژبەیەک ........................................................................ ٩٩
بۆ دامودەزگای هو نەڕووخا؟ ........................................................................ ٩٩
نەتەوە و دەوڵەت لە شەڕدا ........................................................................ ١٠٠
قەبووڵکردنی هەڵە چاکترە لە پاساوهێنانەوە ........................................................................ ١٠٠
پۆلیسی وڵاتی سو ........................................................................ ١٠١
خۆماڵیکردنی ئەزموونەکان ........................................................................ ١٠١
سەبارەت بە ڕەوشی هەڵسوکەوتی تاکەکان ........................................................................ ١٠٢
بەخۆداچوونەوەی مێژوویی ........................................................................ ١٠٢
کا- مە و فو- ئن و فەلسەفە ........................................................................ ١٠٣
جوان چییە ........................................................................ ١٠٣
نرخی پەموو ........................................................................ ١٠٤

کتێبخانەی هەوڵنامە

متمانه ........ ١٠٥
گەڕان بەدوای لۆژیک لە جەنایەتەکانی هی- یەدا ........ ١٠٥
دوو جۆر هۆشمەندی ........ ١٠٦
دیالێکتیک (لەدایکبوونی شێوازی گەورە) ........ ١٠٦
قەتڵی نەفس ........ ١٠٧
خەباتی هونەرمەندەکان ........ ١٠٨
کارمەندی خراپ ........ ١٠٨
مەکتەبی هی- یە و لاوان ........ ١٠٩
بابەتی سێهەم ........ ١٠٩
سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا ........ ١١٠
پاڵەپەستۆ و زەبروزەنگ ........ ١١٠
نان و کار ........ ١١١
کەمویستن لەوانەیە ببێتە شاتوشوتخواستن ........ ١١١
قوتابییەکانی کا- مە بۆ هەر پرسیارێک وڵامێکیان هەیە ........ ١١٢
ڕاهێنانی فکری ........ ١١٢
چی گرنگە ........ ١١٤
هزرە نەتەوەییەکان ........ ١١٤
ئایا ڕازی بەهەر کارێک دەبی ........ ١١٤
پەسنی می- ین- لە خوێندکارەکانی ........ ١١٥
خوێندنەوەی کتێب ........ ١١٥
سەبارەت بە ژیانی مامۆستایان ........ ١١٦
زمانی کەرستەکان و زمانی هزر ........ ١١٧
کاری ناتەواو تەواو بکەین ........ ١١٧
کاری ناتەواو تەواو بکەین ........ ١١٨
بیرمەندانی سەرۆکی خەبات و سەردەمەکەیان ........ ١١٨
هونەر ........ ١١٨
سەبارەت بە هاوخەمی و دڵسۆزی ........ ١١٨

سەبارەت بە مەی نۆشین ........................................ ١١٩
شەرەفی پیاو لە سەردەمانی پێشوودا ........................................ ١١٩
مەتی دەیگوت ........................................ ١٢٠
لێهاتوویی ژماردنی بچووکترین گەردیلە ........................................ ١٢٠
مەتی دەیگوت ........................................ ١٢٠
سیستمی گەورە و عەشق ........................................ ١٢١
ژیانی مادیی می- ین- لە ........................................ ١٢١
دەبێت وڵات بە دەستی ژنی ئاشپەز ئیدارە بکرێت ........................................ ١٢١
کین- یە دەیگوت ........................................ ١٢٢
ئاسوودەیی و عەشق ........................................ ١٢٢
پێشنیار ........................................ ١٢٢
چۆن دەبێ یارمەتی خۆت بدەی ........................................ ١٢٣
پەندی مەتی ........................................ ١٢٣
ئاگرکردنەوەی لایی- تو ........................................ ١٢٤
شێوە و چۆنیەتی دەربڕینی کی- ین- لە ........................................ ١٢٥
خۆپاراستن لە وشەی گەورە ........................................ ١٢٥
تووڕەبوون لە بەرانبەر زوڵمدا ........................................ ١٢٦
(تو)() دەیەوێت فێری شێوازی خەبات بێت، بەڵام فێری دانیشتن دەبێت ........................................ ١٢٦
بۆچوونی مەتی سەبارەت بە مەرگی تو ........................................ ١٢٧
گۆرانیی کین- یە بۆ خوشکی لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆدا ........................................ ١٢٧
کین- یە لە خۆشکەکەی دەدوێت ........................................ ١٢٨
دووەمین گۆرانیی کین ـ یە بۆ خوشکەکەی ........................................ ١٢٩
کین- یە و خوشکی (٢) ........................................ ١٢٩
کین- یە و خوشکی (٣) ........................................ ١٢٩
کین- یە و خوشکی ........................................ ١٣٠
شیعری دووەمی کین ـیە لەمەڕ خوشکەکەیەوە ........................................ ١٣١
سێبەری کین- یە ........................................ ١٣١

گرفتی کین- یە لە نامەنووسیندا .................................................... ١٣٢
بایەخی لایی- تو ..................................................................... ١٣٣
کۆتایی ئیشی مەتی..................................................................... ١٣٣

هەواڵنامەی کتێب

# وتووێژێک لە وڵاتی سو

**کین– یە** لە دادگاییەک کە لە **سودا** دیتبووی بۆ **کوی** دەگێڕایەوە:
جووتیارێک هاتبووە شار تا لە کارخانەیەکدا کار پەیدا بکا. بنەماڵەیەک کە کوڕەکەیان لە سەفەر بوو و بەو هۆیەوە ژوورێکی بەتاڵیان هەبوو وەریان گرت. جووتیارەکەش بەڵێنی دا هەرکات کوڕەکەیان گەڕایەوە، ژوورەکە چۆڵ بکات. بەڵام پاش گەڕانەوەی کوڕە، ژوورەکەی چۆڵ نەکرد، لەبەر ئەوەی کە پەیداکردنی ژوورێکی دیکە موشکیل بوو، خاوەن خانوو لە دادگا سکاڵای دژ بەم پیاوە تۆمار کرد. بڕیاری دادگا – کە بڕیارێکی ئاسایی نەبوو – خاوەن خانوەکەی ناچار دەکرد کە جێگایەک بۆ جووتیارەکە پەیدا بکات و ئەویش بەڵێنی دا کە خۆشی یارمەتی بدات.

**کین– یە** کە هەستی کردبوو چۆڵکردنی ژوورێک بە واتای ڕاگوێزانی کەلوپەلە بۆ ژوورێکی دیکە، پەسنی بڕیاری دادگای دەدایەوە. **کو** دەیگوت: چەندە باش دەبوو ئەگەر بەڕاستی وا بووایە. ئەوکات وڵاتێکمان دەبوو کە بیرمەندانی کۆن ویستوویانە. بەڵام من دەزانم لە **سودا** زۆرێک لەو ئیشانە بەوجۆرە کە بیرمەندانی کۆن ویستوویانە بەڕێوە ناچێ. هەربۆیە باوەڕ بە داستانەکەی تۆش ناکەم. بێنە بەرچاوت ئەگەر ویستبێتیان بەم شێوەیە کۆتایی بە هەموو کێشەکان بێنن، بارودۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەچوو.

**کین– یە** لە وڵامدا گوتی: لە ڕواڵەتدا شێوازی ئیشیان هەر ئەمەیە و لەوانەشە ئەو بارودۆخەی تۆ بیری لێ دەکەیەوە، بێتە ئاراوە. باشە، پاشان چی؟ **کو** دەیگوت: باوەڕم بەم داستانە نییە. **کین** دەیگوت: من بینیومە **کو** بەدڵنیاییەوە وڵامی دەداوە: کەواتە هەڵیانخڵەتاندووی. تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ لەوێ ئامادەبووی بڕیارێکی وایان داوە. **کین** دەیگوت: تەنانەت ئەگەر جارێک و ئەویش لەبەر من بووبێ، دیسانیش پەیداکردنی بڕیارێکی ئاقڵانەی وا زۆر گرنگە. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین لە فلانە جێ پیاوێک هەیە کە خێراتر لە هەمووان هەڵدێ، بەڵام تەنیا کاتێک کە تۆش بینەر بی، دەکرێ بایەخی کارێکی وا لەبەرچاو نەگیرێت؟

## چیرۆکی می- ین- لە لە سەرکەوتن بەسەر کێوە بەرزەکاندا

پاش ئەوەی کرێکارەکان و رەعیەتە فەقیرەکان بە یارمەتی **می- ین- لە** دەسەڵاتیان گرتە دەست، نەیانتوانی تەواوی پلانەکانیان بەتەواوەتی بەئەنجام بگەیەنن. وادیاربوو پێشچوونەکانیان لە کزیی دابوو. تەنانەت هەندێ جار ناچار بوون چەند هەنگاوێک پاشەکشە بکەن. تەحەمولکردنی ئەم کارە بۆ زۆرێک کە لە دوورەوە تەماشاچی بوون، دژوار بوو. هەرجارەی کە کرێکارەکان بە ڕابەریی ئەنجومەنی **می- ین- لە** ڕووبەڕووی شکستێک دەبوونەوە، یان بۆ بەرگری لە شکستێک بەرنامەکەیان وەلا دەنا، تەماشاچییەکان هاواریان بەرز دەبووەوە کە کرێکارەکان خیانەت بە باوەڕەکانی خۆیان دەکەن و ئەنجومەن هەلومەرجی جارانی ڕەچاو کردووە. ئەمانە، ئیشی شۆڕشیان بە کردەوەیەکی یەکجارەکی دەزانی، وەک بازدان لە هەڵدێریکەوە کە یان دەکرێ یان ناکرێ و ئەگەر نەکرێ پیاو گیانی خۆی لەسەری دادەنێ. **می- ین- لە** دەیگوت: پیاوێک بێننە بەرچاو کە دەیەوێ لە کێوێکی زۆر بەرز و تیژ و نەناسراو سەرکەوێ. با بڵێین ئەم کەسە پاش تەحەممولی گرفت و مەترسییەکی زۆر دەتوانێ بڕواتە جێگایەکی گەلێک بەرزتر لەوەی کە پێشڕەوانی پێش ئەو چوون، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە لووتکە. ئێستا لە بارێکدایە کە چوونە پێشتر لەو ڕاستایەی کە دیاری کراوە، نەک تەنیا دژوار و ترسناکە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕەها لەکرانەهاتووە. ئێستا دەبێ بگەڕێتەوە، بێتە خوارێ و ڕێگای نوێ بدۆزێتەوە. هەرچەند لەوانەیە ئەمە کارێکی پڕووکێنەر بێت، بەڵام بەهەرحاڵ سەرکەوتن مومکین دەکات. گەڕانەوە لە بەرزاییەک کە تا ئێستا پێی مرۆڤی پێ نەگەیشتووە و ئەو کەسە خەیاڵییەی ئێمەی تێدایە،

موشکیل و مەترسیی زۆرتری لەگەڵدایە تا سەرکەوتنەکەی. هەڵکەوتی هەڵخلیسکانی پێ لە گەڕانەوەدا پترە لە سەرکەوتن، لەبەر ئەوەی بینینی ئەو جێگای پێی لەسەر دادەنێ ئاسان نییە. لە گەڕانەوەدا تامەزرۆییی هاندەری سەرکەوتن بەرەولووتکە، دەکوژێتەوە. دەبێ پەنا بۆ پەت بەرن و ماوەیەکی زۆر خەریکی پەیداکردنی جێگایەک بن بۆ قایمکردنی پەتەکە. دەبێ وەک کیسەڵ ببزوون و بەردەوام بەرەوخوارەوە بێن و لە ئامانج دوور بکەونەوە، بەبێ ئەوەی کە لە گەڕانەوە دژوار و ترسناکەکەدا ڕێگایەکی هیوابەخش ببینرێت تا لەوێوە زووتر و ڕاستتر بەرەوپێش، بەرەو ئاماج بڕۆن و بگەنە لووتکەی شاخ. ئایا ئاسایی نییە کە وا دابنێین لەم کەسەدا – هەرچەند گەیشتووەتە بەرزاییەکی بێوێنە – دەمێ نائومێدی و دوودڵی دروست دەبێ؟ بێگومان بیستنی دەنگی ئەو تەماشاچییانەی کە لە دوورەوە و بێمەترسی، بە دووربین گەڕانەوە پڕ مەترسییەکە تەماشا دەکەن، دووپاتبوونەوەی توندی هێرشی سەردەمانی دوودڵی پتر دەکات. ناکرێ بەم گەڕانەوە بڵێین "ستاپ لە نیوەی ڕێگەدا". چونکە شەرتی ستاپ بوونی ئۆتۆمبێلێکی لەپێشدا لەبەرچاوگیراو و تاقیکراوەیە لەسەر جادەیەک کە پێشتر دروست و ئامادە کراوە. بەڵام لێرەدا نە ئۆتۆمبێل هەیە و نە ڕێگا. لێرەدا هیچ شتێک نییە کە پێشتر تاقی کرابێتەوە.

لە خوارەوە هاتوهاوارێک کە لە دڵی فێنکی تەماشاچییەکانەوە دێت، دەبیسرێت. هەندێک ڕاشکاوانە خۆشحاڵی و شادیی خۆیان لەم بارە نالەبارە دەردەبڕن و دەڵێن، هەرئێستا دەکەوێتە خوارێ، چاوی دەردەهات، ئەم شتێیە مانای چییە؟! ئەوانی دی هەوڵ دەدەن خۆشحاڵی و شادیی خۆیان لەو بەلایەی ئەو بشارنەوە و بە **(گولولو)**[1] یەهودا، بە نگەرانییەوە

١- (Kolowlew) کەسی یەکەمی ڕۆمانی یودوشکا، یەهوودای بچووک، نووسینی سالتیکوف شێچیدرین.

چاو دەگێڕن و نارەزایی دەردەبڕن کە: بەداخەوە ئەوەی ئێمە بە ترس و لەرزەوە پێشبینیمان دەکرد، وەڕاست گەڕا. مەگەر ئێمە نەبووین کە هەموو تەمەنمان لەسەر ئامادەکردنی نەخشەیەکی ڕاست و دروست بۆ لەناوبردنی ئەم کێوە دانا، مەگەر ئێمە پێشنیارمان نەکرد کە واز لە سەرکەوتن بۆ لووتکە بهێنن تا نەخشەکەی ئێمە تەواو دەبێ. ئەوکات ئێمە بە هەموو تواناوە هەوڵی دژایەتیی ئەم ڕێگایەمان دەدا – کە ئێستا ئەم شێتانە لێی دەگەڕێنەوە– ( تەماشا! تەماشا! دەگەڕێتەوە، دێتەخوارێ. چەندین کاتژمێر هەوڵ دەدا تا چەند نووکەپەنجەیەک بگەڕێتە دواوە. ئەوکاتانەی کە ئێمە زانایانە بەدوای وادە و چرکەساتەکانی ئێشەکەوە بووین. چ بێڕێزییەکیان پێمان نەکرد.) ئەوکاتانەی ئێمە بە توندی گومڕاکانمان مەحکووم دەکرد و خەڵکمان لێیان وەردەگێڕاوە، تەنیا و تەنیا بە عەشقی نەخشە گەورەکەمان نەبوو.

خۆشبەختانە دەنگی ئەم دۆستە بەڕواڵەت ڕاستانەی ڕێگای سەرکەوتن، بە گوێی ڕێڕەوی چیرۆکەکەی ئێمە ناگات. ئەگەر گوێی لێ بایە حاڵی تێک دەچوو.

دەڵێن ڕشانەوە بۆ سەلامەتی فیکر و خۆراگریی هەنگاو چاک نییە، بەتایبەت لەوپەڕی بەرزاییدا.

## بیرکردنەوە

**مەتی** شاگردەکانی فێر کرد: بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت و پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤەکان و کەمتر پەیجۆی دیاردەکانی سروشت دەبێت. چونکە مرۆڤ هەمیشە لە ڕێگای ئەو لاڕێیەی کە بەرەو مرۆڤەکانی دی دەکاتەوە بە سروشت دەگات. هەربۆیە دەبێ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر هێزێک مرۆڤگەلێک بهێنرێتە بەرچاو کە هزر لەوانەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕووی لەوانە. تەنیا ئەوکاتەیە کە تواناییی کاریگەریی هێزەکان دەردەکەوێت.

## سەردەمی دڵتەزێن

**مەتی** داستانێکی بە شرۆڤەی خوارەوە خوێندەوە: پیاوێکی تێکۆشەر ئەرکێکی وەئەستۆ گرتبوو کە بە ناچار دەبووە هۆی مەرگی. لە ڕێگادا بە ئاستەم خۆی قیت ڕادەگرت. ئەوەی لەگەڵی بوو پرسیی: دەترسی؟ پیاوە گوتی: بەڵێ، دەترسم – ئەی کە دەترسی بۆ ناگەڕێیتەوە؟ پیاوە وڵامی دایەوە: ترسی من پەیوەندیی بە لاوازیمەوەیە، بەڵام مەرگم پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە.

**مەتی** گوتی: چ سەردەمێکی خراپە کە مرۆڤ نابێ تەسلیمی ترسی خۆی بێت. بەڵام بریا کەسانێکی زۆر بۆ کۆمەڵگەیەک بەرێ بکەون کە لەودا ئەو هەوڵەی کە بۆ خۆشبەختیی خۆمان دەیدەین لەهەمانکاتدا بە قازانجی کۆمەڵگەش بێ.

## سەبارەت بە ڕێکەوتن، یان خواردنەوەی شەراب و ئاو لە دوو دەفردا

**می-ین-لە** سەبارەت بە ڕێکەوتن دەیگوت: زۆرجار ڕێکەوتن پێویستە. زۆرێک لە خەڵکی ڕێکەوتن بە ئاوکردنە نێو شەراب دەزانن و دەڵێن مەگەر شەرابی بێگەرد بێ ئاو خۆشتر نییە؟ یان ئەوەی کە مەگەر شەراب تینویەتی ناشکێنێ؟ بەڵام سەبارەت بە ڕێکەوتن من ڕایەکی دیکەم هەیە. ئەگەر پێویستی کرد من شەراب و ئاو لە دوو پێکدا دەخۆمەوە. دەنا زۆر دژوارە جیاکردنەوەی شەراب لەو ئاوەی کە تێمان کردووە.

## سەبارەت بە ڕووناکبیران

ئەرکی ڕووناکبیر ئەوەیە بە یارمەتی بیری خۆی نان بخوات. بەڵام ئەم هزرە لەم سەردەمەدا کاتێک سکی ڕووناکبیر ئاوەدانتر دەکاتەوە کە نەخشەی زیانبەخش بۆ خەڵکی داڕێژێت. هەربۆیە **مەتی** دەیگوت: هەوڵەکەیان نیگەرانم دەکات.

## سەبارەت بە گەڕانی دۆخەکان

**می-ین-لە** دەیگوت: لەڕاستیدا ڕستەگەلێکی وەک "باران چاکە"، یان "باران خراپە" زۆر کورتن. ئەگەر ڕێژەی ئەو بارانە کە تۆو پێویستییەتی تا وشک نەبێت، زۆر بێت، تۆوەکە دەخنکێ.

نموونەیەکی دی: ئەگەر ڕووناکی زۆر لە هەستیاریی وێنەگری بدرێت سەرەتا بۆر و پاشان ڕەش دەبێ. ئێستا ئەگەر ڕووناکی زیاتری لێ بدرێ، دیسان بۆر دەبێتەوە. کەوابوو ڕستەی وەک "ڕووناکی ڕووی هەستیاریی وێنەگری ڕەش دەکات" هەڵەیە.

## بنەمای کا- مە[1] لە پەیڕەویکردن لە هزری ئاگادا

**مەتی** دەیگوت: بە قەوڵی **کا- مە** هزری مرۆڤ پەیوەستە بە شێوەی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانەوە. ئەو ڕەتی دەکاتەوە کە مرۆڤ بتوانێ هزری خۆی لە پەیڕەویکردنی باری ئابووریدا ، بە ئازادی ڕاگرێت. ئەو پێی وایە، بە هەمان ڕادە کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە ئابوورییەوە گرێ دراوە، باری ئابووریش لەسەر زەینیان کاریگەریی دادەنێ.

1- Ka_Meh

هەڵهێنجانێکی وا لە پلەی یەکەمدا بە کارەســـــات دێتە بەرچاو. بەڵام وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کە هەموو بەرهەمە مەزنەکان ســــەرەڕای ئەو پەیڕەویکردنە دروست بوون و پاش ددانـنان بە ڕاستیی ئەم بنەمایەشدا لە گرنگیی دەســـکەوتەکانی مرۆڤ کەم نەبووەتەوە، دیســـان هەلومەرجەکە دەگەڕێتەوە سەر باری ئاساییی خۆی. سەرەڕای ئەمەش چارەنووسی ئەم بنەمایە کە ڕۆژێک گرنگیی خۆی لەدەســـت بدات، هەرچەند ناوبانگەکەی دەمێنێتەوە. هۆی هێنانەئارای بنەمای ناوبراو ئەمە بوو کە هزرە باوەکانی ســـەردەم وەک بیروڕای چینی دەســـەڵاتدار ئاشـــکرا و لەقاو بدەن، تا گرنگییەکەیان سنووردار بێت. ئەوکاتەی کە کاربەدەستانێک لە ئارادا نەبن و ئەوکاتەی زۆربەی خەڵکی دونیا پاڵەپەستۆی پەیڕەویکردن لە ئابوورییان هەست پێ نەکات، ئیدی بنەمای **کا- مە** کەس نارەنجێنێ.

## بەکارهێنانی نەزانانەی مێشکە گەورەکان

نووسەرێک بە ناوی **فە- هو- وانگ** بە **مەتی** گوت: بۆ ڕووناکبیرەکان لە ڕیزی خەباتی ئێوە دوور وەستاون و عاقڵترین مێشکەکان هزرەکانی ئێوە بە هەڵە دەزانن. **مەتی** لە وەڵامـدا گوتی: دەکرێ مێشـــکە هەرە گەورەکـان زۆر نەزانـانە بـخرێنە کـار. ئەمە ئیشـــێکە کە هەم دەســـەڵاتدارەکان و هەمیش خاوەنی مێشـــکە گەورەکان دەیکەن. لە ڕاســـتیدا بۆ ڕاگرتنی ئەحمەقانەترین و لاوازترین بانگەشـــەکان، یان ســـیســـتەمەکان هزرە بەهێزەکـان بەکرێ دەگرن. هەوڵی مێشـــکە بیرمەندەکان بۆ دۆزینەوەی ڕاســتی نییە، ئەمانە لەهەوڵدان کە ڕێگایەک بۆ سوودوەرگرتن لە ناحەق بدۆزنەوە. ئەمانە بەدوای دامرکاندنی دڵ و ناخی خۆیانەوە نین، سک کە ڕازی بوو بەسە بۆیان.

## دوژمنی ڕووناکبیرەکان (ئانتی تز)

**فە- هو- وانگ** پرسـیی: ڕووناکبیرەکان بۆ دژی شـۆڕشـن. **مەتی** گوتی: لەبەر ئەوەی کە ئەوان لەم بارەیەوە ڕاویژ لەگەڵ سکیان دەکەن، نەک لەگەڵ فکریان. دەترسـن کە ئێمە ببینە سـەرباری کاری سـەرەکیی ئەوان، کە ئاخنینی زگە. بە شـێوازێک کە ناچاریان بکەن ئەمبارەکانی زاد و هزری ئێمە پڕ بکەن. بە ڕای ئەوان لە ڕووی ناچارییەوە یەکێک ڕێگری ئەوی دی دەبێت. ئەوان لە سـیسـتمێکدا دەژین کە ناتەواوی بەرهەم دەهێنێ. خۆیـان بەدەگمەن بەرهەمی دێنن و لە نـاتەواویش دەترسـن. ئەوان دەبینن کە ژیانی چاک بۆ ژمارەیەکی کەم مومکینە، بەڵام نازانن کە ژیانی چاکی ئەم ژمارە کەمە لەم سـیسـتمە هەڵەدا بە ژیانی خراپی ژمارەیەکی زۆر دابین دەکرێ. ئەو سیستمەی کە هەیە بە شـتێکی سـروشـتی دەزانن و وادەزانن کە ناکرێ لێی دەرچن. دەڵێن لە چرۆ گوڵێک دەپشـکوێ کە لە ناخیدا نییە و لەبیردەکەن کە پاش گوڵ میوە دێت، کە شتێکی دییە و لە هەمان کاتدا سروشتییە.

## سەبارەت بە دۆخی جەنایەتکارەکان

**کین – یە** دڵبەندییەکی تایبەتی بە جەنایەتکارە ئاسـاییەکانی وەک دزەکان، دزەچەکدارەکان، ساختەچییەکان و چەقۆکێشەکان پیشان دەدا. دەیگـوت ئەمـانە دابونەریتـیـان لەژێـر پـێ نـاوە، بەڵام نەک بەو بەڵگەهێنانەوانەی کە بیرمەندەکانی خەبات بۆ شـکاندنی دابونەریت پێشـنیاریان کردووە. بەڵام هاندەریان هەمانە. لەبەر ئەوەی کە خەڵک برسـییە و بە زەبر دەکرێ قازانجێک وەدەسـت بخرێت. دەکرێ بوترێ کە ئەوان بۆ پاراسـتنی قازانجی خۆیان دەسـتدرێژی دەکەنە سـەر قازانجی کەسـانی دی. بەهەرحاڵ قانوونێک لەژێرپێ دەنێن کە خراپە.

خەڵک، شەڕفرۆشی وایان خۆش دەویت. کتێبی زۆریان لە پەسنیاندا نووسیوە. ئەمانە ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەری مەسەلەی گرفتی سەردەم نازانن، بەڵام دەیانەوێت، بەتەنیان، سەرەڕای ئەوەش لە ڕواڵەتدا وا دیتەبەرچاو کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، واتە لەگەڵ خەڵکی دیدا دژایەتییان هەیە. بەڵام لە بنەڕەتدا سەروکاریان لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراودایە. بەڵام ئەم ژمارەیە توانیویانە خۆیان بە جێگای تەواوەتی کۆمەڵگە پیشان بدەن. مەترسیدارتر لەم جۆرە جەنایەتکارانە کەسانێکن کە ئەمانە لەبۆسەدان بۆیان و ئەوانیش بە دوایاندا دەگەڕێن. چونکە جەنایەتکارانی دوایی بە کۆمەڵ دەچنە کار و کردەوەکانیان بە شەرعی ناوزەد دەکەن. جەنایەتکارە بچووکەکان ئەو باوەڕەیان لەدەست داوە کە شایانی ئەوەیە مرۆڤ چاوپۆشی لە قازانجی خۆی بکات، هەڵێنجانێکی وا لە سەردەمی ئێمەدا کە خۆبەختکردن بە واتای خۆکوشتنە و بەزۆر خەڵکی ناچار دەکەن واز لە قازانجی خۆی بهێنێ، نیشانەی عەقڵی سەلیمە. بەهەرحاڵ ئەمانە گەلێک عاقڵتر لەو کەسانەن کە تەنانەت زیندانوانی خۆیان بە پیاوچاک و بێمەبەست و تەماح دەزانن.

ڕەوانییە لە سەردەمی ئێمەدا کەسێک نفرینی قازانجپەرستی بکات، مەگەر ئەوەی کە سوور بێت کە هەلومەرجێک ئامادە بکات کە لەودا چاوپۆشی لە قازانجی کەسیی کارێکی بەسوود بکرێت. جەنایەتکارە بچووکەکان تەنیا نەریتی یاریی قازانجویستەکان تێک دەدەن. بەڵام هەر ئەم نەریتە یارییەیە کە شیاوی نەحلەت و نفرینە.

## سەرنجدانی ڕوانگە

**کا – مە** دەیگوت: ئەگەر هەوڵی کرمی ئاوریشم لە چنینی تانوپۆ بەومەبەستە بێت کە درێژە بە ژیانی کرمیی خۆی بدات، دەبێ بوترێ کە بە شێوەی سروشتی حەماڵە.

## سەبارەت بە گۆڕانی باری جسمی و ڕۆحی

لەنێو زۆربەی خەڵکدا، فکری کەسەکان دەگۆڕدرێت. سیاسەتمەدارێک بە ناوی **سی- یە** ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە هەرکاتێک ژمارەیەکی زۆر لە بیســـەرانی کۆ دەبنەوە، قســـەکانی بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەی کە لەماڵەوە خۆی بۆ ئامادە کردووە، جیاوازە. فەیلەســـووفێک بە ناوی **مین- هۆی** ئەوەی بە کردەوەیەکی دەروونی دەزانی و دەیگوت کە ئەو دڵەخورپەی کە لە سەرەتادا تووشی قسەکەرەکان دەبێت، هۆی ئەوەیە. وەهایشـــە کە تاوانبار زۆرجار بە ســـەختی لە فکرەکانی دادوەر دوور دەکەوێتەوە و ئەگەر نەتوانێ ئەم کـارە بکـات، وەک ئەوەیە کە خۆی لەگەڵ ئەواندا بووە بە هاودەســـت. تەنیا بەو هۆیەی کە دادوەرەکان ژمارەیان زۆرە (یان بەڕواڵەت نوێنەری ژمارەیەکی زۆرن).

## چیرۆکی فان- تسە

نووســـەرێک بە ناوی **فان- تســـە** و هاوکارەکەی چووبوونە کۆڕی ناشـتنی کەسـێکەوە. هاوکاری نووســـەرەکە لە ماتەمگرتوویی گۆڕەکە بێزار ببوو و لەوەی کە ئیدی نەیدەتوانی لەگەڵ کەســـە مردووەکەدا قســـان بکات غەم دایگرت و گوتی: منیش وەک تۆ باوەڕم بە بوونی خوداکان نییە، بەڵام مەگەر ناکرێ لە شـــوێنێکی ئەم جیهانەدا هێزێکی خودایی دەســـەڵاتی بەســـەر جیهاندا هەبێ؟ بە ڕای من بیرۆکەیەکی وا بێهودە نییە. **فان- تســـە** بێ ســـێودوو بەتانەوە وڵامی دایەوە: مەگەر ناکرێ کە لە شاری **پین- چائو**، لە چوارەمین کۆڵانی **فوکسینن** کەسێک بە ناوی ئاغای **لۆ** بژی؟ بە ڕای من بیرۆکەیەکی بێهودە نییە.

هەولێرنامەی کتێب

# قسەکانی جاڕچی

پاش ئەوەی جاڕچی جاڕی دا "بەرژەوەندیی گشتی لە پێش بەرژەوەندیی تاکەکەسییە" زۆربەی خەڵک وایانزانی سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کردووە. دەکرێ ئەم وتەیە بەم شێوەیەش بگوترێ: هەمان جەماوەری خەڵک وایانزانی کە بەرژەوەندیی گشتیی هەمان بەرژەوەندیی جەماوەری خەڵکێکە کە بڕیارە لەمەبەدووا، بەسەر بەرژەوەندیی ژمارەیەکی دیاریکراودا زاڵ بێت. بەم شێوەیە ئەم ڕستەیە ڕواڵەتێکی شکۆمەندی بەخۆ گرت. باوەڕی گشتی لەسەر ئەوە بوو کە جاڕچی بەزەحمەت بتوانێ قسەکەی بهێنێتە دی و ئابڕوو و متمانەیەکی پێ بدات. بەڵام بەزوویی دەرکەوت کە زەحمەتێکی ئەوەندە زۆریشی وەئەستۆ نەگرتووە. بەو شێوازەی کە ئەم کەسە، ژمارەیەکی دەوڵەمەندی ناچار نەدەکرد کە بەتەنیایی، یان بە ڕێژەیەکی پتر بەرژەوەندیی زۆرینە لە پێشەوەی بەرژەوەندیی گشتی دابنێن، بەڵکە ڕاست لە جەماوەری خەڵکی دەویست کە تاک تاکیان بەرژەوەندیی گشتی لەپێش داهاتی خۆیانەوە دابنێن. کرێکار ناچار کرا جادە بۆ هەمووان دروست بکا و حەقدەستی تەواو وەرنەگرێت. جووتیاری کەمدەرامەت ناچاربوو گۆشت بۆ هەمووان بەرهەم بهێنێ و بە بەهایەکی کەم بیفرۆشێ و لەم جۆرە شتانە، ئێستا ئیدی دروشمە بەناوبانگەکە لە شکۆ کەوت. دەرکەوت کە کۆمەڵگە لە بارێکدایە کە چاوەڕوانیی قازانج تەنیا لە کەسێک دەکرا کە زیان بە کەسانی دی بگەیەنێت و هەرچەندە ژمارەی زیانلێکەوتووان پتر دەبوو، بەرژەوەندی تاک دەچووە سەرێ. هەرچەند کارخانە گەورەتر دەبوو، پارەیەکی پتریش دەچووە گیرفانی خاوەنەکەیەوە.

************

## کەش

**مەتی** ڕایدەسپارد: بۆشایی بە شێوازێکی بوونی ماددە بزانن.

## پێناسەی ڕامان

**مەتی** دەیگوت: ڕامان ئیشێکە کە پاش گرفتەکان و پێش لە کردەوە ڕوو دەدات.

## سەبارەت بە فەیلەسووفەکان

**ڕو** پرسـیی: ئایا لە کتێب دەدوێی، ئایا فەلسـەفە ئاکامی بیرکردنەوەیە و لە کتێباندا نووسـراوە؟ **مەتی** وڵامی دایەوە: نا، سـەرنج ئاکامی فەلسـەفە نییە. دەمەوێ رامانی زانسـتی بدوێین و ئەمەش ئیشـێکە کە لە کردەوەی کەسـەکاندا وەدەردەکەوێ. بابزانین ڕای خەڵک چییە؟ خەڵک دەڵێن: فڵان، یان فیسـار فەیلەسـووفن، فڵانە کەس وەک فەیلەسـووف لە دونیا ڕۆیشـت. ئەو، وەک فەیلەسووفەکان لە ژنەکەی دەدوێ، هەڵسوکەوتی فڵانی بەرانبەر بە وڵاتەکەی وەک فەیلەسـووفەکانە. **ڕو** گوتی: هەندێ جار خەڵک دەڵێن، فڵانەکەس وەک فەیلەسـووفەکان قسـەی بێمانا دەکات، قسـەکانی ڕوون نیین، بیر لە شـتی سـەیروسـەمەرە دەکاتەوە، تەوەزلە. **مەتی** پرسـیی: ئایا ئەمانە لای خەڵک جێگای ڕێزن؟ **ڕو** گوتی: نە، خەڵک بەسـووکی باسـیان دەکەن. **مەتی** گوتی: چـاکە، کەوایە ئێمەش ڕێزیـان لێ نـاگرین. بەڵام بـا بگەڕێینەوە بۆ دەسـتەیەکی دی کە لە دڵی خەڵکدان. جیاوازیی ئەم گرووپە لەگەڵ فەیلەسـووفەکاندا لەوەدایە کە بیرکردنەوەیان بەکردەوە دەکرێ و ڕێگا بۆ ئیشێکی بەسوود دەکاتەوە.

## سەبارەت بە بێگانە نەخوازراوەکان

**مەتی** دەیگوت: خاقانێک بە ناوی **مینگ** بە دابینکردنی خەرجییەکی زۆر هەزاران خاوەن هونەری بێگانەی هێنایە وڵاتەکەی خۆی. ئەمانە کە لە هەندێ پیشـەدا وەسـتا بوون کە لە وڵاتی ئەودا نەناسـراو بوون. هەمووان لە بوونی ئەم میوانانە خۆشـحاڵ بوون. سـیسـتمی وڵاتیش بە شـێوەیەک بوو کە تەنیا هونەرمەند لە بەرهەمەکەی خۆی سـوودمەند نەدەبوو، بەڵکو بە دارایی کەسانی دیشی زیاد دەکرد.

لە سـەردەمی ئێمەدا بێگانەکان دەردەکەن و بێگانە بە کەسـێک دەڵێن کە باوباپیرانی سـەردەمێک لە دەرەوەی سـنووری وڵات ژیابن. ئەم کارە بە شـێوەیەک دەکەن کە وەک بڵێی دەیانەوێ تا ئەو جێگای دەکرێ ژمارەیەکی زیاتر دەربکەن نەک ژمارەیەکی کەم. بە ڕای من سـکاڵای ئەم دەرکراوانە بەجێ نییە. لەبەر ئەوەی ئەوان بێ هیچ شـتێک چوونە نێو گۆڕەپانێکی کێبەرکێی ناهاوکێشـەوە. ئەوان لەم کێبەرکێیەدا سـوودمەند بوون، چونکە کارامەییان لە کارەکاندا پتر لە خەڵکی خۆیی بوو. دەرکردنیشـیان لەسـەر بنەمای ڕەنگی موویان شێوەیەک کێبەرکێیە بە ئامرازێکی نابەرانبەر.

بەڵام من، ئەم سـەرزەمینە تۆمەتبار دەکەم. وادابنێین ئەم بێگانانە پتر زیانیان گەیاندووە و بەرهەم و قازانجیان بۆ وڵات کەمتر بووە. باشـە، مەگەر لەم وڵاتەدا هەرکەس دەسـتی پێڕاگەیشـت پتر لەو قازانجەی هەیبووە، زەرەری نەگەیاندووە؟ ئەمە هەمان وڵاتە کە لەودا عەقڵی خراپە بەخزمەت دەگرێت و خراپەکار سـەمەر و قازانجی دەبێت، ئەگەر بەبێ زەرەرمەندبوونی کەسانی دی قازانجێک لە عەقڵ بەدەست دەهات و ئەگەر بۆ خراپە خەڵاتیان دانەدەنا و خێرخوازی سزای نەدەدیت، ئەوکات پێویست نەبوو خەڵکی بەئاوەز دەربکەن. ئەوکات هەوڵیان بۆ ڕاگرتنیان دەدا.

## مەتی و گێڕانەوەی داستانی خراپەکارەکان

کەســـێک لە **مەتی** پرســـیی: دەڵێن تۆ بە تامەزرۆییەکی تایبەتەوە چیرۆکی خراپەکارەکان دەگێڕیتەوە و لەم کاتانەدا دەبینرێت کە چۆن زۆر و فێڵبازیی ئەم جۆرە خەڵکە وەشـادیت دەخات، ئایا ڕاسـت دەڵێن؟ **مەتی** لە پارێزگاری لە خۆی وەهای گوت: فریودان و دەســـەڵات چێژم پێ دەبەخشـــن، ئێســـتا کە ئێوە وڵاتێکتان هەیە کە خەڵکی زۆردار و هۆشـــیار دەتوانن ڕێگای شـــەرارەت بدۆزنەوە، ناچار منیش دەبێ لە جێگایەک کە زۆر و فێڵ و تەڵەکە بۆ داوبازی بەکار دەبرێت چێژیان لێ وەربگرم. ئێســـتاش چاکســـازیی هەڵســـوکەوتی من لەدەســـت ئێوەدایە، بەڵام نامەوێ لەچێژی خۆم بێبەش بکرێم.

## هۆگریی خوێندەوارەکان بە شۆڕشەوە

**فە- هو- وانگ** پرســـیی: جگە لە هۆگریی گشـــتی، خوێندەوارەکان چ قازانجێک لە شـۆڕش دەبەن؟ **مەتی** لە وڵامدا گوتی: بۆ نموونە، دوکتۆرەکان لەبەرچـاو بگرن، هەموو دەزانین کە ژمـارەی دوکتۆرەکـان لەبەر ئەوەی داهاتیان زۆر بێت زۆرە. بەڵام ئەم ژمارەیە بۆ ئەوەی کە چارەســـەر بە چاکی ســـەر بگرێت کەمە. زۆربەی دوکتۆرەکان زۆر جار بێکارن. بەڵام هەرئەمانە ناچار بوون ئیشی خوێندنیان لە چەند ساڵدا چڕ بکەنەوە و بەپەلە و ڕووکەشـــانە بە کۆتای بگەیەنن. داهاتی ئەو دوکتۆرانەی کە نەخۆشـــی پتریان هەیە لەوانی دی کەمترە، چونکە زۆربەی نەخۆشـەکان کەمدەرامەتن. خەڵکی کەمـدەرامەت زۆرتر نەخۆش و کەمتر چـارەســـەر وەردەگرن، دوکتۆرەکانیان کاتیان نییە پەرە بە زانستی خۆیان بدەن. ئەوەندە ســـەرقاڵی ڕەوشـی نادروسـتن کە بە فێربوونی ڕەوشـی چاکتر ڕاناگەن، سـەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان، بڕیاری ســـەرەکی فرۆشـــیارەکان دەیدەن. ئەو

دەواودەرمانانەی کە پێشـــنیار دەکرێن، بەکەڵکترینیان نین، گرانترینیانن، خراپتر لە هەموو ئەمانە دوکتۆرەکان بۆ بەرگری لە نەخۆشییەکان کاریگیان لەدەست نایەت. کارگەریەتیی دوکتۆرەکان بەسەر دامودەزگا حکوومیەکاندا تا ئەوجێگایەیە کە کارێک بە قازانجی چەوســێنەرەکان بکات. هەندێک جار ئەم کارە بە ڕێوشوێنێک دەکرێ کە بە قازانجی خەڵکە، بەڵام پلانەکانی دیکە بە هەمان ڕادە و بگرە پتریش بە زەرەری خەڵک تەواو دەبێت.

دوکتۆرەکان دەڵێن هەموو نەخۆشەکان بۆ ئێمە یەکسانن. نەخۆشێک کە دەچێتە ژێردەستی دوکتۆر. گیانلەبەرێکە دوور لە ژیانی ڕاستەقینە، گیانێکی بێ ئیش و بێ ڕابردوو و داهاتوویەکی دیار. کەس ســـەرنجی هۆکانی نەخۆشـــی نادات، لە چاکترین باردا، خودی نەخۆشـــێک کە ئاگاداری ئەو هەلومەرجەیە کە خەڵک نەخۆش دەخات، چارەســـەر دەکرێت، پێگەی دوکتۆر لە شـــەڕدا بە باشـــترین شـــێوە دەردەکەوێت. ئەمانە ناتوانن هیچکارێک بۆ بەرگری لە شـــەڕ بکەن، تەنیا دەتوانن ئەندامی لێکهەڵوەشاوە دیسان وەسەریەک بخەنەوە. لە شارەکانی ئێمەدا شەڕ هەمیشە بەردەوامە.

## بەهرەکێشان لە زەوی و چەوساندنەوەی ئینسان

**می – ین – لە** دەیگوت: لە ســـەردەمانی کۆندا مرۆڤ دەبوو بۆ سوودوەرگرتن لە زەوی، خۆی و کەسانی دیکەشی بخستایەتە کار، ئەمڕۆ سوودوەرگرتن لە زەوی ئاسانتر بووە. بەو واتایە کە مرۆڤێکی ئەوتۆ ئەمڕۆ زەوی بەکار دەهێنێت تا مرۆڤەکانی دی بچەوسێنێتەوە.

کۆتاییهێنان بە چەوساندنەوەی مرۆڤ بەوە بەستراوەتەوە کە بە چ ئاسانکارییەک ســـوود لە زەوی وەربگیرێت. ئەگەر چەوســـاندنەوەی مرۆڤ لە ســـەردەمانێکدا کە هێشـــتا ســـوودوەرگرتن لە زەوی زۆر

ئەســـتەم بوو، کۆتاییی پێ هاتبا، برســـیەتی و مەرگی لێ دەکەوتەوە. خـاوەن ئـامێرەکـانی کـار و بەکرێگیرانی خەڵـک بۆ درێژەدان بە چەوســاندنەوەی خەڵک دەیانەوێت تەنانەت ســوودوەرگرتن لە زەویش ســنووردار بکەن. ئەوانەی کە دەڵێن: ئەگەر چەوســـاندنەوەی مرۆڤ شـــیاوی کۆتاییهاتن بووایە، تا ئەمڕۆ بەردەوام نەدەبوو لەهەڵەدان. تەحەممولکردنی چەوســـاندنەوە هەموو کاتێ تاقەتپڕووکێن بووە، بەڵام تێکدانی چەوسانەوە هەموو کات مومکین بووە.

## ئەوەی لە تواناماندایە بیکەین و بەشی سروشتیش بۆ خۆی بێڵینەوە

لە وڵاتی **تســن،** شــەڕێکی قورس لە نێوان دەســتە و تاقمێکی زۆردا هەبوو. **می- ین- لە** ڕەگەڵ کرێکارەکان کەوت، چونکە وایدەزانی کە تەنیا ئەم گرووپە دەتوانێ یارمەتی وڵات بدات. ئەمانە لەتوانایاندا بوو گەورەترین هەوڵەکان بخەنەگەڕ و ئیشـــەکەیان پتر لە هەمووان کەڵکی بە خەڵک دەگەیاند. **می** گوتی: ئەگەر تەنیا جووتیارەکان دووقات هەوڵ بدەن تەنیا هەندێ پتر لە پێشــتر بەرهەمیان دەبێت. بەڵام ئەگەر گاســن بە ڕادەی پێویســـت ئامادە بکرێت ئاکامێکی باش وەدەســـت دێت. دەبێ بزانرێت کە ئەوکات دوو جۆر گاسن هەبوو. یەکێک بە شێوەی کۆن لە دار بوو و جۆرەکەی دی لە کارخانە گەورەکانی دەســـەڵاتدارەکان لە ئاســـن دروســـت دەکرا. بەڵام ڕێژەی گاســنە ئاسـنینەکان کەم بوو و نرخەکەی زۆر و قازانج لەوەدا بوو کە لە ئەســپی ببەســتن و لە کێڵگە گەورەکاندا بەکار بهێنرێن. بەڵام گاسنە دارینەکان جووتیارەکان خۆیان دروســتیان دەکرد و خۆشـیان رایاندەکێشـا، هەربۆیە بەباشـی زەوی نەدەکێڵرا. جووتیارە فەقیرەکان ئەم گاســـنانەیان بەکار دەبرد. کێڵگەی ئەمـانە ئەوەنـدە بچووک بوو کە داهـاتی بنەمـاڵەکەی دابین نەدەکرد،

زۆرجار ناچار دەبوون لە کێڵگە گەورەکاندا بە کرێگرتەیی کار بکەن. زۆرێک لە منداڵی جووتیارەکان دەهاتنە شـــارەکان و لە کارخانەکان و کارگەکاندا بەدوای کاردا دەگەڕان. بەڵام شـــارەکان تەنیا هەندێک لەو خەڵکەی کە گوند بێداهاتی هێشتبوونەوە تێر دەکرد. گاسنە ئاسنینەکان داواکاری زۆریان نەبوو، یەکەم بەهۆی ئەوەی ژمارەی کێڵگە گەورەکان کەم بوو و لە لایەکی دیکەشـەوە خاوەن سـەنعەتەکان نرخەکەیان بەرز ڕادەگرت. ئەمان قازانجی خۆیان بە فرۆشتنی گاسنەکان زیاد نەدەکرد، بەڵکو پتر زۆریـان بۆ کرێکـارەکـان دەهێنـا و لە مـافی ئەوانیـان کەم دەکردەوە. هرووژمی جووتیارە فەقیرەکان بۆ شـــارەکان ببووە هۆی هەرزانی و فراوانیی کرێکار. نەداری و دەســـتکورتییەکی کوشـــەندە بەسەر ژیانیاندا زاڵ بوو.

ئاسـنگەرەکان بە یارمەتی **می- ین – لە** خاوەن کارخانەکانیان دەرکرد و دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت. جووتیارە فەقیرەکان لە خەبات دژ بە خاوەن کارخانەکاندا یارمەتی کرێکارەکانیان دا. ئێســتا ئاسـنگەرەکان بە یارمەتی جووتیـارەکـان ئەربـابەکـانیـان دەرکردووە. جووتیـارە فەقیرەکـان، پـاش دەرکردنی ئەربابەکان، زوو ئەو زەویانەی دەستیان کەوتبوو لەنێو خۆیاندا دابەش کرد. بەڵام پاش ئەوەی **می- ین- لە** لەگەڵ کرێکارەکاندا حکوومەتی گرتەدەست، ڕێک پێچەوانەی ئەوەی کرد.

هەروەک ئەوەی کە کارخانەکانیان دابووە کرێکارەکان، زەویشـــیان دایە جووتیارە فەقیرەکان. بە هەرکەسـەو بەو ڕادەی کە بتوانێ بەتەنیا کاری تێدا بکات. لەم ڕێگایەوە تەنانەت ژمارەی ئەو کێڵگە بچووکانەی کە بەکارهێنانی گاســـن تێیاندا بەقازانج نەبوو، زیادی کرد. تەنیا چەند کێڵگەیەکی گەورە لە لایەن **می- ین- لە** و شاگردەکانیەوە کاری لەسەر دەکرا.

فەیلەسـووفێک بە ناوی **سـا** بەتوندی سـەرکۆنەی **می- ین- لەی** دەکرد و دەیگوت: ئەویش وەک ئەوانی دی وایە، یادەوەرییەکان لاواز دەکات و بەئامانج گەیشـتووە، فەرامۆشـکار دەبێت. **می- ین- له** له وڵامدا دەیگوت: من هەندێک ئەزموونم فێری ئێوە کردووە. قسـەکانی منتان بیسـت، لە کردەوەدا تاقی بکەنەوە. **می- ین- له** بەهەموو ئەوانە پێدەکەنی کە لایان وابوو بە ئەمرێکی یەکڕۆژە دەکرێ جێگای بەڵایەکی هەزارساڵە ئاوەدان بکرێتەوە و ڕێگای خۆت بگریەبەر.

پاش ماوەیەکی کورت دۆخەکە وای لێ هات کە ئاسـنگەرەکان، پاش دەرکردنی چەوسێنەرەکان، ئەوەی لە توانایاندا هەبوو و بەبێ سـەرنجدانە نرخ، گاسـنیان دروسـت کرد. خاوەن زەوی و ئاویش دەرکرابوون و کێڵگەکانیان کەوتبووە دەسـت دەوڵەت، یان ژمارەیەکی بێشـوماری وردەمالک بەرهەم دەهێنرا. هەندێک لە جووتیارەکان زەوییەکی پتر و ئەسـپیان بۆ کێڵانی زەوییەکان هەبوو. بەڵام بۆ ئەوانەی کە زەوییەکەیان پانتاییەکی زۆری نەبوو، کڕینی گاسن بەقازانج نەبوو. جووتیارە فەقیرەکان ئەسـپیان نەبوو و برسـی بوون. ئەمانە بەناچاری لە کێڵگەی جووتیارە زەنگینەکاندا کاریان دەکرد و لە بەرانبەردا کرێ، یان ئەسـپی ئەوانیان بەقەرز وەردەگرت. بەزوویی نارەزایەتیی جووتیارە فەقیرەکان پەرەی سـەند و ئەم بێزارییە داوێنی جووتیارە دەوڵەمەندەکانی گرت. **می- ین- له** هەوڵی چارەسـەرکردنی ئەم نارەزایەتییەی نەدا و تەنانەت ئاگرەکەشـی خۆش دەکرد. کرێکارەکان کەسـانێکیان ناردە گوندەکان تا لە دەسـتە و گرووپی گەورەدا کۆ ببنەوە و تا ئەو جێگایەی دەکرێ زەویی زیاتر بخەنە سـەریەک تا بەکارهێنانی گاسـن لەواندا بەکەڵک بێت. گاسـنیان بەقەرز بۆ ئەوانە نارد کە پەیڕەوییان لێ کردن. بەڵام جووتیارە دەوڵەمەندەکان دەبووا ڕابوەسـتن تا گاسـن بکڕن و دەبووا نرخەکەش بە نەخت بدەن. کرێکارەکان بە خەیاڵێکی ئاسـوودەوە دەیانگوت: ئێمە و جووتیارە

فەقیرەکان یەکمان گرت. ئێمەش هەرکامەمان ئاچەر و کەرستەی بەجیامان نییە. ئەگینا نەماندەتوانی گاسنی ئاسنین دروست بکەین. دروشمی **می-ین- لە** ئەمە بوو کە: ئێوە زەویتان وەرگرت کە خەلە بەرهەم بێنن، ئێستا زەویەکان بدەن بە خەلە. مەبەست ئەمە بوو کە ئەگەر ئێوە پارچەزەوییە بچووکەکانی خۆتان بدەن، گەنمێکی پتر وەدەست دەهێنن و ئەمەش ڕاست بوو. ئەوەندەی نەخایاند کە کێڵگە گەورەکان وەڕێ خران. گەلێک گەورەتر لە کێڵگەی ئاغاکانی کۆن. پاش ماوەیەک جووتیارە ناوەنجییەکانیش بەناچار چوونە پاڵ کێڵگە گەورەکانەوە، چونکە ئیدی کەس نەدەبووە کرێگرتەیان و زەوییەکەشیان بەرهەمێکی وای نەدەبوو، چونکە گاسنی دارین زەویەکەی بەباشی نەدەکێڵا.

بەم شێوازە **می- ین- لە** بەرنامەکەی جێبەجێ کرد. بە شێوەیەک کە ئەوەی گونجاو و مەیسەر بوو کردی و لێ گەڕا سروشتیش کاری خۆی بکات.

## ئەوانەی لە کەموکووڕییەک دەناڵن، بەبێ ئەوەی لە هۆیەکانی چارەسەرکردنی بکۆڵنەوە، لەوانەیە زیانبەخش بن.

قەد نابێ پێش بە کەسێک بگیرێ کە نیگەرانیی خۆی لە کەموکووڕییەکی لەقەرەبوونەهاتوو دەردەبڕێ. زۆرجار وایە کە چارەسەریی کارێ بە زەینی بەڵالێکەوتوودا نایەت. ئەمانە بە دەنگ و هاواری خەمباری سکاڵای خۆیان پەرە بە گوژمی کردەوە و زۆربوونی لایەنگرانی کەسانێک دەدەن کە ڕێگەچارەکە دەزانن. بەڵام گرفتێ کە بەڕواڵەت لەچارەنەهاتووە، نابێ خەمبارمان بکات، ئەگینا سکاڵای ئێمە زات و بوێری لە چەوساوەکان دەگرێت و ئاو لە ئاشی جێبەجێکەرانی کەموکووڕییەکان دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر ماڵوێرانی بەهۆی بارێکی تایبەتی و خاوەنداریەتییەوە هاتبێتە پێش و کەسانێک هاوار بکەن کە ئەم هەلومەرجە هەمیشەیی و تاهەتاییە. ناڕەزایەتییەکی وا لای

ئەوکەســانەی کە موڵک وماڵیان بەڵاهێنەرە، ئەو بیرکردنەوە خوازراوە دێنێتە بەرهەم و ئەوە یاســای ســروشــتە کە بەدەســتی ئەوان جێبەجێ دەکرێ. بەم شــێوەیە دەبنە بەفر بەســەر ســەرمابردەڵەکانەوە و دەبنە بوومەلەرزە بۆ ئەوانەی کە زەوی لەژێر پێیاندا دەلەرزێ، واتە ئەمانە دەسەڵاتی زاڵمی سروشتن کە بە دەستی مرۆڤ کۆتاییی پێ نایە.

## گرفتی دیاریکردنی زۆر

ئەمڕۆکە زۆرکەس ئامادەن بەرەنگاری زوڵمێک بنەوە کە لە بێپەناکان دەکرێ. بەڵام داخۆ ئەمانە دەتوانن زوڵم بناسنەوە؟ دیاریکردنی هەندێک زوڵم ئاســانە، کاتێک بەهۆی شــێوەی بیچمی لوت، یا ڕەنگی موو خەڵک ئازار دەدەن، لەوکاتانەدا نواندنی زۆر بۆ زۆرێک ئاشـــکرایە. هەروەها کاتێک کەســـانێک لە زیندانی بۆگەن دەئاخنن. بەڵام مەگەر جگە لەوەیە کە ئێمە لە دەوروبەری خۆماندا کەســـانێکی لەڕ و لاواز دەبینین کە دەڵێی بە قەمچی ئاسنین شەلاقکاری کراون، کەسانێک کە لە سی ساڵێدا ســیمای پیرێکی حاڵپەرێشــانیان هەیە. بەڵام زوڵم و ســتەم لە کوێیە؟ کەسانێک بە ساڵان لە کۆلێتگەلێکدا دەژین کە لە زیندان خۆشتر نییە و بواری رزگاربوون لێیشـــی پتر لە رزگاربوون لە زیندان نییە. بەڵام کوا زیندانبانێک لە بەردەم ئەم کۆلێتەدا وەستابێ؟ ستەمدیتوانێکی ئەوتۆ کە گەلێک زۆرترن لەو کەسانەی کە لە رۆژی ئاساییدا ئەشکەنجە دراون، یان لە زیندانێکی ناسراو ئاخێندراون.

## قایمکاریی لە پاراستنی ئەزمووندا

**مەتی** دەیگوت: ئەزموونەکانمان زۆرجار خێرا دەبنە بڕیار و فەرمان، فەرمانەکانمان لەبەرچاوە و وادەزانین کە هەمان ئەزموونن. هەڵبەت ئەوەندە بڕوا بە فەرمان ناکرێ، کە بە ئەزموون هەیە. شێوازێکی تایبەت پێویستە بۆ تازەهێشتنەوەی ئەزموونەکان بە شێوەیەک کە هەمیشە بتوانرێ بڕیارێکی نوێی لێ بەدەست بهێنرێ. **مەتی** دەیگوت، دەکرێ چاکترین ئەزموونەکان بە تۆپەڵەبەفرێ بشوبهێنین کە لەوانەیە ئامرازێکی چاک بێ و لە هەمان کاتدا ناتوانرێ ماوەیەکی زۆریش رابگیرێ، و بۆ نموونە لە گیرفانیشدا نامێنێتەوە.

زۆرێک دەیانگوت، **می- ین- لە** لە کردەوەدا، پیاوێکی مەزن بووە بەڵام **لە.پە** یان بە فەیلەسووفێکی گەورە دەزانی. **مەتی** دەیگوت: کردەوەی **لە.پە** سەلماندی کە فەیلەسووفێکی گەورە نەبووە، کردەوەی **می- ین- لە** پیشانی دا کە فەیلەسووفێکی گەورە بووە. **می- ین- لە** لە فەلسەفەدا کردەیی و لە کردەوەشدا فەلسەفی بوو.

**می- ین- لە** بەر لە دامەزراندنی ئەنجومەن لە وتووێژە گشتییەکاندا بەشداریی دەکرد. پاش ئەوەی کە بیروڕاکان بە ڕادەی پێویست هاوئاراستە بوون، ئامادەکردنە سەرەتاییەکان بە ڕادەی پێویست پێش کەوتن. بەو کەسانە پێدەکەنی کە هێشتا خەریکی وتووێژە گشتییەکان بوون و خۆی بە یەکجاری تەرخانی پەرەپێدان و کامڵکردنی ئەنجومەن کرد. بەڵام زۆرجار وادەبوو کە هێشتا مەسەلەکان نادیار و بیروڕاکان (هەرچەند پەیوەندیی بە کاری رۆژانەوە هەبوو) لەگەڵ کاری ڕۆژانەدا یەکانگیر نەببوو و بە ڕادەی پێویست یەک ئاراستەی نەگرتبوو. ئەوکات **می- ین- لە** دیسان بەشداریی لە وتووێژە گشتیەکاندا دەکرد. بەڵام ئەم کارە تەنیا لەپێناو چاکسازیی کردەوەدا بوو. کەسانێک هەن کە ژیانیان

لەپێناو کۆکردنەوەی بیروڕادا دەوێ، بەڵام **می- ین- لە** بیروڕاکانی بۆ ژیان دەویست. ئەگەر وابزانین فەیلەسووف کەسێکە کە بۆ فەلسەفە دەژی، کەوایە **می- ین- لە** فەیلەسووف نەبوو. بەڵام تەنانەت بیرکردنەوەیەکی واش بەلای ئەوەوە فەلسەفە نەبوو.

**مەتی** دەیگوت: دەکرێ باسی گشتی بکرێت، وەک باڵندەیە کە لە خاکی گەرم بەرەو ئاسمان دەفڕی، یان وەک بایەقووشێک کە باڵ دەگرێتەوە تا کەروێشکێک ببینێ و بدا بە سەریدا.

## بەرپرسیاریەتی خەڵک

**مەتی** بیستی کە کەسانێک دەڵێن: لە وڵاتی ئێمەدا ناکرێ خەڵک بە بەرپرسی تەواوی ئەو کارانە دابنرێ، کە دەیکەن. ئێمە ناتوانین خەڵک لە ڕووی کردەوەکانیانەوە بە چاک، یان خراپ بزانین. هەندێ جار هەلومەرجێک دێتە پێشەوە کە خراپەکاری و ئاژاوەیەک لە کەسێک ڕوو دەدات. سەرەڕای هەموو ئەمانە ناکرێت ئەو کەسە بە شەڕەنگێز بناسرێ. ئێمە دزەکان لە پۆلیس دەشارینەوە، چونکە ئەمانە، زۆرجار بۆ تێرکردنی سکی خۆیان دزی دەکەن، سەبارەت بە هەندێک شەڕەنگێز دەبێ بگوترێ کە کارێکی چاکتر نازانن. ئێمە لەو بڕوایەداین کە ناکرێ لە هیچکەس پتر لەوەی کە هەیە چاوەڕوان بکرێت.

**مەتی** گوتی: وادیارە ئەو کەسانەی کە ئێوە بەو شێوەیە چاوپۆشییان لێ دەکەن داهاتیان زۆر کەمە، کەم داهاتتر لە ئێوە و لەوانەشە ئێوە و ئەوان کەمترتان هەبێت لە کەسانی دی؟ ئەم زێدەی ئێوە چ وڵاتێکی پەشێو و پەرێشانە. بۆ چاککردنی چ دەکەن؟ **مەتی** هەندێک بیری کردەوە و درێژەی دایە: هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ئێوە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بە ناتەواو دەبینم. بەم

شـــێوەی کە ئێوە دەریدەخەن بابەتی کاری ئێوە بێدەرەتانەکانن. کەوایە تکـایە فێریـان کەن ئەگەر گرفتـاری نەدارین، بـا بە زۆر مـافەکەیـان وەربگرن. چۆنە کە قســـەیەکیش لەوانە بکەن کە هۆ و ســـەبەبکاری نەدارین. هەڵبەت ئێوە دەڵێن ئەمانە کارێکی باشــتر نازانن. کەوایە دەبێ ئیزنی بەبرەکانیش بدرێت ئازاد بن تا بگەڕێن، چونکە دڕندەییی بەبر بەهۆی ئەوەوەیە کە بە خواردنی گیا رانەهاتووە. وادیارە لەچاو ئێوەوە دادوەرەکانیش بێتاوانن کە بڕیارێک بۆ ئەو کەســانە دەردەکەن کە ئێوە دەیانشــارنەوە، هەمان ئەو کەســانەی کە دزییان کردووە یان، خەڵکیان بۆ ڕاپەڕین هـان داوە تـا چـارەی بێچـارەییەکـان بکەن. هەمـان ئەو بێچارەییانەی کە لە ئاســمانەوە نەهاتوون بەڵکو دروســکراوی دەســتی مرۆڤن. قانوون ئەمر دەکا و کاری دادوەریش ناچارییە و ئەگەر نەیکات برســـی دەمێنێتەوە. هەنـدێـک هەن کە ژیـانیـان بە کـارخـانەداری دەگوزەرێت. کارخانە کۆی کەرستەی کارە کە بەبێ ئەوانە، کەسانی دی ناتوانن کار بکەن. دابینکردنی داهاتی کارخانەدارەکان بەم شـــێوەیە کە ئەو کەرســـتەی کارەی کە هەیانە بە نرخێکی گران دەدەنە ئیجارە تا کەســانی دی مەجالی کاریان بۆ بڕەخســێ و وێ دەچێ چونکە بابیان ئەوانی کردووە بە کارخانەدار خۆیان تاوانیان نییە. ئەمانە بێتاوانن و نـاکرێت یەخەیـان بگیرێ، بەڵام بەهۆیـانەوە کەســـانی دی برســـی دەمێننەوە. کـارخـانەدارەکـانی ئێوە ویژدانێکی ئـاســـوودەیان هەیە لە کاتێکدا دەبووا ویژدانیان ناڕەحەت بووایە. هەڵســـوکەوتی ئێوە لەگەڵ ئەم جۆرە کەســـانەدا وەک ئەو مرۆڤـانەیە کە گەلێـک خێرخوازن و ویژدانێکی ئاسوودەیان هەیە. بەکورتی: ئەم قسانە چارەی دەرد نیین.

## سەبارەت بە پێویستبوونی ئەخلاق بۆ کۆمەڵگە

کاتێک بە خراپی نەخشـەی شـەڕێک داڕێژرابێ و بە بەراورد لەگەڵ ئەو توانایەی کە هەیە ئامانجەکەی گەلێک گەورە و شـێوەی جێبەجێکردنیشـی کەموکووڕیی تێدا هەبێ، لەوکاتەدا سـەربازەکان دەبێ لە ڕادەبەدەر بوێر بن، دەبێ سـەربازەکـان لەو ئەسـتەمیەی کە لە نەزانیی سـەرکردە سـەربازییەکان ڕووی داوە بە زانایی و بوێرییەکی لە ڕادەبەدەر شـتێک بهێننە ئاراوە.

داستانی ئەخلاقیش بەم شێوەیە. نان و شیر گرانە و دەست ناکەوێت و دەسرەنجی کار کەمە و یان خەڵک بێکارن. لێرەدایە کە دەبێت نەداری لەگەڵ ئەخلاقدا ئاوێتە بێت، تا نەدارەکان دزی نەکەن. لە هەلومەرجێکی وادا دەبیسـتین کە دەوڵەمەندەکان لایەنگری لە ئەخلاق دەکەن و دزی ناکەن و تەنانەت لەنێو خۆشـیاندا ڕاوەدووی ئەوکەسـانە دەکەن کە دزییـان کردووە. مەگەر ڕاوەدوونـانی دز بەڵگەی لایەنگری لە ئەخلاق نییە؟ نـا، نییە، نـابێ بگوترێ ئەمـانە لایەنگری ئەخلاقن. چونکە هەر بـارودۆخێـک بۆخۆی ئەخلاقێکی هەیە کە دەبێ لە پلەی یەکەمـدا لەبەرچاو بگیرێت و دەبێت ئەو دەستوورە ئەخلاقیانەی دی کە تا ئێستا باو بووە و ئێسـتا ڕێگرە، وەلابنرێ. لە هەلومەرجێکدا کە ئاماژەمان پێدا تەنیا کەسـێک دەتوانێ لافی لایەنگری لە ئەخلاق لێ بدا کە تایبەتمەندییە باشـە ئەخلاقییە سـەرسامکەرەکان بە پێویسـت نەزانێ. واتە کارێک بکا خواردەمەنی بۆ هەمووان هەبێ. بەگشـتی دەکرا بەڕاسـتیی بگوترێ، لەهەر وڵاتێکدا پێویسـت بە لەبەرچاوگرتنی توندی ئەخلاق هەبێ، ئەو وڵاتە بەدەستی کەسانی لێنەهاتوو ئیدارە دەکرێت.

## سەبارەت بە نرخ و گرنگیی دادپەروەری

لە هەندێک وڵاتدا زۆر بە باڵای دادپەروەریدا هەڵدەڵێن. دەکرێ گومان لەوە بکرێ کە لەم وڵاتانەدا، جێگیرکردنی دادپەروەری کارێکی زۆر ئەستەمە. زۆربەی خەڵک ناتوانن بەشداری لە ئیشی فەرمانگەی داددا بکەن، بەهۆی ئەوەی کە ئەوەندە فەقیر و بیچارەن کە ناتوانن دادپەروەر بن یان هیچ لە ئینساف تێ ناگەن جگە لە یارمەتیدانی خۆیان نەبێ. بەڵام ئەو دادپەروەرییەی کە مرۆڤ بۆ خۆی دادوەری دەکا، کەمبایەخ دێتە بەرچاو. زۆرکەم پێش هاتووە کە ئەم سەرکوتکراوانەی کۆمەڵگە لەبەر عەشقێک کە بۆ دادپەروەری هەیانە، دەستخۆشانەیان لێ کرابێ. ئەوەی ئەمانە کەمیان لێی هەیە لەخۆبردووییە و چۆن لەخۆبردوو بن لە کاتێکدا خۆیان فەقیر و سەرکوتکراون. ویستی دادپەروەریی کەسانی دی ئەو ڕەشبینییە دروست دەکا کە لەوانەیە ئەمانە تەنیا لەم کاتەدا لە ئاسایشدا بن، بەڵام لە هەوڵی دابینکردنی حەوتوو و ساڵانی داهاتوون. هەندێک کەسی دی لەو ترس و دڵەڕاوکێیەدا دەژین کە نەوەک ئەو هەلومەرجەی کە دابینکەری تێریی بەردەوامیان بووە، لە ئاکامی ڕاپەڕینی سەرکوتکراوەکاندا تێک بچێت. هەندێکی دی پارێزگاری لە مافی کەسانێک دەکەن کە دەیانەوێ لە داهاتوودا بیانچەوسێننەوە.

لە وڵاتانێکدا کە بە چاکی بەڕێوە دەبرێن دادپەروەرییەکی لەڕادەبەدەر پێویست نییە. لەو شوێنانەدا خوازیاربوونی جێبەجێکردنی دادپەروەری بەبێ دادگەری نادۆزرێتەوە. هەروەها ئەوەی دەناڵێنێت دەردی نییە. لەم وڵاتانەدا چەمکی دادپەروەری دەستکردە و بە شێوازێکی بەکەڵک دەگوترێ کە قازانجەکانی خەڵکی جیاواز هاوئاهەنگ بکا و بەیەکەوە بیگونجێنێ. گونجاندنی دادپەروەری بەرچاو دەبێ. خەرجی زۆر هەڵدەگرێ و بۆ ئەو کەسانە و بنەماڵەکانیان کە نادادپەروەرییان گران دەکەوێ.

## وێرانكارییەک کە فێرکارییە

پاش ئەوەی کە زەحمەتکێشـــەکانی وڵاتی **ســـو**. ئاغاکانیان ڕاونا و دەســـەڵاتیان گرتەدەســـت، کـارەکـان برەوی چاکی ســـەند. ئیدی کارخانەدارەکان لە کیسەی ئەو کەسانەی کە قازانجی کەرستەی کاری ئەوان بوون پارەیان بەدەســـت نەدەهێنا و کەرســـتەکانی کاریان بە ژمارەیەکی زۆر دەنارده هەر جێگایەک کە دەســتی مرۆڤ لەکاردا بوو. لەبەر ئەوەی کە دەبووا فێری کـارکردن بە کەرســـتە تـازەکـان بن و خەڵکی شـــارەزایان نەبوو، کەرســـتەیەکی زۆر خراپ دەبوو. هەر زوو خەڵـــک دەنگیـــان بەرز بووەوە کە ســـەرەتـــا فێری کـــارکردن بە کەرستەکانمان کەن پاشان بۆمان بنێرن. **نی- ین** کە شاگردی **می- ین- لە** بوو، بەرگریی لەم کارە دەکرد. دەیگوت: پیاو کاتێ چاک فێر دەبێ کە ئیشـــەکەی خراپ بکا. مەبەســـتی لە چاک، هەمان خێرا بوو، چونکە کات بەدەستەوە نەبوو.

جارێکیان ئاســـنگەرەکان مشـــارێکی تازەی زۆر بڕندە و تیژیان بۆ داربڕەکانی ســنووره دوورەکان، کە تا ئەوکات بە تەور داریان دەبڕییەوە، نارد. داربڕەکان بڕوایان بە مشارەکە نەبوو. ســەرەرای ئەوە دەســتیان بە بڕینەوەی ئەو دارە باریکانەی کە چێوی نەرمیان هەبوو، کرد. وەک بڵێی مشـــار لە ماســت بدەی، بەنەرمی بڕییەوە. داربڕەکان حەپەســـان و داری قەبەتریان کە چێوی نەرمی هەبوو هەڵبژارد. پاش ئەوەی کە ئەم بڕینەوەش بە ســـەرکەوتوویی کرا، چوونە ســـۆراخی ئەو دارە باریکانەی کە چێوی ســـەختیان هەبوو، پاشـــان دارە ئەســتورە چێوســـەختەکانیان بڕی. هەموو جارێک دەمی مشـــارەکە بەئاســـانی دەیبڕی و تێ دەپەڕی. داربڕەکانی سەرمەست لەم هەموو توانایيە بەسوودە، کۆلکەی رەگی کۆنترین داریان هێنا و مشـاریان لەســـەری تاقی کردەوە، بەڵام ئەم جارەشـیان مشـارەکە

بەباشـــی کاری دەکرد و گەلێک گەرم ببوو، بەوەشــــەوە توانییان ئەم کۆلکەدارەش شــەق بکەن. داربڕەکان کە لەخۆبایی ببوون مشــارەکەیان لە بەردێکی گەورە گرت و بڕییانەوە، هەڵبەت مشارەکە شکا.

چەند کەسێکیان باروبنەی سەفەریان پێچایەوە و بە خەم و کەسەرێکی زۆرەوە هاتن ەلای **نی- ین** کە داوای مشــارێکی نوێ بکەن. بە شــەرمەوە گێڕایانەوە کە چۆن مشــــارەکە هاواری کرد و شــــکا. **نی- ین** پێکەنی و پرسـیی: شــارەزایەک لەگەڵ مشــارەکە نەهاتبوو؟ گوتیان بێگومان، ئێسـتا دێتەوە یادمان کە کاسانێک هاتبوون، **نی- ین** پرسیی: باشە ئەم شارەزایانە دەنگیـان نەکرد؟ گوتیـان: دەنگی مشـــــارەکە بەرزتر بوو. **نی- ین** گوتی: مشــــاری نوێتان پێ دەدەن. چونکە شـــێوازی ئێوەمان بەدڵ بووە. ئەگەر ئێمەش وەک ئێوە، بەردەوام کاری دژوارمان نەکردبا، هەرگیز نەماندەتوانی مشارێ دروست بکەین کە کۆلکەی ڕەگی سەختترین دار ببڕێ.

## زمانی بزوێنەکان لە ئەدەبیات دا

**مەتی** دەیگوت: **کین- یە**ی شــاعیر دەتوانێ شــانازی بەوەوە بکا کە زمانی ئەدەبیی نوێ کردووەتەوە. لە سـەردەمی ئەودا دوو شـێوە وتار باو بوو. یەکیان ڕازاوە و پۆشتەوپەرداخ کە شێواز و ئاهەنگی نووسینی هەبوو و خەڵکیش زمانی وایان نە لە پەیوەندیی کاری ڕۆژانە و نە بە بۆنەی دیکەوە بەکار نەدەهێنا. شــــیوەکەی دییان، زمانێک بوو کە لە هەموو شــوێنێک بەکار دەبرا و تەنیا لاســاییکردنەوەی قســەی ڕۆژانە بوو و هیچ شێوازێکی نەبوو. **کین- یە** زمانێکی بەکار هێنا کە سروشتی و شـــێوازی هەبوو. ئەو بە ســــەرنجدان بەو بارودۆخانەی کە گیانی ڕستەن، شێوەی وتاری خۆی دروست کرد. تەنیا کارێک کە کردی ئەوە بوو کە حاڵەتی دایە ڕســـتەکان و وای کرد کە حاڵەتەکان لە ڕســـتە دا

بەردەوام دیار بن. ئەو زمانەی بە دۆخدار ناوزەد کرد. چونکە دەربڕی بزووتن و بارودۆخی مرۆڤەکانە. ئەوکاتە ڕستەکانی بە باشترین شێوە دەخوێنرێتەوە کە هاوکات لەگەڵ جووڵەی تایبەتی لەشـــدا بگونجێ. بۆ نموونە، ئەو بزووتن و جووڵانەی کە خاکەڕایی، یان تووڕەبوون، یان باوەڕپێهێنان و ترســان و ترسـاندن وێنا بکا. زۆرجار لە بارودۆخێکی دیاردا (وەک ســـەرەخۆشـــی) حاڵەتگەلێکی زۆرتریش وەدەردەکەوێ (وەک، خەڵک بە شاهیدهێنانەوە، دوورەپەرێزی، بێویژدانی و هتد...) **کین** پەی بەوە برد کە گوتار کەرســـتەی ڕەفتارە و دەیزانی کەســـێ کە تەنانەت لەگەڵ خۆشی دەدوێ ڕووی لە کەسانی دیکەشە.

## بابەتێ لە ئاکاری مەزن
## (گرفتی نووسینی مێژوو)

ســـوڵتانی وڵاتی **وای** بۆ بەرگری لە لافاو بەنداوێکی دروســـت کرد. بەم بۆنەوە هەندێ لە نووســـەرەکان ســـتایشـــی ئەم ئەرکە مرۆڤانەی ئەویان کرد. ئەوان ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە بەزۆر، خەڵکێکی زۆری کە هیچ زەوییەکیان نەبوو تا لە لافاو بترســـن وەگەڕ خســـت و باجێکی قورســـی بۆ دروســـتکردنی بەنداوەکە وەرگرت. بە شـــێوەیەک کە وێ دەچوو بەنداوەکە تەنیا ببووە کەرســـتەیەک بۆ پارەوەرگرتن. هەندێکی دی لە مێژوونووســـەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە ســـوڵتانی وڵاتی **وای**یان ســــەرزەنشـــت کردووە. ئەمانە ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە بەنداوەکە بۆ بەرگری لە لافاو زۆر چاک بوو و ســـوڵتان بە زەحمەتێکی زۆر خەڵکی کۆ دەکردەوە و بەپێی شارەزایی دابەشی دەکردن.

ئەم دوو دەســـــتە مێژوونووســـــە، شـــێوازی مەزنیـــان نەدەزانی، پشـــــتگیریکردن لە خەڵکی **وای** دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووتـاندنەوەیـان. لە کاتێکدا خەڵک لە دەمی خۆیان دەگرتەوە تا باجەکان بدەن، دەنگی شـەپۆلی ئاوەکەیان دەبیســـت. لەڕاســـتیدا ســـوڵتانی **وای** دەیتوانی بە دەســـتێکی بەنداوەکە دروست بکات و بە دەستەکەی دیکەی پارەکە وەرگرێ. بەڵام لە پەسنکردنی بارودۆخەکەدا جیاوازییەکیان لە نێوان ئەم دوو کارەدا دیتەوە. وەک بڵێی یەکێکیـان بەرگریی لەوی دی کردووە. بە شـــێوەیەک کە مێژوونووسەکان، یەکێکیان قەبووڵە و ئەوی دی ڕەت دەکەنەوە.

## ماتریالیسمی دژەنۆرم

**مەتی** دەیگوت: شـــێوەیەکی بیرکردنەوەی ســـــاکاری بوێرانە لە تـاوتوێکردنی زانســـتیـدا بەکەڵکە. ئەم کەمتەرخەمییە، ترس لە بەرانبەرکێکردن لەگەڵ مەســـــەلە ئاڵۆزەکاندا لەبەین دەبا. بۆ نموونە. دوکتۆرەکانی ئێمە بێننە بەرچاو کە هەندێک جار سەرەڕای بەکەڵکبوون چەندە ســـەرچڵن. کێ بیر لەوە دەکاتەوە ســـەرێک کە ئازاری هەیە بداتە بەر چەقۆ و بیکاتەوە. یان لە قۆڵێکی بڕاو تاڵە دەمارەکان و ماســـوولکە دەربهێنێ و بە چەند تەلێک لە دەستێکی دەستکردی قایم کا. ئەم جۆرە کارانە پێویســـتی بە شـــێوەیەک لە توندوتیژیی فیکر هەیە. ترســـان لە ئاڵۆزیی کارەکان زۆرێک ئیفلیج دەکات، ئەمانە وادەزانن هەموو ئەوەی ڕوو دەدات پێویســـــتە. بەڵام زۆرجار هەموو ئەوشـــــتانەی لە ڕەوتی کارەکەدا ڕوو دەدەن لەڕاســـتیدا تەنیا هەندێکیان پێویســـــتن. دەکرێ چاوپۆشی لەوانی دی بکرێ، یان بە شێوەیەکی دی جێبەجێ بکرێ.

کاتێ **می- ین- لە** تەواوی بارودۆخەکەی گۆڕی، هیچ کات کارخانەیەکی دانەمەزراند و پارەیەکی زۆریشی ئاڵوویر نەکرد و نەیدەزانی چۆن شت دەگاتە شار. لە ئاڵۆزیی مەسەلەکان نەدەترسا و گرنگیی بە یەک بە یەکی کارە ئاساییەکان بۆ وەڕێخستنی کارخانەکان و ئاڵوگۆڕی پارە و گەیاندنی شیر بە شار نەدا.

## بنەمای فەلسەفە

**مەتی** دەیگوت: فەلسەفە لەبەندداییە، دەبێ سەرلەنوێ ئازاد بکرێ. قوتابییەکەی پرسیاری کرد: لە بەندی کێدایە؟ لە بەندی ئەوکەسانەدا کە لە هەموو شوێنێ دیل دەگرن. **رۆ** پرسیاری کرد: بۆ دەبێ فەلسەفە ئازاد بکرێ؟ **مەتی** وڵامی دایەوە: **می- ین- لە** کە خەڵکی وڵاتی **سوی** لە بەند ئازاد کرد. بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە یارمەتی لە فەلسەفە وەرگرتووە. **رۆ** پرسیی: دەکرێ بزانین ئەمە چ جۆرە فەلسەفەیەک بووە؟ **مەتی** لە وڵامدا گوتی: گوتم کە فەلسەفە لەبەنددا بوو. بەندکراوەکان بیریان لە ئازادی دەکردەوە. **ڕۆ** گوتی: وتەکانت لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە و بەرەوپێشمان نابەن. **مەتی** گوتی: ئێمە بە بزووتنێکی بازنەییدا دەچینە پێش. ئێمە خۆمان هەندێ شت دەڵێین و وتەگەلێکیشمان لە پێشینیان پێ گەیشتووە. بۆ هەڵبژاردنی هاوخەباتەکانمان لە شەڕدا، ڕێوشوێنێکی زۆرمان داناوە. هەموو ئەمانە بەیەک ڕادە جێگای بڕوا نیین و بەرژەوەندییەکانی هەمووشیان وەک یەک نییە. لە ڕەوتی خەباتدایە کە پەی بە داخوازیەکانیان دەبەین. لەوانەیە ناچار بین بەرەنگاری هەندێکیان بینەوە. هەموو کارەکان هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەبێ. **ڕۆ** گوتی: دوژمنەکانمان زانیارییان زۆرە. **مەتی** گوتی: تەنیا گوتنی ئەم بابەتە سەبارەت بە دوژمنەکانمان بەس نییە. دوژمنایەتیی ئەوان لەگەڵ ئێمە، باس

لە زانســـتی زۆر ناکات. **ڕۆ** پرســـیی: دەکرێ بگوترێ کە ئەوان ماوەیەک بیریان کردووەتەوە و زانســـتی جۆراوجۆریان بەدەســـت هێناوە و زۆر چوونەتە پێش. چۆن دەبێ بەرەنگاریان بینەوە. **مەتی** وڵامی دایەوە: ئەوان ڕێگای بیرکردنەوەیان لێ بەســـتین. بۆ؟ بە فیکری چارەی دەردەکانمان نەبوون. چ مشـــوورێکیان بۆ خواردووە؟ زۆر چوونەتە پێش؟ لەوانەیە بەو واتایە بێ کە لە ئێمە دوور کەوتوونەتەوە.

پاشان **مەتی** ئەم شێعرەی **کین- یە**ی خوێندەوە:

## لێپێچینەوە لە چاکەکان

وەرە پێشێ! بیستوومانە کە پیاوێکی چاکی
خۆت نەفرۆشتووە، بەڵام هەورەتریشقەش
کە لە ماڵان دەدات لەکڕین نایە.
لەسەر قسەی خۆتی، چاکە، قسەت چ بووە؟
ڕاستگۆی، بیروڕای خۆت دەردەبڕی.
کام بیروڕا؟
بوێری؟ کێیە دوژمنت؟
ئاقڵێ؟ بۆ کێ؟
چاوت لە قازانجی خۆت نییە؟
کەوایە دوای قازانجی کێ کەوتووی؟
دۆستێکی چاکی،
ئایا دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکانی چاک دەکەی؟
ئێستا گوێ ڕادێرە: ئێمە دەزانین
کە دوژمنی ئێمەی. بەو بۆنەیەوە دەمانەوێ لەناوت بەرین.
بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی خزمەتەکانت و

خوو و ئاکارە باشەکانت، دیوارێکی چاکمان هەڵبژاردووە
کە لەسەری راتگرین،
بە تفەنگێکی چاک، ڕێژنەیەک گوللەی چاکت
پێشکەش بکەین و بتنێژین
بە خاکەنازێکی چاک لە زەوییەکی بەپیتدا.

## هونەری لێخوڕین

**می-ین-لە** قوتابییەکانی فێر کرد: کاتێک لە جادەیەکی باریکدا ئۆتۆمبیل لێدەخوڕن پێویستە ئاگاداری ئۆتۆمبیلی پێش خۆتان بن، دەنا پێکدا دەدەن. چۆن ئاگاداری ئۆتۆمبیلی پێشەوە بین؟ دەبێ بە شێوەیەک ئۆتۆمبیلی پێش خۆمان لەبەرچاو بگرین. دەبێ ئاگاداری تەواوی ئەوشتانە بین کە دێنەسەر ڕێگای ئۆتۆمبیلی پێشەوەمان، چونکە ڕۆشتن و وەستانی بەستراوەتەوە بە هەموو ئەو کۆسپانەوە. وەک ئەوە وایە کە شۆفیرەکە ئۆتۆمبیلی پێشەوەش لێدەخوڕێت. کاتێک شتێک دێتە پێشی دەبێ ئەمیش بوەستێت. واتە ئەگەر کۆسپێک هاتە پێش ئۆتۆمبیلی پێشەوەی من، خۆشم دەبێ ڕاوەستم، چونکە ئەو بەستراوەتەوە بەم کۆسپەوە.

زۆر گرنگە لە خۆمان بپرسین ئەوەی لەپێش ئێمەوە لێدەخوڕێت، گرێدراوی چییە.

## سوننەتشکاندن

بیرکاریزانێک بە ناوی **(تا)**[1] وێنەیەکی نارێکوپێکی بۆ قوتابییەکانی کێشـــا و داوای کرد ڕووبەرەکەی بپێون. قوتابییەکان وێنەکەیان بە چەندین سێگۆشە و چوارگۆشە و لاکێشە و بازنە و شتی دی کە دەکرا ڕووبەرەکەیـان بپێورێـت دابەش کرد، بەڵام کەس نەیتوانی ڕووبەری ڕاستەقینەی وێنە نارێکوپێکەکە دیاری بکا. پاشان مامۆستاکە مقەستێکی هەڵگرت و وێنە نـارێکوپێکەکەی لە پەڕەکـاغەزەکە جیـا کردەوە و لە تـایەکی تەرازووی نـا و وەزنی کرد. لە لایەکەی تری تەرازووەکە لاکێشـەیەکی دانا کە دەکرا بپێورێت دانا و ئەوەندە ســەرەمقەســتی لێ کردەوە کە تەرازووەکە هاوسەنگ بوو.

**مەتی** گوتی: مـامۆســـتـاکە پەیڕەوی مـاتمـاتیـک بووە. چونکە بەپێچەوانەی قوتابییەکانی – کە وێنەیان بە وێنە بەراورد دەکرد- وێنە لە پێوانەهاتووەکەی وەک کوتەکاغەزێک کە قورســاییی هەیە بەکارهێنا و بەم شـێوازە پرســەکەی وەک پرسـیارێکی ڕاســتەقینە و بێ ئەوەی گرفتاری ڕێسا باوەکان بێ حەل کرد.

## سەبارەت بە پێویستبوونی ڕێزلێگرتن

چاک وایە ڕێز لە کەســانی بەکەڵک بگرین. کاتێ ڕێز لە کەســێک بگیرێ، بەکەڵکتر دەبێ. لەشوێنێکدا کە کەسێکی بەئەزموون قسە دەکات دەبێ بێدەنگی بپارێزرێ. ئەو کەسەی کە بزانێ وتەکانی بەکار دێنن، ژیرانەتر بیر دەکاتەوە.

1- Ta

## ڕادەربڕینی می- ین- لە

وڵاتی داگیرکەری **(گا)**[1]هێرشی کردە سەر وڵاتی **سو**، وڵاتی **می- ین- لە**، وڵاتێکی دیکەی داگیرکەر بە ناوی **(ئی- یە)**[2] دوژمنایەتیی لەگەڵ وڵاتی **گا** هەبوو، هەربۆیە دەیویست چەک و خواردەمەنی بگەیەنێتە وڵاتی **می- ین- لە** . بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات. خەڵکی **سو** لە وەرگرتنی ئەم یارمەتیە دوودڵ بوون. **می- ین- لە** بێ شک و گومان گوتی: هەندێ جار پێویستە لە نێوان ئەو ناوەی لە کەسێکی دەنێن و هەڵسوکەوتێک کە لەگەڵی دەکەین جیاوازی دابنێین. بەڵام بەهەرحاڵ دەبێ هەردوو کارەکە بکەین. لەبەر ئەوەی **می- ین- لە** نەیدەتوانی لە وتوویژ و دەنگداندا ئامادەبێ، نامەیەکی بەم ناوەرۆکە نووسی: تکایە دەنگم بۆ وەرگرتنی یارمەتی و چەک لە داگیرکەرانی **ئی- یە** لەبەرچاو بگرن.

## شێوازی جۆراوجۆری کوشتن

کوشتن شێوازی جۆراوجۆری هەیە. دەکرێ بە چەقۆ سکی کەسێک هەڵبدڕێ، یان نانی ببڕدرێ، یان خود نەخۆشییەکەی چارەسەر نەکرێ. دەکرێ کەسێ لە شوێنێ دابنرێ و تا گیان دەدات کاری لێ بکێشرێ. لەوانەیە کەسانێکیش ناچار بە خۆکوشتن بکەن، یان ڕەوانەی شەڕیان بکەن و لەم شێوازانە، تەنیا هەندێ لەم شێوازی کوشتنانە لە وڵاتی ئێمەدا قەدەغەن.

---

1- Ga

2- I-Jeh

## ناوبانگی نی- ین

**مەتی** دەیگوت: نـاوبـانگی **نی- ین** تێکەڵی پێـداهەڵگوتنی نـاقۆڵا بووە. بەهۆی فراوانیی مادە بۆنخۆشـــە پیرۆزەکانەوە شـــێوەی پاک و بێگەردی هەیکەلەکان دیار نییە. وەک بڵێی ویســـتبێتیان عەیبێ بشـــارنەوە. ئەم پێداهەڵگوتنە تامی بەرتیل دەدات. هەڵبەت ئەگەر پێداهەڵگوتن پێویســـت بێ، دەبێ بە هەر شـێوەیەک ئامادە بکرێت. بۆ ئەوەی کەسـانی خراپ پەسـنی چاکە بدەن، دەبێ بەرتیلیان بدرێتێ. ئەوکات پێداهەڵگوتن پێویســـت بوو. چونکە ڕێگا تاریک بوو و ئەوەی ڕێبەرایەتیی دەکرد بەڵگەیەکی ڕازیکەری نەبوو. ئەو برسـییانەی کە هیچ کات سـەوزبوونی دانەوێڵەیەکیان نەدیتبوو دەبووا تۆویان بچاندبا. ئاســـاییە کە ئەمانە وابزانن کەســـانێک ناچاری کردوون بە مشت گەنم فڕێ بدەن و پەتاتە لەژێر خاکدا بشارنەوە.

## مەتی پێشنیاری نازناوێک بۆ نی- ین دەکات

**مەتی** پێشنیاری کرد کە ئەوەندە بە باڵای **نی- ین**دا هەڵنەدەن. بەڵکو بە **نی- ین**ی بەکەڵک بانگی بکەن. بەڵام هێشـتا کاتی ئەو شـێوە پێداهەڵگوتنە نەهاتبوو. ماوەیەک بوو ئەوانەی بەکەڵک بوون بێ شـانازی مابوونەوە. بە شێوەیەک کە ناساندنی کەسێک بە سیفەتی چاک، توانای رابەرایەتیی ئەوی نەدەگەیاند. **مەتی** هەرزوو زانی کە پێشـنیارەکەی بێکەڵک بووە. ئەو گوتی: مەبەســتم ئەوە بوو کەسـانی بەکەڵک بە گەورەیی بناسـرێن. ئێســتا ئەم داوایەی من لە بوونی **نی- ین**دا بووە بە جێگـای بڕوا. کۆمەڵێک خەڵکی بەتوانا و ســتەمکار کە لە ڕابردوودا حکوومەتیان دەکرد، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بە زەحمەتکێشـــەکان بســـەلمێنن کە گەورەترین زاڵم هەمـان بەکەڵکترین مرۆڤە. ئێستا کەسێکی بەکەڵک بە مەزن دەزانن.

## سەخڵەتیی بەساڵاچوان

سەخڵەتیی بەساڵاچوان کە شایانی داژداری و هەڵکردنە، لەوێوە دێ کە ئیدی ناتوانن بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانیان کەسانی دی قانع بکەن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هێزی کەسایەتیی خۆیان. تەمەنێ ئەزموون ئیزنی ئەوەیان پێ دەدا پێشنیارگەلێک بکەن، بەڵام زۆربەی ئەزموونەکانیان لەیاد کردووە. ئیدی هێزی پێویستیان بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتی نییە و ناچارن پشت بە ئەوینی رابردوو ببەستن. قسەیان بە دەنگێکی لاواز دێتە سەرزمان، کەوایە دەبێ لە ڕوویاندا بێدەنگ بین. لەبەر ئەوەی سەرەداوی قسە ون دەکەن، گوتارەکانیان درێژ دەبێتەوە. یاخی و ستەمکارن، چونکە کەس خۆشی ناوێن. بێتاقەت و کەمحەوسەلەن چونکە بەزوویی دەمرن. ڕەشبینن لەبەر ئەوەی کە ناتوانن بە حەسابەکانیان ڕابگەن. دەبنە وەبیرهێنەرەوەی ئەزموونگەلێک کە لە ڕابردوودا لەگەڵیان کراوە. چونکە ئیدی ناکرێت ئەزموونیان پێ بکرێت. ئەو سوودەی کە هێشتا دەتوانن بیگەیەنن بە سەختی لە چنگیان دێتە دەرێ و بە ئاسانیش ناکرێ پێش بە زەرەر و زیانیان بگیرێ. دەبێ لەگەڵ بەساڵاچوواندا بەوپەڕی میهرەبانییەوە هەڵسوکەوت بکرێت.

## خۆپەرستی

**(یانگ- چو)**[1]قوتابییەکانی فێر دەکرد: کاتێک دەڵێن خۆپەرستی خراپە، مەبەست شێوازی وڵاتدارییە کە لەودا خۆپەرستی دەبێتە هۆی گەندەڵی. من دەڵێم کە دەبێ ئەم شێوە وڵاتدارییە بە گەندەڵ بزانین.

---

1- Yang-Tschu

ئەگەر بازرگانەکان بتوانن کاڵای خراپ بە بەهای گران بفرۆشـــن، ئەگەر بڕەخسێ خەڵکی دەستتەنگ بە حەقدەستی کەم ناچار بە کاری دژوار بن، کاتێک بکرێ خەڵک لە داهێنانەکان بێبەش بکرێن و قازانجیش وەدەست بێنن، ئەگەر بڕەخسێ ئەندامانی بنەماڵە هۆگر و گرفتار بکرێن، کاتێک بە زۆر ئیشـەکان راپەڕن، لە جێگایەک کە فێڵبازی و دەسـبڕی ئاکامی هەبێ و بە زیرەکی قازانج دەست بکەوێ و دادخوازی بێتە هۆی زەرەر، ئەوکات دەڵێن هەموو ئەمانە خۆپەرستن. ئەگەر کەسێ بیەوێ خۆپەرست نەبێ ئیدی نابێ دژی خۆپەرستی قسـان بکا، بەڵکو دەبێ بارودۆخێکی وا بخوڵقێنێ کە پێویسـت بە خوپەرسـتی نەبێ. وتاردان دژی خۆپەرسـتی بەو مانایەیە کە بیانەوێ بارودۆخێ بخوڵقێنن کە خۆپەرستی بە گونجاو، یان تەنانەت بە پێویسـت بزانن. کاتێک خۆراک زۆر و خوراک کەم بێ، یا هەمووان لەبرسـا دەمرن، یا هەندێک خۆپەرستانە هەڵسوکەوت دەکەن و زیندوو دەمێننەوە.

خۆپەرسـتی عەیب نییە بە مەرجێک زیان بە کەسـی دیکە نەگەیەنێ. تەنانەت دەکرێ ڕەخنە لە کەمبوونی خۆپەرسـتی بگیرێ. خۆپەرسـتی هەندێک و کەمبوونی خۆپەرستی لای هەندێکی دیکە، بارودۆخی بێ ئارام و قەرار دێنێتە ئاراوە. ئەوەی کە بە ڕادەی پێویسـت خۆی خۆش ناوێ، ئەوی کە هەلومەرج بۆ خۆشـویسـتنی خۆی ناخولقێنێ، ژنێک کە بەدوای سـابووندا ناگەڕێ تا خۆی خاوێن بکاتەوە، پیاوێک کە دوای زانسـت ناکەوێ تا زانیارییەک بەدەسـت بێنێ، ئەوەی دوای کەرسـتەی سـلامەتی خۆی ناکەوێ و وەک سەگی گەڕ لە سوچێک دەکەوێ، کەسانێک تووشی نەگبەتیی خۆی دەکات. کەسێک کە ڕازی بە ژیان لە کۆلیتێکی شێداردایە و ئیزن دەدا بە لاوی پشـتی لەژێر باری کاری پڕزەحمەتدا بچەمێننەوە و بە زانیاری کەم ڕازییە، شـێوازێکی دڕندانە بە کۆمەڵگە دەدات. هەروەها ئەو

کەسـانەش کە کۆڵیتی شـێداری بۆ نیشـتەجێبوون پیشـان دەدەن و پشـتی دەچەمێننەوە و لە زانیاری بەدووری دەگرن.
بۆ دارابوونی خۆپەرســـتییەک کە زیـان بە کەس نەگەیەنێ، دەبێ بارودۆخێک بخوڵقێندرێ کە خۆپەرسـتیی سـالم بەرهەم بێ. کەسـانێک کە لە بارودۆخێکی وادا دەژین یارمەتی ئەوە دەدەن کە ئەم خەســـڵەتە گشتگیر بێ.

## سەبارەت بە گۆڕینی شێواز و کەرستەی ئیش

**مەتی** دەیگێڕاوە: سـێ پیاوی وڵاتی **سـو** لەگەڵ سـێ پیاوی وڵاتی **گا** شــەڕیان بوو. پاش شــەڕێکی دوورودرێژ دووکەس لە پیاوەکانی **ســو** کوژران و لە شـــەڕکەرانی **گاش** یەکێکیان بە ســەختی و یەکی دیش بە ســـووکی بریندار بوون. لەو بارودۆخەدا پیاوە تەنیاکەی **ســو** هەڵات. تێکشکانی **سو** مسۆگر بوو. بەڵام هەڵاتنی پیاوەکەی **سو** کوتوپڕ هەموو شـــتێکی گۆڕی. خەنیمەکەی وڵاتی **گا** کەوتە دوای، بەڵام بەتەنیا، لەبەر ئەوەی کە هاوڕێکانی بریندار بوون. شەڕکەرەکەی **سو** ئەم تاکەکەسەی کوشـت و بێ دواکەوتن هاتەوە سـەر دوو خەنیمە بریندارەکەی و بەبێ زەحمەت ئەوانیشی کوشت.
ئەم خەباتکارە دەرکی بەوە کردبوو کە هەڵاتن هەمیشە شکست نییە، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی سەرکەوتن.
**مەتی** لە درێژەدا گوتی، دەبێ بە شـێوازێکی شـەڕکەری وڵاتی **سـو** بڵێین دیـالێکتیکی. لەبەر ئەوەی دەرکی کرد کە دوژمن لە لایەنێکی تایبەتەوە ناسـازگارە. هێشـتا هەرسـیانیان دەیانتوانی شـەڕ بکەن، بەڵام تەنیـا یەکێکیـان دەیتوانی هەڵێ. لەوانەیە باشـــترە بوترێت کە هێزی

شـەڕکەری دوژمن کامڵ بوو، بەڵام هێزی هەڵاتنیان دەبووە سێ بەش. ئەم ناسینە جوداییی ئەوانی مەیسەر دەکرد.

## سەبارەت بە ستەمکاری و بەرگەی زوڵم گرتن

**مەتی** دەیگوت: سووربوون لەسەر ئەوەی کە نابێ زوڵم قەبووڵ بکرێت، گرنگتر لەوەیە کە داوا لە خەڵک بکرێت ئینساف لەبەرچاو بگرن. ئەوانەی کە بۆیان دەڕەخسێت کە ستەمکاری بکەن زۆر نین، بەڵام ئەوانەی تەحەممولی زوڵم دەکەن زۆرن. هاودەردی لەگەڵ کەسانی دی کە لە هەمان کاتدا هاودەردی لەگەڵ خۆت نەبێ، جێگای بڕوا نییە. بەڵام دەکرێت بڕوا بە خەمی خۆخواردن، کە لە هەمان کاتدا هاودەردییە لەگەڵ کەسانی دی، بکەی.

## سەبارەت بە درێخی و هەڵەی تاک

**مەتی** دەیگوت: دەڵێن ساڕێژکردنی ئەو ئازارانەی کە کەسێک بە بێتاوان تووشی دەبێ دژوارترە لە دوورخستنەوەی سزای هەڵەیەک کە کەسێک کردوویەتی. من پێچەوانەی ئەوە بیر دەکەمەوە. ئەو ئازارەی کە بەبێ تاوان بە من دەگا ئەوەندە بۆم ئەستەم نییە. بەڵام بەڵایەک کە من هۆکاری بووم، لەنێوم دەبا. بە هەرحاڵ من خۆم بە بەرپرسی زۆرێک لە کەموکووڕییەکان دەزانم کە بەڕواڵەت درێخیەکەی لە منەوە نەبووە. بۆ نموونە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تەنانەت شەڕ ئەوەم بیر دێنێتەوە کە هەڵەی من لەم نێوەدا چ بووە؟

## سەبارەت بە هەڵسوکەوتی هاوڕەگەزبازەکان

زۆرجار ڕەخنە لە هاوڕەگەزبازەکان دەگیرێ کە ئەمانە سـیمایەکی پڕ لە نـاز بەخۆ دەگرن و کـاتێـک لەگەڵ دەوروبەریـانـدا قسـه دەکەن هەڵسوکەوتیان بۆ کەسانێک کە هەستێکی هزراوییان هەیە، گاڵتەجاڕانەیە. بەڵام مەگەر هەڵسوکەوتی پیاوان لەگەڵ خانمەکان جگە لەوەیە؟ یان دەبێ ناز و کرشمە و خۆدەرخستن بە مەستیی شەهوەت لە هەرکوێ دەبینرێ بە ناڕەوا بزانرێ، یان لەهەرکوێ کە دەبینرێ بە هێند وەرنەگیرێ.

## سەبارەت بە داپۆشینی عەیبەکان

**مەتی** دەیگوت: دارابوونی عەیب گرنـگ نییە، تەنـانەت ئەگەر هەوڵی چارەسـەرکردنیشـی نەدرێ. بەڵام داپۆشـینی عەیب خراپە. ئەوەی کە نەتوانێ بەوجۆرە کە هەیە خۆی پێشـان بدا، خەسـار بە کەسـانی دی دەگەیەنێت. چۆن کەسـێ دەتوانێ لەگەڵت بێتە شـەڕ کە عەیبەکانی تۆ نازانێ. هەوڵدانت بۆ خۆنواندن بەوشتەی کە نیت لە هێزی شەڕکردنت کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە، لەوە دەترسـی ئەگەر دۆسـتەکەت بە ترسـنۆکیی تۆ بزانێ جێت بهێڵێ؟ بەڵام دەبێ ئەو لە ئاکامی ترسـنۆکیی تۆ بترسـێ. بەم جۆرە چارەسـەری بۆ ئەو ئاسـانترە تا بۆ تۆ. بەومەرجەی ئاگادار بێت. ئەگەر کەسـێک تەنـانەت درۆزنیش بێ، دەبێ لانیکەم بە بـاشـترین دۆستەکانی بڵێ کە وایە، لەوبارەیەوە ئیدی نابێ درۆ بکا.

## سەبارەت بە خیانەتی ژن

لە **مەتییان** پرسی ئایا پێچەوانەی ئاکارە ژنێک خیانەت لە مێردەکەی بکات. **مەتی** گوتی: لە وڵاتێکدا کە دەبێ هەموو شـــتێ بکڕی، بۆ نموونە پیاڵەیەک چای و جێگای خەو و کتێب و باوەشـی ژنێک، ناکرێ لە کەس داوا بکرێ ئەوەی کە کڕیویەتی بە مـاڵی خۆی نەزانێ. مەگەر کـاتێک ژوورێک لە مـاڵێکدا بەکرێ دەگرین، خـاوەنمـاڵ دەتوانێ هـاوکات ئەو ژوورە بە کەسـێکی دیکەش بدا بەکرێ؟ ئەگەر ژنێک پارەی وەرگرت و باوەشـــی بەکرێ دا، هەڵبەت پێچەوانەی ئاکارە کە ئەم باوەشـــەی بداتە کەسێکی دیکەش، مەگەر لەسـەری ڕێک کەوتبێتن. بەڵام لەوەها وڵاتێکدا ئەگەر ژن باوەشی بەکرێ نەدا، برسی و بێخانمان دەمێنێتەوە، هەربۆیە ژنی خـائن ڕێککەوتنێکی گەندەڵ و گەنیو لەژێر پێ دەنێ. ئەگەر خۆی بە ڕووتی نەفرۆشـــێ، شـــتێکی نابێ کە ڕووتیی خۆی پێ داپۆشـــێ. بە ڕای من لە وڵاتێکی وادا، هەموو شـــــتێک بە پێچەوانەی ئـاکـارە، هەم هاوسەرگیری و هەم خیانەت لە هاوسەرگیریدا.

## شێوازی مەزن

شێوازی مەزن زانیارییەکی زانستییە کە بابەتەکەی بریتییە لە پێکهێنانی یەکیەتییەکان و تێکدانیان، کەڵکوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکان و بەسـتراوەیی بەوانەوە، پێکهێنـانی گۆڕانکـارییەکـانە و گۆڕانی پێکهێنەرەکـان، پرژوبڵاوکردنەوەی یەکینەکان و کۆکردنەوەیانە، نەبوونی ســـەربەخۆیی دژبەرەکانە لە یەکدی و توانایی کۆکردنەوەی دژبەرگەلێکە کە یەکدی رەت ناکەنەوە. شـــێوازی مەزن، ناســـینی گۆڕانکاریی دەروونی و مەعنەویی دیاردەکان و شـــێوەی کەڵکوەرگرتن لێیان دەرەخســـێنێ. شـــێوازی مەزن فێری هێنانەوەی پرسیارگەلێکمان دەکات کە ڕێگا بۆ کردەوە واڵا دەکەن.

## هونەری داخستنی ڕاهێنان

هەر مامۆستایەک دەبێ لەبیری بێ کە لەکاتی خۆیدا واز لە وانەوتنەوە بێنێ. ئەمە هونەرێکە کە فێربوونی ئەستەمە. کەم کەس دەتوانێ لەکاتی گونجاودا ڕاستی بکاتە جێنشینی ڕاهێنانەکانی خۆی. زۆر کەمن ئەوانەی کە بزانن ئیدی وانەکانیان گەیشتووەتە کۆتایی. هەڵبەت لامان سەختە ئەگەر ببینین خوێندکارەکانمان هەمان هەڵەکانی رابردووی ئێمە دووپات دەکەنەوە، سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کە بۆ دووریکردن لە هەڵە داومانە. ئەوەندەی کە بەبێ ڕێنیشاندەرمانەوە خراپە، داوانەکردنی ڕێنوێنی لە پەندگۆکانیش دەتوانێ ناخۆش بێت بۆیان.

## هەلومەرجی شۆڕش

**می-ین-لە** دەیگوت: دەبێ گەلێک هەلومەرج ئامادە بێ تا شۆڕش ڕوو بدات. بەڵام هیچ سەردەمێکی نەدەناسی کە لەودا ئیشی شۆڕشگێڕانە داخرابێ.

## سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی ئاکاری فەرمی

جارێکیان **مەتی** سەبارەت بە ڕستەی بەناوبانگی "دەبێ کەسانی دیکەت وەک خۆت خۆش بوێ" گوتی: ئەگەر کرێکارەکان وا بکەن هیچکات ناتوانن سیستمێک وەپێچن کە لەودا ئەگەر بییەوێ کەسانی دیکەی خۆش بوێ دەبێ خۆی خۆش نەوێ. چەوسێنەرەکان بەردەوام ئامۆژگاریی ئەخلاقیی کرێکارەکان دەکەن. ئامۆژگاریی وانەی ئەخلاق دەدەن لە کاتێکدا هەلومەرجی ژیان بەدئەخلاقیمان فێر دەکات. بەڵام خەڵکی زەحمەتکێش لە شەڕ لەگەڵ چەوسێنەرەکاندا، سەرتاپا دەبنە ئەخلاق.

**می-ین-له** دەیگوت: ئەخلاقی ئێمە ئەوەیە کە لە شەڕ لەگەڵ زاڵمەکان و چەوسێنەرەکاندا یارمەتیدەرمان بێ

**مەتی** دەیگوت: نەدارەکان دەست و دڵئاواڵەن، برسییەکان میواندارانێکی چاکن، ئەوانەی پاشەکەوتی کەسانی دیکە کۆ دەکەنەوە خۆیان پاشەکەوت ناکەن.

**مەتی** دەیگوت: پتر لەوەی کە لە مەرگ دەترسین، دەبێ لە ژیانی خراپ بترسین. لەوانەیە هەندێک جار پێویست بکات کە ژیانی خراپمان بخەینە مەترسییەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی چاکتر وەدەست بێنین. بەڵام هیچکات نابێ پێشوازی لە مەرگی مسۆگەر بکەین.

**مەتی** دەیگوت: برسییەتی چێشتلێنەرێکی خراپە. مامۆستایانی کۆنی ئەخلاق لەسەر ئەوە سوور بوون کە تەنیا ئەو تایبەیمەندییە باشە ئەخلاقیانە جێگای ستایشن کە لەبەر خودی تایبەتمەندییە باشە ئەخلاقییەکان ببنە باو. **کا- مە** بە کرێکارەکانی دەگوت دووری لەم جۆرە تایبەتمەندییە باشە ئەخلاقیانە بکەن و تەنیا سەرنجی ئەو خسڵەتانە بدەن کە قازانجبەخشن. هەندێ جار کە کۆمەڵگە گرفتاری بەڵایەک دەبێ خەڵک بەرەو بەدەستهێنان و کردەوەی هەندێک تایبەتمەندیی باشی ئەخلاقی بانگهێشت دەکەن. ئەگەر ئەم شتانە بۆ ماوەیەک پاش نەمانی بەڵاکەش بەردەوام بێ، زۆرجار دەبێتە هۆی بەڵاگەلی نوێتر. ئەم خاڵە زۆرجار سەبارەت بە خسڵەتی وەک بوێری، نەبەزی و خۆڕاگری، عەشقی ڕاستەقینە و فیداکاری، بەدی کراوە.

**مەتی** بەدڵنیاییەوە دەیگوت:

ئازادی، خێرەومەندی، دادپەروەری، سرشت و بەخشەندەیی، دیاردەگەلێکن کە سەروکاریان لەگەڵ بەرهەمهێنانە.

**مەتی** دەیگوت: هەڵسوکەوتی چاک هەمان هەڵسوکەوتی بەرهەمهێنە. چۆنیەتیی پەیوەندی لە بەرهەمهێناندا سەرچاوەی هەموو چاکە و گەندەڵییەکە.

**مەتی** دەیگوت: **کا- مە** و **می- ین- لە** مەکتەبی ئەخلاقیان نەهێناوە.

**مەتی** بە کرێکارێک کە زۆرکەس بە نەجیبیان دەزانی گوت: بێئازاریی تایبەتمەندیی ئەخلاقی چاک نییە.

**مەتی** دەیگوت: چاوچنۆکی، خەڵکی دەستکورت لەنێو دەبا. ئەمانە دەبێ لە ئاست خۆیان و هاوکارەکانیاندا پایەبەرز بن. خەبات ئەمەشیان فێر دەکا.

**مەتی** دەیگوت: ئەوەی زیندووەکانی خۆش ناوێ لە ژیاندا شادی بە خۆیەوە نابینێ.

**مەتی** دەیگوت: ئەوانەی کە تەنیا خەریکی چاکترکردنی ژیانی خۆیانن، ژیانێکی خوێڕییانەیان هەیە. مرۆڤی پەست دزی لە کەسانی دیکە دەکا، پیاوی پایەبەرز بەخشەندەیی دەکا. ئەو کرێکارە خەباتکارانەی من دیتوومن پیاوانێکی مەزن بوون.

## سەبارەت بە ئەرکی کرێکارەکان

هەندێک کەس کە کتێبی پێشینیانیان بەوردی نەخوێندووەتەوە، دەڵێن: کرێکارەکان لە بەرانبەر مێژوودا ئەرک و بەرپرسیاریەتییان هەیە. ئەمە قسەیەکی پوچ و زیانبەخشە. کرێکارەکان پێشکەوتووترین بەشی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، بە مەرجێک دەرکیان بەوە کردبێ کە ئەگەر نەجووڵێن وەزعیان لەوە خراپتر دەبێ. بەڵام مرۆڤایەتی هیچ قەرزێکی بەسەریانەوە نییە، بەڵکو قەرزاریانە. ئەرک و بەرپرسیاریەتی واتە راسپاردەیی. کەسانێک ئەرک و بەرپرسیاریەتیان هەیە کە نێردراو بن. بۆ نموونە هیچکەس ناتوانێ بڵێ ئەرک و بەرپرسیاریەتیی من ئەوەیە کە پارووێک نان بەدەست بێنم. کرێکارەکان دەبێ بە گومانێکی تایبەتەوە وریای هەموو ئەو کەسانە بن کە بەدوای شتێکدا دەیاننێرن.

## سەبارەت بە بابەتیبوون و لایەنگریی حزبی

لە **مەتییان** پرسی: چۆن دەکرێ داوا لە کەسێک بکرێ کە حزبی بێ و لە هەمان کاتدا ڕوانگەیەکی بەحەق و هەمەلایەنەی هەبێ.

**مەتی** لە وڵامدا گوتی: ئەگەر حزب بە شێوەی بابەتی لەسەر حەق و چاکە بێ، ئیدی جیاوازی لە نێوان حزبیبوون و بابەتیبووندا نییە.

## پێویستبوونی یارمەتی

**می-ین-لە** کە لە زینداندا بوو، بە درێژاییی زستان لە پەنجەرەی زیندانەکەیەوە خواردنی بە پەلەوەرەکان دەدا و دەیگوت: ئەمانە پێویستیان بە یارمەتیە، چونکە هیچیان نییە بیخۆن و ناشتوانن حزب پێک بهێنن.

## سەبارەت بە حاڵی وێنەکێشەکان

وێنەکێشێکی لاو کە باب و براکەی سەوڵژەن بوون هاتە لای **مەتی**. ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە لە نێوانیاندا ڕووی دا. **مەتی** گوتی:

- لە تابلۆکانتدا بابت کە سەوڵژەنە نابینم؟
- بۆ دەبێ تەنیا وێنەی بابم بکێشم؟
- نە دەتوانی قایقوانەکانی دیکەش بکێشی. بەڵام ئەوانیش لە تابلۆکانتدا نین.
- بۆ دەبێ حەتمەن قایقوان بێت. مەگەر لەمانە زۆر نین؟
- هەڵبەت، بەڵام من لە خەڵکی دیش کە ئیشی زۆر دەکەن و داهاتی کەم وەردەگرن، هیچ لە ئیشەکانتدا نابینم.
- مەگەر ئیجازەی ئەوەم نییە کە هەرچیم بوێ بیکێشم؟

- هەڵبەت، بەڵام چت دەوێ؟ قایقوانەکان لە بارێکی سەختدان، پێویستیان بە یارمەتیە، یان دەبێ داوا بکەن یارمەتیان بکەن. تۆ ئەم بارودۆخە دەناسی و دەتوانی بیکێشیتەوە. لە کاتێکدا خەریکی کێشانی وێنەی گوڵەبەڕۆژەی. ئیشێکی وا شایانی لێخۆشبوونە؟
- من گوڵەبەڕۆژە ناکێشمەوە، چەند هێڵ و پەڵەیەکن لەگەڵ ئەوهەستانەی کە لەو ناوەدا بەسەر مندا دێن.
- لانیکەم دەبێ باری نالەباری قایقوانەکان کاری کردبێتە سەر هەستەکانت؟
- لەوانەیە وابێ.
- کەوایە تۆ ئەوانت لەبیر کردووە و تەنیا هەستەکانی خۆتت لە زەیندایە.
- من لەپێناو پێشکەوتنی وێنەکێشان ئیش دەکەم نەک لەپێناو پێشکەوتنی قایقوانەکاندا. بەپێی حیکمەتی مرۆڤایەتی ئەندامی ئەنجومەنی **می- ین- لە**م کە دەیەوێت ستەمکاری لە رەگ دەرهێنێت، لە وێنەکێشاندا خەریکی پێشخستنی شکڵ گەلی هونەریم.
- قسەکەت وەک ئەوە وایە کە کەسێک بڵێت: کاتێک ئاشپەزم ژار لە خۆراکەکە دەکەم، بەڵام بەپێی حیکمەتی مرۆڤایەتی پارەی ژارەکە دەدەم. باری قایقوانەکان لەو ڕووەوە خراپە کە ناتوانن چیتر سەبر بکەن. تا وێنەکەی جەنابت کامڵ بێت، ئەوان لەبرسان دەمرن. تۆ هەناردەی ئەوانی بەڵام کاتێکی زۆر بۆ قسە فێربوون دادەنێی. هەستەکانت لە شتە گشتییەکانە، بەڵام قایقوانەکان کە تۆیان بۆ ڕاکێشانی یارمەتی ناردووە، هەستێکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە، تۆ شتگەلێک دەزانی کە ئێمە نایزانین، بەڵام قسەکانی هەمانن کە ئێمەش دەیزانین. مانای چییە؟ فێری بەکارهێنانی ڕەنگ و فڵچە دەبی لە کاتێکدا ئامانجێکی دیارت لە

سەردا نییە. بەڵام کەڵکوەرگرتن لەم کەرستانە تەنیا کاتێک دەتوانێ ببێتە گرفت کە بیانەوێت مەبەستێکی تایبەت دەرببڕن. ستەمکارەکان قسە لە هەزار شت دەکەن، بەڵام چەوساوەکان لە چەوساندنەوە دەدوێن. بڕۆ وێنەی قایقوانەکان بکێشەوە!

## خۆهەڵنان

**مەتی** دەیگوت: خۆهەڵنان بە بێکەڵکبوون پتر دەبینرێ تا خۆهەڵنان بە بەکەڵکبوون. یەکێک لە تایبەتمەنییەکانی بەناوبانگبوون و خۆهەڵکێشان، هەمان خۆهەڵنان بە بێهودەییە. زۆرکەس دەیانگوت: مامۆستا مەزنەکانی مۆسیقا و وێنەکێشان دەبووا شانازییان بە خۆیانەوە کردبا کە ئەوەی ئەوان کردیان، کەسی دی نەیتوانیوە بیکات. بەڵام **مەتی** دەیگوت: مامۆستا مەزنەکان شانازییان بەوەوە دەکرد کە مرۆڤ دەتوانێ لەم ئیشانە بکات.

## ئاشتی و شەڕ

دیتمان کە: نەتەوەیەک کە لەگەڵ نەتەوەکانی دیدا لە ئاشتیدا دەژیا، لە نێوخۆدا پەرەی بە شەڕی چینەکان دەدا، بەڵام شەڕ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە کە دوابەدوای شەڕی چینەکان هەڵگیرسا، ئاشتیی کاتیی چینەکانی لێ کەوتەوە. سەرەڕای ئەمەش شەڕی نەتەوەکان هەمان کات پەرەی بە شەڕی چینایەتی دەدا تا ئەو ڕادەیە کە ئاشتیی کاتیی تێک دا و شەڕی چینەکان کۆتایی بە شەڕی نەتەوەکان هێنا.

## هاندانی هەستی ناسیۆنالیستیی خەڵک

**مەتی**ش کۆچی بۆ وڵاتی **سو** کردبوو. لەوێ لەگەڵ کۆچەرانی وڵاتی **گی- ئل** کە هەموویان پەیڕەوی سیستمی مەزن بوون ئاشنا بوو. ئەم کۆچەرانە خۆیان بە خەتابار دەزانی کە کۆتاییان لە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ناسیۆنالیستی خەڵکی **گی- ئل** کردبوو، ئیشێک کە **هو- یە** بە بێشەرمییەکی تەواو کردبووی. ئەم قسانە **مەتی** ماندوو دەکرد. بە بێمەیلییەوە دەیگوت: کرێکارەکان و جووتیارە فەقیرەکان هەستی ناسیۆنالیستییان نییە. مێژوو هەستێکی وای تێدا پێک نەهێناون. ئەگەر هەستێکی وایان تێدا پەیدا بێ، شێتییەکە کە **هو- یە** لەوانیدا چاندووە و هەربۆیە هەستێکی قووڵ نابێ. با بڵێین هەستێکی وایان هەبووبێ، چۆن دەمانتوانی کەڵکی لێ وەرگرین؟ بە چ مەبەستێک و بە چ بیانوویەک؟ هەزار مەسەلەی چارەسەرنەکرامان لە بەرنبەردا هەبوو، بەڵام هیچیان بۆ کەسێک کە سیستمی مەزنی لە سینەدا بوو، بە هەستی ناسیۆنالیستی چارەسەر نەدەکرا. شەڕ لەگەڵ نەتەوەکانی دیدا بۆ مامەڵەی ئەربابە مەزنەکان پێویست بوو. بەڵام ئیشی ئێمە بەشەڕ دروست نەدەبوو، تەنانەت شەڕ ئیشی ئێمەی لەنگ دەکرد.

## سەبارەت بە دژایەتیکردنی ئەو پەندانەی بەندمان دەکەن

**مەتی** دەیگوت: ئەوەندەی کە گوێڕایەڵی لە ئامۆژگاریە چاکەکان بەسوودە، گوێڕایەڵی لە ئامۆژیارە چاکەکان مەترسیدارە. ئاکەمەکەی ئەوە دەبێ کە ئیدی ئامۆژگارەییەکان هەڵناسەنگێنین و بەکارهێنانی ئامۆژگاری هەڵنەسەنگاو، واتە نەگۆڕدراو و ناسازگار، گێلانەیە. دەبێ بە ئامۆژیارەکان بگوترێ سەرەڕای پێشنیارەکانی خۆیان، پێشنیاری دیکەش سەبارەت بەو شتانە بکەن کە نایانەوێ سەرنجی بدەن.

پەندوەرگرەکانیش دەبێ ئەو پەندانە لەگوێ بگرن و لەبیریان بمێنێ بۆ ئەوکاتەی کە نەتوانن، یان نەیانەوێ گوێڕایەڵی پەندی دیکە بن.

## سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و بەرابەری

**مەتی** دەیگوت: کـاتێ دەکرێ قسـه لە نـابەرابەری بکرێ کە هەلومەرجی یەکسـان دابین کرابێ. هەوەڵ دەبێ هەنگاوەکان لە ئاسـتدا دابنرێ، تا دەرکەوێ چ کەسێک ئازاترە.

## خودموختاریی نەتەوەکان

**مەتی** دەیگوت: خودموختاریی نەتەوەکان بەشێکە لە سیستمی گەورە و، درێژەی دایە: بەو مەرجەی گەشە بە سیستمی گەورە بدا.

## سەربازە بەئەدەبەکان

لە یەکێک لە پارێزگاکاندا سـەربازەکان بە هاوکاریی جووتیارەکان شـۆڕشـیکیان ڕێک خسـت و ئەفسـەرەکانی خۆیان، جگە لە کوڕە جووتیارێک کە هاتبووە ڕیزیانەوە، کوشـت. لە شـەڕەکانی دواتردا سەربازەکان ئەرکی زۆریان بەسەر ئەم ئەفسەرەدا دەسەپاند، تا ئەوەی کە جارێکیان ئەو لەبەر هەڵەیەک یەکێکیانی بەتوندی سزا دا. پاش ئەوە ئیدی سەربازەکان بەئەدەب بوون و هەڵسوکەوتیان بەتەواوەتی گۆڕدرا. خواردنی ئەویان بە جیا دەهێنا و ئیدی وەک پێشـوو بەبێ ڕاوێژکردن لەگەلی، بۆ هیچ مەئمورییەتێکی مەترسـیداریان نەدەنارد. پاش شـەش مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا ئەفسەرەکە خۆی کوشت.

## سەقامگیری و بێسەروبەرەیی

**مەتی** دەیگوت: ئەو ڕستەیەی **هو- ئی** کە دەڵێت: "قازانجی گشتی لە سەرووی قازانجی تاکەکەسییە" بەڕواڵەت باس لە سەقامگیرییەک دەکا. بەڵام لەڕاستیدا پێشاندەری گەورەترین بێسەروبەرەییە. وڵاتێک کە لەودا، ئەوەی بۆ کۆمەڵگە بەکەڵکە بە زەرەری تاک بێ و ئەوەی بۆ تاک بەسوودە بۆ کۆمەڵگە بێکەڵک بێ، خۆی بێکەڵکە. **هو- ئی** لای وایە کەسایەتیی وڵات لەودا وێنا کراوە. هەربۆیە دروشمەکەی بەسادەیی وای لێ دێ: قازانجەکانی **هو- ئی** لە سەرووی قازانجی یەک بە یەکی تاکەکانی وڵاتە.

## خۆپەرستی

چۆن بەرنگاری خۆپەرستی بینەوە؟ دەبێ وڵات بە شێوەیەک ڕێک بخرێت کە جیاوازی لە نێوان بەرژەوەندیی تاک و بەرژەوەندیی گشتیدا نەمێنێ. لە وڵاتانی بێسامانی وەک وڵاتی **هو- ئی**، خۆپەرستی شتێکی ترسناکە. لە کۆمەڵگەی ڕێکوپێکدا خۆپەرستیی تاکەکان لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدایە.

## سەبارەت بە ئەرکی تاکەکان

لە کۆمەڵگە سامانگرتووەکاندا، پێویست بەوە ناکا بەردەوام قسە لە ئەرکی تاک بەرانبەر بە وڵات بکرێت. لەم کۆمەڵگەیانەدا فشارێکی وا بەسەر تاکەوە نییە. ژیان ئاسانە. کە هەڵەیەک لە یەکێ ڕووی دا، بێ پەلەکردن، بەڵام بەبێ دواکەوتن چاک دەبێ. ئیشێک کە یەکێک بۆی نەکرێت، کەسانی دی دەیکەن. ئەگەر یەکێک نەهاتە سەر ئیشەکەی بەڕادەی پێویست کەسانی دی هەن.

## لایەنگریی مەتی لە نی- ین

**مەتی** لایەنگریی لە **نی- ین** دەکرد. لەو باســـەدا کە ئایا پێکهێنانی سیســتمی نوێ لە وڵاتێکدا دەڕەخسێت، یان نە، بڕوای وابوو کە دەبێ ئیشـــەکە لە وڵاتێکەوە دەســـت پێ بکرێ و لەگەڵ پێکهێنانی لە وڵاتانی دیکەدا، کامڵ بکرێ. بیناکردنی نەزمی نوێ لە وڵاتێکدا بە هەمان ڕادە بۆ پێکهێنانی سیستم لە وڵاتانی دیکەدا پێویستە کە دەستپێکردنی نەزمی نوێ لە وڵاتانی دیکە بۆ کامڵکردنی سیستم لە وڵاتێکدا پێویستە.

## بابەتێک لە شێوازی گەورە

لە دەســتپێکی شــەڕی گەورەدا، کەســانێک لە ئەنجومەندا، چاوەڕوان بوون کە لانیکەم کرێکارانی هەندێک لە وڵاتـان پێش بە بەشـــداریی وڵاتەکانیان بۆ نێو شــەڕ بگرن. ئەمانە وایاندەزانی کە وڵاتان ناتوانن بە جەماوەری زحمەتکێش بســەلمێنن کە شــەڕ پێویســتە. لێرەدا دوو بابەت هەیە. یەکەم دەرکەوت کە بۆ هەڵگرسـاندنی شــەڕ پێویسـت بەوە نەبوو کە کرێکارەکان پێویستبوونی قەبووڵ بکەن. شێوازی کاریگەرتر هەبوو تا ئەوان بێ بڕواش بچنە شەڕ. دووەم جەماوەرێکی زۆر لە کرێکارەکان باوەڕیان بە پێویســتبوونی شــەڕ هەبوو. لەڕاســتیدا ســەرتاپێی دەزگای ئابووری، داخوازی شــەڕ بوو. ئابوورییەکی وا پێویســتی بە شــەڕ بوو. ئەو کرێکـــارانەی دوودڵ بوون لەوەی کە دەبێ ئەم دامودەزگـایە وەپێچرێ، یان پێچانەوەی مومکینە، باوەڕ بە پێویســتبوونی شــەڕ دێنن. پاش ئەوەی کە لە لایەن کرێکارەکانەوە بەرهەڵســتکارییەک دژ بە شــەڕ دەرنەکەوت، یـان ئەگەر دەرکەوت لاواز بوو، زۆرێـک لە ئەنـدامـانی ئەنجومەن دڵنیابوون کە کار لە کار ترازاوە. **می- ین- لە** دژ بەو جۆرە باوەڕانە دەوەســـتایەوە. هەربۆیە دەبێ لە داهاتوودا نـاســـازگاری

دەرکەوێ. بەڕواڵەت خەڵک یەکدڵن و دەوڵەت گەلێک زۆردارە. بەڵام زەبروزەنگ گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی. هێزی دەوڵەت لەو زەختەدایە کە لە کرێکارەکانی دەکا. ئەم سیستمە ئابوورییە کە لەسەر کرێکارەکان گران ڕادەوەستا، ئێستا پارێزەرێکی دیکەی پەیدا کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر کرێکارەکان گران دەکەوێ.

## مەتی و ئاکار

**مەتی** دەیگوت: کەمتر ڕستەم دیوە کە بە "دەبێ تۆ" دەست پێ بکا و لەسەر زمانم ڕەوان بێ. لێرەدا مەبەستم ڕستەگەلێکە بە چەمکی گشتی، ڕستەگەلێک کە بەردەنگەکەی هەموو خەڵک بێ. بەڵام یەک ڕستەم بەدڵە: تۆ دەبێ بەرهەم بهێنی.

## بەراوردکردن

**(لو)**[1]، نووسەری پڕئاوازە و خۆشەویست دەیگوت: پێنووسەکەم لە زێڕە، پەیڕەوی لە ئەمرەکانم دەکرێ، ژنەکەم بەوەفایە و ئەنتیکەکانی ماڵەوەم رەسەنن و دۆستەکانم هەڵکەوتەن. **مەتی** دەیگوت: پێنووسەکەم لە ئاسنە، تەمەنناکانم نادیدە دەگرن و ژنەکەم لەگەڵ کەسانی دیدا دەڕوات. قوتابیان و دۆستەکانم بە هەمان ڕادە تووشی هەڵە دەبن کە خۆم تووش دەبم. تەنیا تابلۆیەک کە هەمە بەدەڵێکی هەرزانبایی لە ئیشێکی جێگای گومانە، سەرسوڕهێنەر نییە؟

1- Lo

## بیرگەلی مەترسیدار

پاش ئەوەی فەیلەســووفی چینی، **مەتی**، لە خزمەت کەســـایەتییەکی پایەبەرز گەڕایەوە، بە قوتابیانی گوت، زۆربەی باســەکانی کەســـایەتیی پایەبەرز لەســەر بیرگەلی بەناو مەترســیدار بوو، **مەتی** دەیگوت: جەنابیان زۆر خێرا و توند، بەڵام ناڕوون و داخراو قســـەی دەکرد. بەڵام جێگای سەرسووڕمان نییە ئەگەر بیرگەلی وەک "ئەوەی ئێش دەکات پێویستی بە خواردنە"، یا " بۆ دروستکردنی پرد پێویستمان بە پردساز هەیە"، یا "باران لە ئاســمانەوە دەبارێتە ســەر زەوی"، بە بۆچوونی ئەو مەترســیدار بن. باوەڕم پێ کەن ئەو هەســتەم لا پەیدا بوو کە چوونە قاڵبی کەسێکی واوە، زۆر مەترسیدارە.

## دوکتۆری ناسیاسی

فەیلەســووف **مەتی** ســـەبارەت بە ئـاڵۆزیی وڵات لەگەڵ چەند دوکتۆرێک قســـەی دەکرد و داوای لێ کردن کە یارمەتی چاکســـازی وڵات بدەن. ئەمانە دەیانگوت ئێمە سیاسەتمەدار نین و هەر بەو هۆیەوە داواکەیان رەت کردەوە. **مەتی** لە وڵامدا ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە:

دوکتۆرێک بە ناوی **(شین- فۆ)**[1]بەشداریی لە شەڕی خاقان **(مینگ)**[2]بۆ داگیرکردنی پارێزگای **(شنزی)**[3]کرد. لە نەخۆشخانە سەربازییە جیاوازەکاندا ئیشـــی کرد و ئەوەندە ئیشـــەکەی چاک بوو کە لە مەکتەبە پزشـــکییەکاندا هەڵســـوکەوتی ئەویان کردبووە ســـەرچەشـــنی وانەوتنەوە. ئەو دەســـتە دەستکردەی کە ئەو دایهێنابوو، بۆ ئەو سەربازانەی کە لە شەڕدا دەستێکیان

1- Chhin- Fu

2- Ming

3- Chensi

لەدەسـت دابوو، ناوبانگی دەرکرد. کۆشـکی خاقان ئەم قسـانەی ئەوی بە سـەرنجدان بە بایەخی دوکتۆرییەکەی لا گران نەبوو و چاوپۆشـیی لێ دەکرد. چونکە کـاتێ پرسـیاری بیروبۆچوونی ئەویـان سـەبارەت بە نووسـینەکانی **(کی- ین)**[1]، پیاوێکی ئاژاوەگێر کە شـەڕ، داگیرکردنی خاکی وڵاتانی دیکە، گوێڕایەڵیی سـەربازەکان، دامودەزگای خاقانی و حەقدەسـتی کەمی جووتیار و زەحمەتکێشـەکانی ئیدانە دەکرد، لێ کرد، دەیگوت: ئەگەر فەیلەسووف بام لەم بارەیەوە بیروبۆچوونێکم دەبوو، ئەگەر سیاسـەتمەدار بام لەوانە بوو بەرهەڵسـتی دامودەزگای خاقان ببامەوە، سـەرباز نیم کە سەرپێچی بکەم. لە پیشـەی پزشکیدا ناتوانی هەموو ئەم ئیشانە بکەی. تەنیا یەک شـت دەتوانی و ئەویش ئەوەیە کە کەسـانی دیکە ناتوانن، ئەویش چارەسەرکردنی برینە.

سـەرەڕای ئەمە **شـین- فۆ** جارێک لە هەلومەرجێکی تایبەتدا ئەم بابەتە مەزن و لۆژیکییەی وەلانا. کاتێک دوژمن خەریکبوو ئەو شـارەی کە خەسـتەخانەکەی ئەوی تێدابوو داگیر بکا، بە پەلەپڕووزێ هەڵاتبوو نەکـا بە تۆمەتی لایەنگری لە خـاقـان بکوژرێ. دیتیـان بە جلوبەرگی جووتیارییەوە خزیوەتە نێو هێڵەکانی دوژمن و لە ترسـی هێرشـی دوژمن، خەڵکی دەکوشـت و لە وڵامی کەسـانێکدا کە ڕەخنەیان لە هەڵسـوکەوتی دەگرت فیلسـوفانە گوتوویە: چۆن دەتوانم وەک دوکتۆر خزمەت بکەم لە کاتێکدا وەک مرۆڤ کوژرابم.

---

1- Ki-en

## هونەری بێنرخ

**کین- یە** دەیگوت: ڕەخنەگرتن لە هونەری بێنرخ و داخوازیکردنی هونەری چاکتر، یان بەکەمزانینی زەوقی خەڵک چ کەڵکێکی هەیە؟ لەجیاتی دەبێ پرسیار لە هەمووان بکرێ: لەبەر چی تریاک بۆ خەڵکی؟

## گومان و دوودڵی

**(دۆ)**[1] کە شاگردی **مەتی** بوو گوتی: دەبێ لەئاست ئەو شتەی کە بە چاوی خۆمان نەماندیوە بەگومان بین. لەبەر ئەم بیروباوەڕە نەرێنییە قسەیان پێ گوت و ئەو بە دڵگرانی ماڵەوەی تەرک کرد. ماوەیەکی بەسەردا تێ نەپەڕی کە **دۆ** گەڕایەوە و لە بەردەرگادا گوتی: قسەکەم ڕاست دەکەمەوە: دەبێ لەئاست ئەو شتەی کە بە چاویش دەیبینین بەگومان بین. پرسیاریان کرد: پێوانەی دوودڵی چییە؟ گوتی: ئارەزووی کردەوە.

## پێڕاگەیشتن بە ئەخلاق

**مەتی** دەیگوت: شتی وام نەدیوە کە لەوە زەرەرمەندتر بێ بۆ ئەخلاقی مرۆڤ کە بە ئەخلاق رابگەی. کەسانێک دەڵێن: دەبێ ڕاستیت خۆش بوێ، بەڵێن بەجێ بهێنی و لەپێناوی پاراستنی چاکیەکاندا خەبات بکەی. بەڵام دارەکان ناڵێن: دەبێ سەوز بیت و میوەکەت ڕاست بەرەو زەوی بەردەیتەوە و کاتێ کە با هەڵدەکا ورنگە بخەیتە گەڵاکان.

1- Do

## سەبارەت بە ناسازگاری دیاردەکان

یەکێ لە شـێوازەکانی ئیشـی **می- ین- لە** دۆزینەوەی ناسـازگاری لە دیاردەیەکی بەڕواڵەت یەکدەسـت و هاوشـێوەدا بوو. کاتێک کەسـانێکی دەدی کە لە بەرانبەر گرووپەکانی دیکەدا یەکەیەکی یەکگرتوویـان پێک هێناوە، شیمانەی ئەوەی دەکرد ئەمانە لەنێو خۆیاندا زۆر ناتەبا و تەنانەت لەگەڵ یەکدا دوژمن بن. بەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندیی هەندێکیان لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوانی تردا ناکۆکە. سـەرەڕای ئەمەش، هەڵسـوکەوتی ئەم گرووپە لەگەڵ ئەوانی دیدا، هەڵسـوکەوتێکی بەتەواوەتی و هەمیشـە یەکدەسـت نەبوو. بەم شـێوەیە گرووپەکە، دیاردەیەکی تەواو و کامڵ و یەکشـێوە نییە، بە شـێوەیەک کە بەردەوام لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا لە دژایەتیدا بێ و دوژمنایەتی بکا. بەڵکو پەیوەندییەکان لە گۆڕاندایە و بەردەوام- هەرچەند بەخێرایی جیاوازەوە- یەکسـانیی گرووپەکە لە خۆیدا و ناسـازگاریی لەگەڵ گرووپەکاندا، لە گۆڕاندایە. **کا- مە** کاتی خۆی هۆشـداریی دایە کرێکارەکان، ئەربابەکانی خۆیان بە شـێوەی گرووپێکی یەکدەست و هاوئاهەنگ نەبینن، لەڕاستیدا هەمان ئەرکی ناحەقی کە هۆی یەکگرتوویی چەوسـێنەرەکانە، لە هەمان کاتدا دوودەسـتەیی دەخاتە نێوانیان. ئەمانە دوژمنی یەکن و لە زۆرێک لە مەسـەلەکاندا بۆچوون و هەڵسـوکەوتی جیاوازیان هەیە. کرێکارەکان دەتوانن کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرن. هەڵبەت ئەمە کاتێک مەیسـەر دەبێت کە لە هەمان کاتدا هەرگیز یەکگرتوویی چەوسێنەرەکان لەیاد نەکەن.

خەڵکێکی زۆر **می- ین- لە**یان بە مرۆڤێکی زیرەک و فێڵباز دەزانی کە دۆستایەتی لەگەڵ دوژمندا دەکا تا لە کۆتاییدا بەسەریدا زاڵ بێ. بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵە بوو، بە چاوپۆشین لەوەی کە بەپێی بۆچوونمان، خیانەتێکی وەها بە باش، یان خراپ بزانین. لەڕاسـتیدا هەندێک شـت دێتە پێش کە

گرووپێک لە چەوسێنەرەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپێکی دیکەدا، داکۆکی لە داواکارییەکانی کرێکارەکان بکەن. نەک لەبەر کرێکارەکان بەڵکو لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان. یەکگرتنی دڵسافانەی کرێکارەکان لەگەڵ ئەم کەسانەدا، تا ئەوکات کە لەم پێگەیەدا بوون، دەرەخسا. کارخانەدار و بازرگانەکان کە لە خەباتیاندا دژ بە دەرەبەگەکان پشتیوانیی کرێکارەکانیان لەگەڵ بوو و بە یارمەتی ئەوان بەسەر دەرەبەگەکاندا سەر کەوتن، لە هەمان کاتدا زاڵمانەترین چەوساندنەوەیان دەرحەق دەکردن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، **کا- مە** پێی وابوو کە کرێکارەکان کارێکی دروستیان کردووە، چونکە بە شێوەیەک سوودیان لە سەرکەوتنی دوژمنەکانیان دەبرد. بازرگانی و بەرهەمهێنانی پیشەیی لەوەبەدوا بە ئازادییەکی پترەوە پێش کەوت. هەرچەند ئەمە ناوەندەکانی چەوساندنەوەی کرێکارەکانی دەبووژاندەوە. بەڵام هەر ئەم ناوەندانە، زێدی ئازادی ئەوانیش بوو.

## بچووکترین یەکە چییە؟

**کۆنگ** بنەماڵەی خستە بەرباس. **مەتی** گوتی: لەوانەیە ئەمە لە سەردەمی کۆندا ڕاست بووبێ. بنەماڵەکان لە بەرانبەر یەکدا پارێزگارییان لە ماڵ و موڵکی خۆیان دەکرد. ئەمڕۆ ماڵ و موڵکێکی وا لە کوێ پەیدا دەبێ؟ هەموو ئەزموونەکان هی باوک بوون، چونکە تەنیا ئەو بڕیاردەر بوو. ئەمڕۆ ئەو تەنیا زەبری بەر دەکەوێ و تەنیا جێگای برینەکەی بۆ دەمێنێتەوە. لاوەکانیش لەم چەشنە برینانەیان هەیە. ئەوانیش وەک بابەکان زەبریان بەر دەکەوێ. بەڵام لە شوێنی دیکە. چونکە لە دەرەوەی ماڵی بابیان ئیش دەکەن. لەو سەردەمەدا باب چارەسەریی دەزانی، ئێستا ئیدی نازانێ.

**مەتی** قوتابییەکانی فێر کرد: بچووکترین یەکە لەو شوێنە پێک دێت کە ئیش دەکرێت، یان لەو شوێنەی بەدوای ئیشدا دەگەڕێن. لێرەدا تەواوی

ئەزموونەکانی ژیان کۆ دەبێتەوە، زانایی ئەم یەکەیە پترە لە زانایی یەک بە یەکی ئەندامەکانی دیکە. کۆمەڵگە بریتی نییە لە کەســـەکان، بەڵکو بریتییە لە بچووکترین یەکەکان. ئەگەر کۆمەڵگە بیهەوێ بچووکترین یەکەکان دەتوانن لێک هەڵوەشـــێن. بەڵام تاکەکان بەخێرایی دوای پێکهێنانی بچووکترین یەکەی نوێ دەکەون. تـاک بە ئەنـدامبوون لە بچووکترین یەکەدا هێز و توانـا وەردەگرێ.

**کۆنگ** دەیگوت: پێکهێنانی بنەماڵە بە ڕێکەوت نییە. کوڕ و کۆمەڵەکانی دی بە ڕێکەوتن. **مەتی** گوتی: لەوانەیە ئەمە لە ســەردەمانی کۆندا وەڕاست گەڕابێ. مەگەر ئەمڕۆ بە ڕێکەوت نییە کە کام ژن مێرد بە کام پیاو بکا تا منداڵیان ببێ؟ ئەگەر ڕێکەوتێک نەبێ تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کوڕ و کۆمەڵگە هەیە کە لەودا ژن و مێرد هـاودەم و هـاوکاری یەکترن. قوتـابیـانی **کۆنگ** دەڵێن ســـوودێک کە مرۆڤەکان بەرهەمی دێنن دەچێتە گیرفانی کەســـانێکی دیاریکراو، ناچێتە گیرفانی هەمووان. من لە هەموو شوێنێ مرۆڤەکان دەبینم کە ئیش بۆ کەســـانێکی دیاریکراو دەکەن، بەڵام لەم بابەتە ڕازی نیم. حەزم لێ بوو ئیش بۆ خۆیان بکەن. بچووکترین یەکە نایەوێت دەسکەوتی تاکەکان بچێتە کیســـەیەکەوە، **کونگ** دەڵێت، دەبێ منداڵان دایک و بابی خۆیان خۆش بوێ، بەڵام خۆشـویستن بە ئەمر نییە. بۆ دەبێ واز لە هەمووان بێنن و تەنیا دایک و بـابیـان خۆش بوێ؟ ئەنـدامـانی بچووکترین یەکە پێویســـت نـاکا یەکـدیيـان خۆش بوێ، تەنیـا دەبێ ئـامـانجی هـاوبەشـــیـان خۆش بوێ. بنەماڵەکان ئارامن، بەڵام بچووکترین یەکەکان پڕن لە جووڵە و خزمەتکاری پەیوەندیی و گوڕوتین و ورووژاندن. بنەماڵەکان لە خزمەت جوداییدان.

## کا- مه و دامەزراندنی سیستمی مەزن

**کا- مه** بە کرێکارەکانی دەگوت: دووری لەو کەسانە بکەن کە مۆعیزە دەکەن، دەبێ ئێوە سیستمی مەزن دامەزرێنن. ئەمانە ئاخوند و مەلان. ئەمانە دیسان بەدوای خەیاڵی پڕوپووچ، ئیشگەلێکیان بۆ لەبەرچاو گرتوون. جارێ بێنەزمیی مەزنتان دەخەنە ئەستۆ و جارێکی دیکە دەڵێن سیستمی مەزن دامەزرێنن. لەڕاستیدا ئیشی ئێوە ئەوەیە کە سەروسامان بە ژیانی خۆتان بدەن. کاتێ بەم ئەرکەوە سەرقاڵن سیستمی مەزنیشتان دروست کردووە. ئەو ئەزموونە تاڵەی کە بێسەروبەرەییی مەزن فێری کردوون و سەرەڕای ئەمەش، چەند ئەزموونێکی چاک کە هاوکارەکانتان لە هەندێک لە ڕاپەڕینەکان وەدەستیان هێناوە، دەبێتە ڕێنوێنی ئێوە. بەڵام ئەو خانوە دڵخوازەی لە مێشکتاندایە تا کوتانی دوایین بزمار دروست مەکەن. کارێک بکەن کە تا ئەو جێگای دەلوێ دەستتان ئاواڵە بێ. لەبەر ئەوەی کاتی دانانی نەخشە ئاسانتر دەکرێ باس بکرێ، کاتی پیادەکردن و دروستکردنی، شتگەلێکی زۆر بە زەین دەگەن کە کاتی دانانی نەخشەکە شاراوە بووە، وریا بن نەبنە کۆیلەی ئارمانی بەرز، دەنا بەزوویی دەبنە نۆکەری مەلاکان.

## هونەری ڕەسەن

**مەتی** دەیگوت: ماوەیەک لەمەوپێش **کین- یەی** شاعیر دەیپرسی لە سەردەمی ئێمەدا شیعرگوتن سەبارەت بە پەسنی سروشت ڕەوایە؟ لە وڵامدا گوتم، بەڵێ. پاش ماوەیەک کە دیسان بینیم پرسیارم کرد: شیعرت لە پەسنی سروشتدا هۆنیوەتەوە؟ گوتی: نە. پرسیم بۆ؟ گوتی: جارێک هەوڵم دا پەسنی دەنگی بارینی دڵۆپی باران بەو شێوەیە بکەم کە هەستێکی خۆش بداتە خوێنەر. لەم بارەیەوە فیکرم کردەوە و چەند دێڕێکم نووسی. تەنانەت بۆ ئەوانەی کە میچێکیان بەسەرەوە نییە و

کاتێک دەیانەوێ بخەون ئاو لە لەشیان دەتکێ. لە بەرانبەر ئەم ئەرکەدا ترسم لێ نیشت و پەشیمان بوومەوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەمویست هەڵیخرپێنم گوتم: خۆ هونەر چاوی نەبڕیوەتە ئەمڕۆ. سۆزی باران هەمیشەییە. هەربۆیە شیعرێک لە پەسنیدا دەیتوانی بە نەمری بمێنێتەوە. **کین- یە** بە خەمبارییەوە گوتی: بەڵێ، ئەو ڕۆژەی کە ئیدی باران تکە بەسەر نووستوویەکدا نەکا، دەکرێ لەو شیعرانە بگوترێ.

## کۆنە نوێیەکان

یەکێک لە قوتابییەکان بە **مەتی** گوت: ئەوەی فێرمان دەکەی کۆنە. **کا- مە** و **می- ین- لە** و زۆر کەسی دیکە هەمان وانەیان وتووەتەوە. **مەتی** وڵامی دایەوە. چونکە ئەمانە دێرینەن، یان لەبەر ئەوەیە لەوانەیە لەبیر بکرێت، یا کەسانێک وابزانن تەنیا لە ڕابردوودا وەڕاست گەڕاوە، دەیلێمەوە. ئەی ئەوە نییە کەسانێک ئەم وانانەیان لا نوێیە؟

## ژیانی خۆتان ڕێکخەن

**مەتی** دەیگوت: بیناکردنی شار و پرد و دروستکردنی ئۆتۆمبێل و بەرهەمهێنانی گەنم بەس نییە. دەبێ سەروسامان بە ژیانی خۆشمان بدەین. شارەکان لەسەر بنچینەی ڕێساکان دروست نەکراون. لە هەرکوێ خانوویەک هەبوو خانوویەکیان لە تەنیشتی ساز کرد و شەقام گەیشتە شەقامێکی دی. بەڵام پاشان لە کاتی خۆیدا شارسازەکان دەسبەکار بوون. بەوحاڵەشەوە شارگەلی پڕ لە نەگبەتیمان هەیە کە لە ڕووی نەخشەوە سازکراون و نەشیاو و نالەبارن، کەموکووڕی لە ئیشکردن بە نەخشە نییە، بەڵکو لەوەدایە کە خودی نەخشەکان خراپ بوون.

## سەبارەت بە وڵاتان

ئەگەر پتر لەوەی کە لە پەیوەندیی مرۆڤەکاندا ئیزن پێدراو و شیاوی تەحەممولکردنە، تەحەممول بکەین، بوار بە وڵاتان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدا بدەین، بەرهەم دەگەنێت. ئەگەر یاساگەل، یا بێ یاساگەلێکی تایبەت بۆ دامودەزگای وڵاتێک لەبەرچاو بگرین کە تەنیا بۆ خودی دەزگاکە باوبێ، دامودەزگای ئیداری وڵاتمان بە شـێوەیەکی نامرۆڤانە، کردووەتە شـێوازێکی بـان مرۆڤـانە. دەوڵەت مـافی ئەوەی نییە لە سـەرووی مرۆڤەوە بێ! زۆرجار دەوڵەتەکان دەڵێن کە ئیش بۆ میللەت دەکەن نەک بۆ خۆیان، بەم شـێوەیە تاوانەکان و نایاسـاییەکانی خۆیان بە ڕەوا دادەنێن. بەڵام تاوانکردن بە بیانووی ئەوەی کە بۆ کەسـێکی دیکە کراوە، نابێتە ئیشـێکی پەسـەندکراو. دەوڵەتێک کە بەبێ کوشـتن و دزیکردن لەناو دەچێ، دەبێ لەناو بچێ!

## ژیاننامەی تاکەکان

دەزانی کە نەتەوەکان چ قازانجێکیان لە تۆمارکردنی مێژووی خۆیان کردووە. هەمـان قـازانجیش بە تـاکەکـانی مرۆڤ دەگـا ئەگەر مێژووی خۆیان بنووسـنەوە. **مەتی** دەیگوت: چاک وایە هەرکەسـە و دیرۆکناسـی خۆی بێ. ئەوکات بە سەرنجێکی پتر و داواکاریی پڕبایەختر دەژی.

## بۆچوونی هەڵەی می- ین- لە ئاشکرا دەبێت

پـاش ئەو گـۆڕانکـاریە مەزنەی کە **می- ین- لە** زەویی بەسـەر ڕەعیەتەکاندا دابەش کرد، زانایانی سـیسـتمی مەزن لە وڵاتانی دەرەوە سەریان لە وڵاتی **سو** سووڕما و نکۆڵییان لێ کرد. هەمووان لەسەر ئەوە

هاوڕا بوون کە دەبێ زەوی بدرێتە جووتیارەکان بەڵام پلانی **می- ین- لە** دابەشــکردنی زەوی بەســەر جووتیارەکاندا نەبوو. ئامانجی ئەوە بوو کە کشــتوکاڵی بەرفراوان بە شــێوازی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ بێ، نەک زۆربوونی وردەمالیکەکان. **می- ین- لە** ســەرەتا خۆی لە هەوڵدان بۆ ڕێکخســتنی ئابووریی گەورە پاراســت تا بە ســەرنجدان بە ئارەزووە بەرفراوانەکانی جووتیارەکان، ئەوان بەرەوخۆی ڕاکێشــێ. زۆرکەس بە تۆمەتی ئەوەی کە بۆیە زەوی بەخشــیوە تا لە یەکەم هەلدا وەریگرێتەوە، بە فریودەر ناویان برد. هەندێ بەوە تۆمەتباریان کرد کە بەرنامەی حزبێکی دیکەی دزیوە کە بەردەوام داوای زەوی بۆ جووتیارەکانی کردووە، تا ئەم حزبە لەناو بەرێت. بەڵام لەو هەلومەرجەدا ئیشی ئەو تەنیا کردەوەی ســیاســی بوو. ئەوەی ســەرنجڕاکێش بوو کە **می- ین- لە** بۆ ئەوەی پێویســتبوونی گۆڕینی بەرنامەکەی لە ئەنجومەنەکەی خۆیدا بسەلمێنێ، تەنیا کەڵکی لە بۆچوونی سیاسی وەردەگرت. بەڕواڵەت ئەویش نەیدەزانی کە لەو قۆناغە ســەرەتاییەدا، بە هۆکاری ئابووری، نەدەکرا ئابووری مەزن بینا بکا. چونکە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێکی ئەوتۆ سەرەڕای گۆڕانکاری سیاسی، پێویستی بە شۆڕشی پیشەسازیش بوو. کشــتوکاڵی بەکومەڵ بەبێ کەڵکوەرگرتن لە کەرســتەی ماشــینی، لە کشــتوکاڵی تاکەکەســی باشــتر نەبوو. تەنانەت چەند ســاڵ پاش ئەوەش مەکینەی پێویست بەدەستەوە نەبوو. هەربۆیە ئیشەکەی **می- ین- لە** کە پەسنی داخوازیی جووتیارەکان بوو، وەڕاست گەڕا و بەڵگەی پێویستیشی بۆ ئەم ئیشە پەیدا کرد.

## خووە نەشیاوەکان

**مەتی** دەیگوت: دەبێ واز لە ڕۆیشتن بۆ شوێنێ بێنین کە بە ڕۆیشتن پێی ناگەین و واز لە باسکردنی بابەتگەلێک بێنین کە بەباسکردن کۆتایی پێ نایە و دەبێ بیرکردنەوە لە بابەتگەلێک کە بە بیرکردنەوە چارەسەر نابێ، لەسەر دەرهاویێژین.

## ئامۆژگاریی مەتی

**مەتی** دەیگوت: دەبێ هەمیشە دەرگا تەنانەت لەپشتسەر دۆستێک کە ڕۆیشتووە دابخرێ، دەنا هەوا زۆر سارد دەبێ. **کین- یە** گوتی، مومکین نییە لەوە ساردتر بێ. **مەتی** گوتی: بۆ، لەوانەیە.

## بەردەوام دوای خوێندن بکەوە.

**مەتی** گوتی: تەنانەت سەیرکردنی ترسی نێوچاوانی ئەوانەی کە ڕێزیان لێ دەگرین، شایانی فێربوونە.

## می-ین-لە دەیگوت: دەبێ وەک ڕاستی لێبڕاو و تووڕە بین

**می-ین-لە** بەردەوام نموونەی لە توندوتیژی و بوێریی توندی دەسەڵاتدارەکان دەهێنایەوە و دەیگوت: سەیر کەن کە خۆیان دەخەنە چ مەترسییەکەوە و چۆن بەڵێنەکانیان لەژێر پێ دەنێن و واز لە پیرۆزییەکانی خۆیان دێنن و ئارام ناگرن تا قازانجێک بەدەست بێنن و زیانی کەمتر ببینن. لەوانەوە فێری دەسەڵاتداری بن.

**مەتی** قوتابیەکانی فێر کرد: شۆرش لە نەدۆزینەوەی چارەسەرەکانەوە سەرهەڵدەدات.

## ئەوەی لای مەتی پەسەند نەبوو

**مەتی** حەزی لە جەژنگرتنی سەری ساڵ و ماڵئاواییکردن و دیاری پێشکەشکردنی ڕۆژی لەدایکبوون نەبوو. نەیدەویست خەڵکی بێچارە ببینێ و نەخشەڕێی بۆ داهاتوو دانەدەنا. حەزی نەدەکرد چێژ لە شیرینیی سەرکەوتنەکان وەرگرێ و گلەیی لە نامورادییەکان بکا و لە دواساتەکان بەهرەمەند بێ. بەبێ ئامادەیی و بێ بابەت گوتاری نەدەدا. حەزی لە ئاوڕدانەوە لە جوانییەکانی سروشت نەبوو. دەیگوت: تێگەیشتن لە دەستپێکی گۆڕانکارییە ڕاستەقینەکان ئەوەندە دژوارە کە مەجالی سەرنج بۆ شتی دیکە نامێنێتەوە.

## سەبارەت بە جوانیی حەقیقەت

هەندێ جار **(کی- ین- لە)**[1] لێکچواندنی "جوان وەک حەقیقەت"ی بەکار دەهێنا. کەسێک یان ناڕازییێک پێی گوت: چەندە ناحەز دەبوو ئەگەر هەموو کات حەقیقەتمان بزانیبا؟ **کی- ین- لە** بەتوندی ڕەتی دایەوە.

## سەبارەت بە مانای چەند وشە

**سروشت**: سروشت بەو شتانە دەڵێن کە مرۆڤ دروستی نەکردبن و لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو شتانە بۆ بەردەوامبوون دەبێ بەرهەمیان هەبێ، تەواوی دروستکراوەکانی سروشتیش کە مرۆڤ دروستی نەکردوون، لە ڕیزی سروشت بە ئەژمار دێن. ئەگەر جاڵجاڵۆکەش وەها پێناسەیەک بۆ سروشت بەکار بێنێ، داوەکەی بە بەشێک لە سروشت نەدەژمێردرا، بەڵام مێزی باخەکە بۆی سروشتە، پەرستنی سروشت

---

1- Ki-en-leh

لەوەدایە کە شارەکانمان شیاوی نیشتەجێبوون نین. بەڵام سروشتی دەستلێنەدراویش شیاوی نیشتەجێبوون نییە. هۆگریی دەریاوانەکان و جووتیارەکان بە سروشت لە پلەی یەکەمدا بریتییە لە عەشق یان خووکردنە بە کارگە. دەریاوانەکان دەڵێن کە بەڕاستی ژیانی دەریایان خۆش دەوێ. ئەمە ئیشێکی دیارە لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا. **مەتی** کە خۆی نیشتەجێی شار بوو، دەیگوت: بەگشتی سروشت کارم تێ ناکا. بەڵام هەندێ لە دیمەنەکانی سروشتم خۆش دەوێ.

**خاک**: **هو-ئی** هەمیشە بە جۆرێک وشەی خاکی بەکار دەهێنا کە مانایەکی جادوویی لەخۆ بگرێ. کە قسەی لە خاک و خوێن دەکرد مەبەستی ئەوە بوو کە خاک هێزگەلێکی رەمزاوی دەداتە خەڵک. **مەتی** ڕایدەسپارد کە بە جێگای خاک بڵێن موڵک، یان خسڵەتگەلی وەک بەپیت، وشک، کەمئاو، ڕەش و وەک ئەوانەی پێ زیاد بکەن. ئاگاداری کردنەوە کە ماوەیەکە ئیدی زەوی بۆ جووتیار هەموو شتێک نییە بەڵکو پتر لەوە، یان بە هەمان ڕادە پێویستی بە پەیین و ماشین و دەسمایەیە.

## سەبارەت بەو وڵاتانەی کە خەڵک فێری ئاکاری تایبەت دەکەن

**مەتی** دەیگوت: زۆر کەس پەسنی وڵاتانێک دەدەن کە خەڵک بە ئاکاری تایبەت وەک دلێری، فیداکاری، ئۆگری بە دادپەروەری و لەو شتانە پەروەردە دەکەن. بەڵام من گومانم لەو وڵاتانە هەیە. کاتێ دەبیسم کە دەبێ مەلەوانەکانی گەمییەک قارەمان بن، دەپرسم: مەگەر گەمیەکە رزیوە، یان کۆنە. ئەگەر پیاوێ ناچار بێ ئیشی دوو کەس بکا، یان کومپانیای گەمییەوانی مایەپووچ بووە، یان دەیەوێ زۆرتر دەوڵەمەند بێ و ئەگەر پێویست بە بلیمەتی گەمیەوان بێ، کەوایە کەرستەکانی گەمیەکە جێگای بڕوا نین.

## جووتیار و گا

**مەتی** دەیگوت: **هو- ئی** داوای لە خەڵک کرد بەجەرگ و قارەمان بن. بەو ڕادەیەی کە مێشکی جووتیار لاوازە دەبێ گاکەی بەهێزتر بێ.

## ناوبانگی خووی ناپەسند

لە هەندێ وڵاتدا پێش دێ کە هەندێ کەس بە خووی ناپەسند ناوبانگ دەرکەن. خووی وەک دڕندەیی، دەمارگیری، ڕووتاندنەوە، چەوساندنەوە، ڕۆحی شەڕکەری، خۆپەرستیی نەتەوەیی، قەبووڵکردنی بێ ڕەخنە و ئەو شتانە تا ڕادەیەک لای هەمووان دڵخوازە، تەنانەت دڵخوازی جەماوەری خەڵکە. هەمووان بەداخەوەن، بەڵام ددان بەوەدا دەنێن کە ئەم خووە خراپانە، پێویستن. ئەگەر پرسیار بکەی بۆ پێویستن دەڵێن: ماوەیەکی زۆر خووی ناپەسند لەئارادا بووە. وەک خۆشگوزەرانیی پایەبەرزەکان، خۆویستیی باوەڕپێکراوەکان و نەزانیی گەورەکان و لەو شتانە. بێگومان لە هەلومەرجێکی وادا بۆ وڵاتێک کە داماو و لاوازیان کردووە، خووگەلێکی زۆرباش پێویستن، بەڵام چاکترە ناپاکییە کۆنەکان قەدەغە بکەن، هەروەها ئەو بارودۆخەی کە ئەو شتانەی دروست کردووە لەناو ببرێ. نەک ئەوەی کە خووی ناشیرینی دیکە بەکار بێنن.

## بارودۆخێ کە پێویستی بە ئاکاری باش هەیە

جارێک کە **مەتی** هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتانەی کە داوای ئەخلاقی باش دەکەن قوتابییەکانی پرسییان: کەوایە ئەگەر داوایان کرد کە ئاکاری باشمان هەبێ دەبێ مان بگرین؟ **مەتی** بێڕاوەستان وڵامی دایەوە: خەڵک چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە ئاکاری چاکی خۆی بەکار

بێنێ. تا کاتێک میللەت لەچنگی دەســـەڵاتدارەکاندایە ناچار دەبێ بە ئاکاری چاک دەرکەوێ. ناچارە ئاکارگەلێک پەیڕەو بکا کە دەسەڵاتداران لەســـەر کار لابەرێ. عەشـــق بە ئازادی، خوازیاری جێبەجێکردنی دادپەروەری، بێباکی، خاوێنیی کردەوە، لەخۆبردوویی و ڕێکوپێکبوونە، هەموو ئەمانە پێویستن بۆ وڵاتێک کە بەشێوەیەک سامان بگرێ کە بۆ ژیان پێویست بە ئاکاری تایبەت نەبێ. دەکرێ بگوترێ ئەوە بارودۆخی نەگبەتە کە پێویستی بە هەوڵی زۆری ئەخلاقی هەیە.

## بێبەریبوون لە ئاکاری چاک

وڵاتێک کە لەودا خەڵک خۆیان ئیشەکانیان بەدەستەوە گرتبێ پێویستی بە سەرکردەی کارامە نییە. لە وڵاتێکدا کە ناحەقی نەکرێ عەشق بە ئازادی پێویست نییە. کاتێک زوڵم لە خەڵکی نەکرێ، هەستی ویستی جێبەجێکردنی دادپەروەری ئەوەندە پێش ناکەوێ. لە شـوێنێک کە شـەڕ پێویسـت نەبێ، پاڵەوانیەتی پێویست نییە. ئەگەر دامودەزگای ئیداری چاک بن پێویست نییە خەڵک زۆر چاک بن. هەڵبەت ئەگەر کەسێ ویستی دەتوانێ زۆرچاک بێ، هەرکەس بە ویستی خۆی دەتوانێ جوامێر، دادپەروەر و پاڵەوان بێ، بەبێ ئەوەی زەرەر بە خۆی و کەسانی دیکە بگەیێنێ.

## بڕینەوەی مووچەی حکوومی بۆ شاعیران

**مەتی** دەیگوت: ئەو مووچەیەی کە دەوڵەت بە شـــێوەی شـــانازی دەیداتە هەندێ لە شـــاعیران، ڕەشـــبینم دەکا. ئەمە کاتێک ڕەوایە کە شـــاعیرەکە بە بەرهەمەکەی خزمەتێکی چـاکی بە دەوڵەت کردبێ. مەبەستم خزمەت بە دەوڵەتە نەک بە خەڵک.

بەگشـــتی، مووچەدان لە بەرانبەر داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبیی جوان، ڕەوا نییە. دەوڵەت نـابێ بەبێ ئەوەی خزمەتێ وەرگرێ دیـاری بـدا. لە کـاروبـاری کولتووریـدا دەوڵەت نوێنەری خەڵـک نییە و دەبێ خۆی لێ بەدوور بگرێ. شـــاعیرەکانیش نابێ بەبێ ئەوەی خزمەتێکیان کردبێ پارە لە دەوڵەت وەرگرن. دەنا بە شێوەیەکی ترسناک بە دەوڵەت و ئەو ئیدارەیە دەبەسترێنەوە. بەڵام دەوڵەت دەتوانێ بۆ دابینکردنی ژیانی شاعیران پارەی وەرگێڕانەکانیان بداتێ. وەرگێڕان ئیشێکە کە شارەزاییەکی هونەریی دەوێ و پشــکنینی ئاســانە. ئەم پشــکنینە ئاوەزی هونەری دەباتە ســەرێ. بەم شـێوەیە بۆ شـاعیر دەلوێ ئەوەندەی کە بە پێویسـتی دەزانن نوێگەری لە شیعری خۆیاندا بکەن بەبێ ئەوەی بەم هۆیەوە ناچار بە برسییەتی بن. بۆ نموونە، بە بیانووی ئەوەی کە کەســـانێک حەزیان لە بەرهەمە هونەریە کۆنەکانە لەوانەیە هەندێک لە ئەزموونە نوێکانی شـــاعیرەکانیش بێتە ناو وەرگێڕانەکەوە، بەڵام ڕادەکەی دیاریکراوە و بەتایبەت دەکرێ پشکنینی بۆ بکرێ. لەم ڕێگایەوە شـاعیران دەتوانن بەرهەمەکانی خۆیان لەگەڵ ئیشـی شـاعیرانی ســەردەمی دیکە و زمانی دیکە هەڵســەنگێنن و ئەو پارەیەی وەریـدەگرن لەبری ئەو خزمەتە بەکەڵکەیە کە بە خەڵکی دەکەن. چونکە وەرگێڕانی چاک گرنگیی زۆری بۆ ئەدەبیات هەیە. ســەرەڕای ئەمەش لەم ئیشـــەدا فێری زمانە بیانیەکانیش دەبن کە ئەمەش بەکەڵکە. بۆ نموونە لەم ڕێگەوە چاکتر فێری زمـانی خۆی دەبێ. دەوڵەت دەتوانێ بە دانی پـارەی وەرگێڕان یارمەتی پێویست – نەک زیاد – بە داهێنانی ئیشە نوێکان بکا.

## خەڵاتکردنی خەڵاتێک

شـــاگردەکانی مەتی بەیەکەوە ڕاوێژیان دەکرد کە چ خەڵاتێک شـــایانی مـامۆسـتـایە. یەکەمینەکە بڕیـاری دا شـتێک خەڵات بکـا کە ئـامرازی بەرهەمهێنان بێ؛ دووهەمین، شتێک کە خۆی بەرهەمی هێنابوو، کە مامۆستا ببینێ کە وانەوتنەوەکەی بەرهەمی هەبووە. سـێهەمین گوتی: خەڵاتێکی پێ خەڵات دەکەم. کۆتێکی گەرمی پێ دەدەم تا بیدا بە **(ئۆگ – گە)**[1] کە سـینگی ناساغە، ئەمە لە هەرشتێکی دیکە پتر شادی دەکا.

## پەردەپۆشکردنی تاوانە دەوڵەتییەکان

ئەو تاوانە ترسناکانەی کە بە دەستی دەسەڵاتدارەکان ئەنجام دەدرێن، کە دێنە نێو ژیانی ڕۆژانەوە، ڕواڵەتێکی ئاسـایی بەخۆوە دەگرن و لە پێش چاو ون دەبن. دامودەزگا سـەرەڕای تاوانەکانی ئەو ئیشـانەی دیکەش کە پێویسـتن و بۆ دواخسـتن نابن، ئامادە دەکا. واتە دەوڵەت مافی ئەنجامدانی ئیشە چاکەکانیشی کردووەتە پاوانی خۆی. سەرەڕای ئەمەش دامودەزگای دەوڵەت لە مرۆڤەکـان پێـک هـاتووە و ئەمە لە کۆتـاییی ڕۆژدا کە دامودەزگاکان دادەخرێن، دیارە. ئێمە خزم و دۆسـت و کەسـوکاری ئەم کەسـانەین. دادوەر دەسـتە خوێناوەکانی خۆی، لەنێو کەسـانی دیکەدا کە ئێوارە لەژێر هەمان شێری ئاودا دەست دەشۆن تا نیشانەی ئیشی خۆیانی لەسەر پاک بکەنەوە، دەشوات. کە پایپەکەی دادەگرسێنێت تاوانبارێک نییە کە پاش کردەوە ناشـیرینەکەی مژ لە دووکەڵەکە دەدات (هەڵێنجانێکی وا هەڵبەت چزوودار و پێوەدەرە) بەڵکو مرۆڤێکی ئاساییە کە پایپ دەکێشێ و بەرێکەوت تووشی تاوانێک بووە (کە جێگای داخە).

---

1- Ug-ge

ئەوەی لە ڕەوتی قەرەباڵغی دادگاییکردنە گاڵتەجاڕییەکانی لایپزیکدا دیتمان سەرەتا ناخۆش بوو. کاریگەریی چالاکیی دەزگای داد بۆ کۆکردنەوەی هەرجۆرە بەڵگەیەک لە هەموو شوێنێک دژ بە تۆمەتبار، پاش دادگاییکردنەکە دەرکەوت. ئەم هەوڵەی دامودەزگا وەک کردەوەیەک کە بەرهەمی هەبووبێ قەبووڵ کرا. کاتێ دەرکەوت کە ئامانج لە کۆکردنەوە و هەڵبژاردنی بەڵگەکان سەلماندنی تۆمەتەکەیە، ڕەشبین بووین. ئەوان بە ئامانجەکەیان گەیشتن و بڕیاریش درا و بۆ ئارامکردنی ئێمەش بەڵگەی پێویستیان بەدەستەوەیە.

## دادگاکانی نی- ین

وڵاتی **سو** کە وڵاتی کرێکارەکان و جووتیارەکانە، پاش پازدە ساڵ لە دامەزراندنی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەچییەکان. ئەرکی مەزنی دامەزراندنی سیستمی گەورە جیاوازیی گەورەی بیروبۆچونەکانی لەگەڵ بوو و سروشتیشە کە ئەمە گۆڕەپانەکەی داوەتە دەست ئیدارەچییەکان. ئەوکات وڵات بەدەست دوو دەسەڵاتدارەوە بوو. یەکێکیان **نی- ین** و ئەوی دی **(تو- تسی)**[1]. **نی- ین** لە ناوخۆی وڵات دەژیا، بەڵام **تو- تسی** لەوبەری دەریاکان، لە شوێنێکی دوور بوو. سەرەڕای ئەمەش هەردووکیان توانایەکی یەکسانیان هەبوو. ئەوەی لە وڵاتدا دەکرا **نی- ین** دانی پێ دادەنا و **تو- تسی** هەمووی بە هەڵە دەزانی. **نی- ین** بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەرئیشێک لە وڵاتدا کراوە، من کردوومە. **تو- تسی** دەیگوت، هیچکام لەو ئیشانە بەقازانج نەبووە. لەڕاستیدا زۆر ئیش دەکرا کە **تو- تسی**ش دەیویست و زۆرکاریش دەکرا کە **نی- ین** نەیدەویست. ئەوانەی کە دەیانتوانی کاریگەرییان لە

1- To-tsi

ڕەوتی ئیشـــەکاندا هەبێت ڕازی بوون. بەڵام شـــتێکی ســـروشـــتییە کە ناڕازییەکانیش کاریگەرییان لە ڕەوتی ئیشـــەکاندا هەبوو، **تو- تســـی** بەردەوام ئاماژەی بە دەســـەڵاتی مەزنی **نی- ین** دەکرد و **نی- ین**یش بەگشتی هەموو قسەکانی لە دەسەڵاتی مەزنی **تو- تسی** بوو. هەندێک لە ئیدارەچییەکان **نی- ین**یان بە باوکی گەلان و **تو- تســـی**یان بەهۆی دواکەوتنی خۆیان دەزانی و تەواوی جێبەجێکەرانی دامودەزگا، یەکتریان بە ئیدارەچی ناودەبرد، بەبێزەونترین مانای وشە.

## مەترسیی بڕوا بە خولی دەوران

لایەنگرانی گەشـــەســـەندن، زۆرجار بەســـووکی ســـەیری ئەو بـــارودۆخەی کە هەیە دەکەن. بەڕای ئەوان وێنـــاکردنی لەبەینچوونی شتێک لە گرنگیی ئەوشتە کەم دەکاتەوە. وەک قۆناغیکی تێپەڕ سەیری قۆناغە مێژووییەکان دەکەن و لە زەینی خۆیاندا بەردەوامی ئەو قۆناغانە کورت دەکەنەوە. بزووتنی شـــتەکان لەبەرچاو دەگرن و بوونی لەیاد دەکەن. دەزانن کە ئێستا پڕۆپاگەندەچی کاربەدەستە، بەڵام کاتێک دەڵێن "هێشـــتا" حکوومەت دەکات، نەگبەتیی دەســـەڵاتەکە لایان کەم دەبێتەوە. دەڵێی گەرای مەرگی لەگەڵە. ئەوەی تێپەڕە لایان نەگونجاو نییە چونکە بە هەرشـــێوەیەک بێت ســـەردەمەکەی تێ دەپەڕێت. بەڵام، ئەوەی بەرەوکۆتایی دەڕوا دەتوانێ کوشندە بێ، سەرەڕای ئەوەش هیچ شتێک بە مەیلی خۆی لەناو ناچێت مەگەر ناچار بە لەناوچوونی بکەن.

## خاڵێک لە شێوازی مەزن

مامۆســـــتا **هگڵ** دەڵێت: ئەوەی کە هەیە تەنیا لەو ڕێگەیەوە هەبوونی دەبێت کە هاوکات بوونی نییە. واتە یان لە کاتی دروســـــتبووندایە یان لە کاتی لەبەینچووندا. لە کاتی دروســـــتبووندا، هەم بوونە و هەم نەبوون، هەروەها لە کاتی لەبەینچووندایە. هەر دروستبوونێک بە لەناوچوون تەواو دەبێت و لەناوچوونی شتێک دەبێتە هۆی دروستبوونی شتێکی دیکە و لەو دیاردەی کە پێک هاتووە دیاردەیەکی دی لەناو چووە. ئەی بێژەر: تۆ تەنانەت لە کاتی قســـەکردنیشـــدا دەگۆڕێیت و ئەوەشـــی کە لەبارەیەوە دەدوێی لە کاتی گۆڕاندایە. بەڵام هەرچەند لە هەموو شـــتێکی نوێدا دیاردەیەکی کۆن هەیە، بەمانەشەوە دەکرێت بە باشی قسە لە دیاردەگەلی نوێ و کۆن بکرێت. گوتاری کەسانێک کە بەدروستی شێوازی مەزن لەکار دێنن لاوازتر نابێت، بەڵکو پتەوتر دەبێت.

مـامۆســـــتـا **هیگـڵ** دەڵـێـت: شـــتـەکـان دیـاردەکـانن، لە پشـــت چلۆنایەتییەکانەوە ڕەوتگەلێک لەئارادایە و پێشـکەوتنی ئیش، تێپەڕین لە بارێکەوەیە بۆ بارێکی دیکە.

## ژیان و مەرگ

**نی – ین** دەیگوت: لە جیهاندا هەمیشە شتێک لە کاتی مردندایە. بەڵام ئەوەی کە دەمرێت بەئاســـانی خۆی نادات بەدەســـت مەرگەوە، بەڵکو هەوڵ بۆ مانەوەی خۆی دەدات، دەیەوێت سەردەمی تەمەنی بەسەرچوو بگەڕێنێتەوە. بەم شێوەیە بەردەوام شتی نوێ دەست بە ژیان دەکات و پەل دەهاوێت و پارێزگاری لە مافی ژیانی دەکات.

# بەدیهێنانی سیستمی مەزن

زۆرکەس وادەزانن ئەو سیستمە مەزنەی کە **کا- مە** و **(ئن- فو)**[1]و **می- ین-لە** باسیان کردووە شتێکە دژ بە تەواوی سیستمەکان، یان دژ بەو بێسەروسامانیانەیە کە تا ئێستا هەبوون. وادەزانن نەخشەیەکی تەواویان بەدەستەوەیە کە دەبێ وەدی بێت.

هیچ گومانی تێدا نییە، ئەوەی هەمانە بێسەروسامانییە و ئەوەی لە گەلاڵەدایە سەروسامانە. بەڵام بارودۆخی نوێ هەڵهێنجاوی بارودۆخی کۆنە و قۆناغی دوای ئەوە. هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە نییە کە بارودۆخێکی بەتەواوەتی نوێ، کە ڕێی تێ ناچێت، پێک بهێنین. بەڵکو ئێمە هەنگاوی دواتر هەڵدێنین. بەو مانایەی کە ئەنجام لەو بارودۆخە وەردەگرین کە هەیە. بارودۆخی نوێ لە ڕێگای لەبەینبردنی بارودۆخی پێشوو و پەرەدان و پێشخستنییەوە پێک دێت. بیرمەندانی کۆن، سیستمێکیان لە بێسەروبەرەیی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان ناسی و پێشانیان دا کە ئەم بێسەروسامانیە سەردەمێک بەزۆر دەستی بەسەر کۆمەڵگەدا گرت و خۆشی وەرگەڕا و تەواو بوو و درێژەی سیستمێک بووە کە بەرەو نەمان دەچوو. هەربۆیە ناکرێ چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت کە بە گورزێک و ڕۆژێک، یان ئیرادەیەک سیستمی مەزن بێتەدی. پێکهێنانی سیستمی مەزن کردەوەیەکی تێکەڵ بە توندوتیژی و زۆرە، بە دەستی زۆربەی خەڵک. چونکە بەرهەڵستکارەکانی لە دژایەتیکردنیدا پەنا بۆ زۆر دەبەن. بەڵام، کاملکردنی ڕەوتێکی دوورودرێژ و شێوازێکی بەرهەمهێنانە.

---

[1]En-Fu

## دابەشكردنی كار

دابەشـكردنی كار بێگومان جۆرێك لە پێشـكەوتنە. بەڵام ئامرازێكیان بۆ كەڵەگایی لێ دروســـت كردووە. كاتێك بە كرێكارێك دەڵێن كە دەبێ لە پلەی یەكەمدا ئۆتۆمبیلسـازێكی چاك بێت، مەبەسـتیان ئەوەیە كە بۆ نموونە، دیاریكردنی مووچەی بداتە دەست كەسانی دیكە كە لەم بوارەدا شـــارەزان، واتە خاوەنكار یا ســـیاســـەتمەدارە چاكەكان. كاتێك بە دوكتۆرێك دەڵێن كە دەبێ سـەرەتا لێكۆڵینەوە لە ناسـاندنی نەخۆشـیی سیل بكەی، مەبەستیان ئەوەیە كە باسی شوێنی نیشتەجێبوون نەكات كە هۆی سەرەكیی پەیدابوونی نەخۆشیی سیلە. بە شێوەیەك كار ڕێك دەخەن كە چەوســـاندنەوە و كەڵەگایی بمێنێتەوە. وەك بڵێی ئەمەش كارێكە كە دەبێ لە لایەن كەسانێكەوە جێبەجێ بكرێت.

## حكوومەتی نەتەوە

**مەتی** دەیگوت: توانـای **می- ین- لە** و هـاورێكانی لە ســـەردەمی شۆڕشی مەزندا هەر ئەوەندە بوو كە خەڵكیان ڕازی دەكرد. ئەمرەكانی **می- ین- لە** باوەڕگەلی كورتكراوە بوو. **می- ین- لە** نەیدەتوانی بڵێت: توانای مەزنی بەرهەڵســـتكارەكەی ناچاری دەكات كە ئەمر دەربكات. توانـای دوژمن نـاچـاری دەكرد خەڵكێكی زۆرتر ڕازی بكـات. **نی- ین** دوژمنی كەمتری هەبوو و ئەمری دەكرد.

## باوەڕ (مانای نوێی وشە)

بۆئەوەی لە حکوومەتی خەڵک بدوێین، دەبێ واتایەکی نوێ بدەینە وشەی باوەڕ. واتا نوێیەکە دەبێ ئەوە بێ: ڕازیکردنی خەڵک، حکوومەتی خەڵک بە واتای حکوومەتی بەڵگەهێنانەوەکانە.

## کەمبوونەوەی بڕوا

**مەتی** دەیگوت: بڕوای خەڵک کاتێک لاواز دەبێت کە پشتی پێ ببەسترێت.

## سەبارەت بە هونەرمەندی پێداگر

**مەتی** لە یەکێک لە شارەکانی باکووردا، لە کۆشکی خەڵکدا، تابلۆیەکی جوانی بینی کە هەشت ژن و پیاوی زۆر فەقیری لە تەمەنی جیاوازدا پیشان دەدا. کتێبێکیان لەبەردەم بوو و لە یەکێک لە هاوڕێکانی خۆیان فێری وانە دەبوون. لە تەنشت تابلۆکەدا لەوحەیەکی دارین هەڵواسرابوو کە شیعرێکی **کین- یە**ی سەبارەت بە ستایشی فێربوون، لەسەر نووسرابوو. **مەتی** لە کرێکارەکانی پرسی: ئەمەتان لە کوێوە هێناوە؟ بەپێکەنینەوە گوتیان: بەڵێ، ئەو وێنەیە یەکێک لە هونەرمەندەکان لە ئەستۆی خستین. خۆمان وێنەکانی دیکەی ئێرەمان هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی خۆمان بەدڵمان بوو - و ئاماژەیان بە وێنەگەلێک کرد کە هەموویان زۆر خراپ بوون - بەڵام ئەم یەکەیان کە تۆ تەماشای دەکەی لەسەر پێداگریی وێنەکێشەکە هەڵمانگرت. ڕۆژێکی تەواو بە پێداگرییەوە وتەکانی بە گوێماندا دەخوێند. سێ جار شیعرەکەی بۆ خوێندینەوە. دەیگوت هەردێڕێکی ئەم تابلۆیەی بەوردی و بە مەبەستێک وێنا کردووە. بەردەوام سەرکۆنەی دەکردین کە مەگەر ئەم جوانییانە و ئەو وردەکارییانە نابینن.

لەکۆتاییدا چەند کەسێکمانی هێنایە سەر ئەوەی کە وێنەیەکی چاکە. چەند کەسێکیش قەبووڵیان کرد کە بە هەر کلۆجێک بێت هونەرمەندە، ئەوانی دیکەمان دەمانویست بە هەرجۆرێک بێ لە دەستی ڕزگارمان بێت. بەو شێوازە بوو کە وێنە و لەوحی شیعرەکەمان کڕی تا بێهیوای نەکەین. هەروەها یارمەتیەکیشمان دابێت. ئێمە لە واتای برسییەتی دەگەین.

**مەتی** گوتی، تێ دەگەم، دەبێ مرۆڤێکی خۆڕاگر و گیانسەخت بووبێت. بەڵام ئەگەر زۆربەتان حەزتان لەم تابلۆیە نییە بۆ پاش ئەوەی وێنەکێشەکە بە ڕەزامەندییەوە ڕۆیشت، تابلۆکەتان هەڵواسی؟ - دیاربوو کە خافڵگیر ببوون. گوتیان: ها، بەڵێ، شتێکی سەیرە. وەک بڵێی ئەم تابلۆیە شتێک لە پێداگریی وێنەکێشەکەی لەخۆدا حەشاردابێت. لەوێ هەڵواسراوە و دەدوێت. ئەگەر بەسووکی تەماشای بکەی نارەنجێت، بەڵام ئەگەر بتەوێ لاییەری هاواری دەگاتە ئاسمان، خەبات دەکا، دەڵێی حزبێکی دروست کردووە و حەزی لە ئیشەکەیەتی. تەنانەت پشووی کەمە و دژی وێنەکانی دیکەش پڕۆپاگەندە دەکات و دەیەوێ دەریان بکا. **مەتی** بە ڕەزامەندییەوە بزەیەکی کرد و گوتی: بە ڕای من بە کڕینی ئەم تابلۆیە پتر دڵتان بە حاڵی خۆتان سووتاوە، نەک بە حاڵی وێنەکێشەکە و ئەو بەخششەی کردووتانە، بە خۆتان بەخشیوە نەک بەو.

## پێناسەی چەند چەمکێک

**نەتەوە: مەتی** ڕایدەسپارد کە بەوپەڕی هۆشیارییەوە وشەی نەتەوە بەکار بەرن. باسکردنی لە نەتەوەیەک بە ڕەوا دەزانی بۆ ئەوەی لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا دیار بێت، یان بڵێن "خودی نەتەوەکان" (کە لە بەرانبەر حکوومەتەکانیاندا دیار بن). بەڵام بەگوێرەی باو، وشەی جەماوەری بە باشتر دەزانی. لەبەر ئەوەی جەماوەر، بەپێچەوانەی

نەتەوە، واتای دروستکراوی یەکبوون و یەکگرتوویی لەخۆ ناگرێت. زۆرجار لە شوێنێک "نەتەوە" بەکار دەبەن کە لەڕاستیدا مەبەستیان "ناسیۆن"ە، یان لەوانەیە مەبەستیان "ناسیۆن" بێت. ناسیۆن هەمان جەماوەرە لەگەڵ سیستمی حکوومەتی. بەرژەوەندیی وەها ناسیۆنێک هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوە یەکێک نییە.

**دیسیپلین: مەتی** دەیگوت: ئەگەر بکرێت لە شوێنێک لە دەستەواژەی "ملدان" کەڵک وەربگیرێت نابێ دەستەواژەی " لاگریی دیسیپلین" بەکار ببرێت. هەر کرێکارێک دەزانێ کە ئەگەر دیسیپلینی، لەبەرچاو، ڕەچاو نەکا، کارخانە ناتوانێت بەرهەمی هەبێت. هەربۆیە بەرێزەوە وشەی دیسیپلین دیننە سەرزمان. بەڵام دیسیپلینێکی وەها گوێڕایەڵییەکی مەڕانەی لەخۆدا حەشار داوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم گوێڕایەڵییە نەبێت، بەرهەمی کارخانە لە دەستی کرێکارەکان نایەتە دەرێ. بەڵام بەسەرنجدانی ڕەها بە بەرهەمهێنان و ئەگەر مەبەست تەنیا بەرهەمهێنان بێت، دەکرێت بە سەرپێچیکردنێکی سەخت لە گوێڕایەڵییەکی وادا دیسیپلینێکی کامڵتر، واتە دیسیپلینێکی بنیاتنەرانەتر پێک بهێنرێت. لە زۆرێک لە ئیشە حکوومەتیەکاندا، لایەنگریی دیسیپلین- کە بۆ بەڕێوەبردنی دروستی کارەکان پێویستە لەبەرچاو بگیرێت - تەنیا بۆ هەندێک لە ئامانجە دەوڵەتییەکان داوا دەکرێت کە بەگشتی بێ بەرهەم و تەنانەت سەرباریشە. دامودەزگا ئیدارییەکان زۆر بێدیسیپلینانە ئیش دەکەن و بەزۆر خەڵک ناچار بە گوێڕایەڵی دەکەن.

**ژینگە: هۆ- ئی** داوای ژینگەی بۆ وڵات دەکرد. واتە دەیویست بۆ چەوساندنەوە وڵاتانێکی دیکە داگیر بکات. **مەتی** ناوی "ژینگەی کوشتار"ی لێ نابوو.

## ستایشی نی- ین

**مەتی** دەیگوت: هەندێک دەزانن کە **نی- ین** لە هەندێک لایەنەوە مرۆڤێکی بەکەڵکە و ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆیان. هەندێک دەزانن کە ئەو مرۆڤێکی بلیمەتە، مەزنترینی مرۆڤەکانە، جورێک خودایە. لەوانەیە هەموو ئەمانە بۆ ئەوان بەو ڕادەیەی کە بەکەڵکبوون بۆ دەستەی یەکەم گرنگە، بایەخی نەبێ بۆیان.

## ترس لە مەرگ

**مەتی** دەیگوت: بەگشتی دەبینم کە لەم سەردەمەی ئێمەدا خەڵک زۆر کەمتر لە ژیانی کورت و بێبرەو دەترسن تا لە مەرگ. ترسی لەڕادەبەدەری خەڵک لە مردن بەهۆی هەوڵی بێوچانیانە بۆ پاراستنی ئەوەی هەیانە.
ئەگەر ئەم هەوڵە نەبێت داراییان لەدەست دەدەن. دڵتەزێنیی لەدەستدانی دارایی لەمەدایە کە مرۆڤی دزییلێکراو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر گیانی کەسێک بکێشن ئیدی خۆی نامێنێت و بەڕاستیش بوونی بێگیانیش چاک نییە. بەڵام کاتێک گیان نەبێت خودی مرۆڤیش نییە.

## بۆچوونی کی- ین سەبارەت بە شەریکەکان

بازرگانێک بە ناوی "ب" سەفەری بۆ شارێکی دوور کرد. لەبەر ئەوەی کە زۆر سەرقاڵ بوو و وای دەزانی شەریکەکەی لێی دڵنیایە، هیچی بۆ نەنووسی. شەریکەکەی لەم بارەیەوە بە جۆرێک دڵی شکا، یان لەبەر ئەوەی بە شێوەیەک خۆی لەو بەجودا دەزانی کە شەریکایەتییەکەی لەگەڵی هەڵوەشاندەوە و تەنانەت شتەکانی ئەوی فڕێ دایە سەرشەقام و لێی گەڕا کە خراپ بن. لەم بارەیەشەوە

نامەیەکی بۆ جەنابی "ب" نووســــی کە هیچکات وڵامی وەرنەگرتەوە. بێدەنگییەکەی هەمان بێدەنگیی پێشوو بوو، بەڵام هۆکەی گۆڕدرابوو.

## ئازادی لە وڵاتی سودا

**مەتی** دەیگوت: کەســـانێک دەڵێن لە وڵاتی ســـودا، ئەو جێگایەی کە سـیسـتمی گەورەی لێ پێک دێت، ئازادی نییە. دەڵێن خەڵکی ئەوێ تەنیا لە یەک شـــتدا ئازادن، ئەویش بیناکردنی ســـیســـتمی گەورەیە. بەڵام دیسانیش لە شێوە و شێوازی پێکهێنانی سیستمی گەورەدا ئازاد نین.

ئێمە دەڵێین سیستمی گەورە بناغەی ئازادییە، تا کاتێک خەڵک وایان دەزانی کە ئازادی شتێکی جیاوازە لە شێوەی بەرهەمهێنانی پێداویستیی ژیان و شـێوەی هاوکاری لە بەرهەمهێنان، دەیانتوانی وابزانن کە لەگەڵ هەندێک لە ئازادیەکان و هەندێک لە ئیجازەکان کە ئەم، یان ئەو ئیش لە بەرژەوەنـدیی خۆیـان بکەن، ئـازادیی مرۆڤ مومکینە. بەڵام ڕێگـای ئازادیی مرۆڤ ئەمە نەبوو.

## سەبارەت بە لاوازی هاوکارەکان

**مەتی**، سـەرزەنشـتی **نی- ین**ی دەکرد کە لە دادگاییکردنی دوژمنانی حزبەکەیدا زۆر پشـت بە بڕوای خەڵک دەبەسـتێ. دەیگوت: ئەگەر داوام لێ بکەن بەبێ بەڵگە بابەتێکی شــیاوی ســەلماندن قەبووڵ بکەم، وەک ئەوە وایە کە ویسـتبێتیان باوەڕ بە بابەتێکی نەشیاوی سـەلماندن بکەم. من کاری وا ناکەم. لەوانەیە **نی- ین** بە لەســـەرکارلابردنی دوژمنەکانی لەحزبـدا، خزمەتێکی بەخەڵـک کردبێـت. بەڵام بە هەرحـاڵ ئەمەی نەســـەڵماندووە. مەحکوومکردنیان بەبێ بەڵگە، بە قازانجی خەڵک نییە.

ئەو کە بەگشـــتی ئەوەندە بەکەڵک بوو، دەبووایە خەڵکی فێر بکردایە داوای بەڵگە بکەن، بەتایبەت لە ئەو.

## پێوابوون و زانین

**(کە- لان)**[1]بەبێ ئاگاداریی ئەنجومەن و بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەوان، لەگەڵ سـیاسـەتمەدارە بێگانەکان گفتوگۆی کرد. **مەتی** دەیگوت: **کە- لان** پشـــت بە بڕوای ئێمە بە خۆی دەبەســـتێت. گرنگ نییە، ئەو جێگای بڕوای ئێمەیە. ئێمەش گومان ناکەین کە خیانەتمان پێ بکات. بەڵام ئەگەر ئەو بیەوێ کە ئێمە بڵێین دەزانین کە خیانەتمان پێ ناکات، داوای شـــتێکی لەڕادەبەدەری کردووە. لە نێوان پێوابوون و زانینـدا جیاوازی هەیە. لەبەرچاونەگرتنی ئەم جیاوازییە مەترسیدارە. ئەگەر ئەو دەیەوێ کە ئێمە بزانین، کەوایە نابێت پشـت بە بڕوای ئێمە ببەسـتێت. دەڵێت: ســەرنجی ڕواڵەتی ئیشـــەکان مەدەن، دەبێ ناوەرۆکی بابەتەکە ببینن. بۆ ناهێڵێ ڕواڵەتی کارەکان ببینین؟ لەوانەیە ڕواڵەتی ئیشـــەکان خەڵەتێنەر بێت، بەڵام دەکرێت ئەمە ڕوون بکرێتەوە و بســـەلمێندرێت. ناکرێت ناوەرۆکی ئیشەکان بسەلمێندرێت و دەبێ بێ ئەملاوئەولا باوەڕ بکرێت. ئایا ئەگەر **کە- لان** بتوانێت ئیجازەی زانین بدات، دیســـان ڕادەســـپێرێ کە بەبێ بەڵگە باوەڕمان پێی هەبێت؟ لەوانەیە **کە- لان** بەباشـــترین نیەتەوە کە لەتوانایدا بووە، پارێزگاری لە ئیشـــەکانمانی کردبێت، بەڵام ئەگەر وامان لێ بکات کە پێوابوون بەجێگای زانین قەبووڵ بکەین، عادەتێکی نابەجێی کردووەتە باو.

1- Keh-Lan

## حکوومەتی ڕەهای نی- ین

**مەتی** لەگەڵ **کین- یە** سەبارەت بە **نی- ین** کە حکوومەتێکی ڕەهای دامەزراندبوو گفتوگۆی دەکرد. **مەتی** دەیگوت: پێش شۆڕشی مەزن، **می- ین** کە دەبێ **نی- ین** بە شاگردی ئەو بزانین، وای دەزانی کە دەبێ کرێکارەکان یارمەتی بۆرژوازی بدەن تا لە کۆتوبەندی حکوومەتی قەیسەری ئازاد بن. بە ڕای ئەو کرێکارەکان هێشتا توانای ئەوەیان نەبوو لە حکوومەتی نەتەوەییدا دامودەزگای مەزنی وڵاتداری ساز بکەن. پاشان بە ڕابەرایەتی ئەو کرێکارەکان حکوومەتیان گرتە دەست. بەڵام ماوەیەکی بەسەردا تێ نەپەڕی کە جێگرەکەی واتە **نی- ین** بێ کەموزیاد وەک قەیسەری لێ هات. دواکەوتوویی وڵاتی **سو-** کە هەمیشە **می- ین- لە** وەبیری دەخستنەوە- لە بارودۆخێکی وادا هێشتا بەرچاو بوو. دامودەزگای مەزنی بەڕێوەبردنی وڵات، لە حکوومەتی نەتەوەییدا لە لایەن بۆرژواکانەوە بونیات نەنرا، بەڵکو کرێکارەکان لەژێر دەسەڵاتداریەتیی قەیسەرئاسای **نی- ین**دا بنیاتیان نا.

**کین- یە** پرسیاری کرد: چ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟ **مەتی** گوتی: کرێکارەکان شانبەشانی جووتیارەکان خەباتیان کرد. ئەمانە سەرەتا لانیکەم لەنێو خۆیاندا، دەنگی زۆربەیان بە دەسەڵاتدار دەزانی. بەڵام بە پەرەسەندنی خەبات، دامودەزگای دەوڵەتی لە زەحمەتکێشەکان دوور کەوتەوە و شێوازێکی دواکەوتووانەی بەخۆوە گرت. **نی- ین** بۆ جووتیارەکان بوو بە قەیسەر، لە کاتێکدا بۆ کرێکارەکان هێشتا بەڕێوەبەری ئەنجومەن بوو. بەڵام پاش ئەوەی کە خەباتی چینایەتی لەنێو کرێکارەکانیشدا سەری هەڵدا، بوو بە قەیسەری ئەوانیش. **کین- یە** پرسیی: دەتوانی ئاماژە بە یەکێک لە هەڵەکانی **نی- ین** بکەی؟ **مەتی**

گوتی: ئەو بەهەڵە وای بۆ دەچوو کە پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی بەپلان، مەسەلەیەکی ئابوورییە لە کاتێکدا ئەمە، مەسەلەیەکی سیاسی بوو.

## برەوسەندن و لەناوچوون لە سەردەمی نی- یندا

بە ڕابەرایەتیی **نی- ین**، پیشەسازی لە وڵاتی **سودا** – بێ چەوسێنەرەکان- برەوی سەند و کشتوکاڵی بەکۆمەڵ هاتە ئاراوە و مەکینەکان لە کێڵگەکاندا کەوتنەکار. بەڵام ئەنجومەنەکانی دەرەوەی وڵات لەبرەو کەوتن. ئیدی کۆمەڵ ئەندامی بەڕێوەبەریان هەڵنەدەبژارد بەڵکو ئەندامەکان بە بۆچوونی بەڕێوەبەرەکان دەستچن دەکران. دروشمەکان لە **سو**وەوە دەهاتن و مووچەی بەڕێوەبەرەکانیش هەر ئەوان دەیان دا. هەرکات ئیشەکان تێک دەچوو، کەسانێک کە ڕەخنەیان دەگرت سزا دەدران، بەڵام ئەوەی کە بەرپرس بوو لە سەرکار دەمایەوە. ئەوەندەی نەخایاند کە ئیدی بەرپرسەکان چاکترین کەسەکان نەبوون، بەڵکو گوێڕایەڵترینەکان بوون. هەندێک لە ئەندامانی حزب لەدرێژەی ئەو ساڵانەدا لە سەرکار مانەوە. چونکە ئەگەر بڕۆشتنایە نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەندامانی دیکە بدوێن. بەڵام مانەوەشیان جگە لە ئاماژە بە کەموکووڕییەکان بەرهەمێکی نەبوو. لە ئاکامدا ئەندامەکان متمانەیان پێیان نەما و خۆشیان متمانەیان بە خۆیان نەبوو. لەو هەلومەرجەدا تەنانەت یەکجاریش هیچ کەس هەڵسەنگاندنێکی دروستی لە بارودۆخەکە نەکرد کە ببێتە ڕێنوێنی کردەوەیەکی هەڵسەنگێندراو. ئەوانەی کە بە ئەزموون بارودۆخەکەیان دەناسی، نەیاندەتوانی هیچ کارێک بکەن، مەگەر پێشتر لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان شارەزای بارودۆخەکە نەبوون پشتڕاست کرابایەوە. زەحمەتکێشەکان، کە تەواوی سیاسەت بۆ ئەوان بوو، لەوپەڕی بێئاگاییدا بوون، چونکە بەرپرسەکان ڕاپۆرتێکیان

بڵاو نەدەکردەوە کە ناســـازگار بێت. لەو بارودۆخەدا نوخبەی خەڵکی خەباتکار تووشـــی نائومێدی بوون. **مەتی** لەوە ناڕازی بوو کە ئایینی گەورە بەو شـێوازە بەرەو لەناوچوون دەچوو. مامۆسـتا **کو** پشـتی تێ کرد. **تو- تســـی** نکۆڵی لە تەواوی پێشـــکەوتنەکانی **ســـو**، تەنانەت بەرچاوترینیشـیانی دەکرد. ئەوانەی لە دەرەوەی **سـو** دژ بە دەسـەڵاتی **نی- ین** لە ئەنجومەنەکاندا خەباتیان دەکرد بەزوویی بێ پشـــت و پەنا مـانەوە و ئەوانەی لە **ســـودا** دژایەتییـان دەکرد خۆیـان لە گەمـارۆی جەنایەتکارەکاندا دەدیت و خۆشـــیان دەســـتیان دەدایە جەنایەت دژ بە خەڵک. ئەوەی هۆشمەندی و چارەسەر بوو لە **سودا** لە سیاسەت دوور خرایەوە و خرایە خزمەت پەرەسەندنی ئابووری. هەرکەس لە دەرەوەی **ســو** پەســنی شــانازییەکانی **نی- ین** تەنانەت ســەلمێنراوترینیشــیانی بکردایە، بە خۆفرۆش ناویان دەبرد و لە خودی **ســـوشـــدا** هەرکەس هەڵەکانی ئاشـــکرا بکردایە – تەنانەت ئەوانەی کە ببوونە هۆی دەرد وئازاری هەمووان- تۆمەتی خیانەتیان لێ دەدا.

## سەبارەت بە رابەرایەتیکردنی خەڵک

لە هەلومەرجە قەیراناوییەکاندا، ڕاگرتنی باس و، بەجێگای پێکهێنانی تامەزرۆیی، سـەپاندنی خواسـتی ملکەچی و، بەجێگای خێرایی لە کاردا هەراسانبوون و دزینی بەرپرسیاریەتیی کەسانی دیکە، لایەنە هەڵەکانی ڕابەرایەتین.

## ئازادکردن و ئازادژیان

**(کا- هوش)**[1] له مەتی پرسی: مەگەر جگە لەوەیە کە شۆڕشی گەورە بەهۆی عەشق بە ئازادی پێک دێت؟ **مەتی** ددانی پێدا نا کە وایە. **کا- هوش** درێژەی دایە: ئەی چۆنە کە شۆڕشگێڕەکان پاش شۆڕش ئازادییەکی کەمتریان هەیە؟ **مەتی** لە وڵامدا گوتی: خەباتکردن بەر لە شۆڕش خۆبەخشانە بوو. هیچکەس خەڵکی ناچار بە خەبات نەدەکرد و شێوازی خەباتیش ئازادانە بوو. بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتنی خەڵک بەهۆی کەمیی دەسەڵاتێک کە بەسەر هەلومەرجی خۆیاندا هەیانبوو، دژوار ببوو. پاش سەرکەوتن ئەو دەسەڵاتە بەدەست هات و پێویستبوونیشی کەمتر نەبوو، چونکە دەبووایە دوژمنی شکستخواردوویان بە شکستخواردوویی بهێشتایەتەوە. **کا- هوش** گوتی: تێدەگەم، ئازادییەکانی جەماوەری خەڵک لەگەڵ ئازادیی دەوڵەمەندەکان لەنێو چوو. **مەتی** وڵامی دایەوە: ئامانجی شۆڕشی گەورە ئەوە بوو کە خەڵک لە چەوساندنەوە ڕزگار بکات. شۆڕش مافی چەوساندنەوەی لەنێو برد و لە هەمانکاتدا بەر بە ئازادیی چەوساندنەوەش لە خەڵک گیرا. ئەم ئازادییەی دوایی بە شێوازی جیاجیا دەرکەوتبوو بە شێوەیەک کە هەمیشە ناسینی بە ئاسانی، بە شێوەی ئازادیی چەوساندنەوە، مومکین نەبوو. **کا- هوش** پرسیی: کەوایە بە ڕای تۆ تامەزرۆیی ئازادیخوازیی خەڵک بێنرخ بووە و ئەوەندە بێبایەخە کە دەڵێی هیچ کۆتوبەندێک لە ئارادە نیە کە ڕزگاربوون لێی پێویست بێت؟ **مەتی** وڵامی دایەوە: رزگاربوون لە کەموکوڕیەکان پێویستە. ئامانجێک جیا لەمە لە ئارادا نییە و بۆ ئەمەش خەباتێکی ڕزگاریخوازیی زۆر و بەردەوامیی ئارەزوومەندانەی ئازادیپەرستی پێویستە.

---

1- Ka-hosch

## سەبارەت بە پێکهاتنی یەکەگەلێک بە توخمی دژبەیەک

زۆرکەس لەوە تێنەدەگەیشتن کە خەڵکی **گێر**[1] چۆن لەشەڕی **هو- ئی**دا بەشدارییان کرد. **مەتی** بەم شێوەیە ڕوونی کردەوە: خەڵکانێک لەو بڕوایەدا بوون کە دەکرێ بەبێ گرفت سیستمی گەورە دابمەزرێندرێت. جەماوەر دەیانزانی، یان گومانیان وابوو کە سیستمی گەورە ژیانێکی چاکتریان بۆ دابین دەکات. بەم شێوەیە بوو کە گەورەکانی هۆز دەبووایە خەڵکیان بە دەستی **هو- ئی** بهێنایەتە ژێر ڕکێف، بەڵام کاتێک گەورەکانی هۆز ئەم پرسیارەیان بۆ پێش هات کە خەڵک زۆرتر بچەوسێننەوە، یان شەڕێک بنێنەوە تا چاکتر نەتەوەکانی دی بچەوسێننەوە، دەنگ بە نانەوەی شەڕ درا. بەم شێوەیە لەبەر وەلانانی ئەگەری سێهەم، واتە دامەزراندنی سیستمی گەورە، کە پێویستی بە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر نییە، خەڵکیان خستە بەندکێکی سەختترەوە، بەڵام چەوساندنەوە زۆرتر نەبوو و خەڵک کەوتنە شەڕێکەوە کە بەناچاری لە بێسەروسامانییەکی گەورە دەکەوێتەوە. خەڵک ماوەیەک لە کارخانەگەلێکدا کە کەرستەی شەڕیان دروست دەکرد، یان لە مەیدانی شەڕ، یان لە ماشینی کوشتاردا، سەرقاڵی ئیشێک بوون بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیانیان.

### بۆ دامودەزگای هو نەڕووخا؟

دامودەزگای حکوومەت نەڕووخا، چونکە وای دەزانی هێشتا ڕێگایەک لە بەردەمدا ماوە، ڕێگایەک کە بۆ حکوومەتگەلێکی لەو چەشنە، ئاواڵەیە، واتە شەڕ و داگیرکردنی وڵاتان. دەوڵەت توانی بەزۆر خەڵک بۆ ئەو ئیشە ڕاکێشێت.

---

1- Ger

## نەتەوە و دەوڵەت لە شەڕدا

پاش ئەوەی کە ڕژێمی بێکەڵک و داگیرکەری **ئێن- ئنگ**[1] بە چەکی ناتەواوەوە سوپای ڕەوانەی شەڕی دەریایی کرد و دوژمن تێکی شکاند، دانیشتووانی کەنارەکان بە بەلەم چوونە دەریا و لەژێر تەقەی قورسی تۆپخانەکاندا کوڕان و باوکانی خۆیان هێنایەوە. ئەمە بووە هۆی پتەوتربوونی پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەوڵەت.

پاش ئەوەی کە **هو- ئی** بەبێ جلوبەرگی گەرم سوپای ڕەوانەی زستانی سارد و سڕی وڵاتی **سو** کرد، ناچار داوای لە خەڵک کرد کە جلوبەرگی گەرم بۆ سەربازەکان بنێرن. خەڵک جلوبەرگی پەشمینەیان نارد و لە گەرمەی ئەم ئێشەدا کەمتەرخەمیی تاوانبارانەی رژێمیان بۆ ماوەیەک لەیاد کرد. پەیوەندیی دەوڵەت و خەڵک لەم بەوبەختییەدا پتەوتر بوو.

## قەبووڵکردنی هەڵە چاکترە لە پاساوهێنانەوە

کاتێک **مەتی** لە **سودا** سەفەری دەکرد، وڵات لە چاوەڕوانیی شەڕێکی گەورەدا بوو. کە ئەنجومەن زانی دوژمنە ناوخۆییەکان دەستبەکار بوون، زۆرکەس دەستبەسەر کران. **مەتی** دەیدیت و دەستخۆشانەی لەوە دەکرد کە بەگشتی هیچکەس زیندانییەکانی تەنیا لەبەر ئەوەی لە زینداندان، بە گوناهکار نەدەزانی. بەپێچەوانەوە زۆرکەس دەستبەسەرکردنی ئەوانەی کە تەنیا جێگای شک و گومان بوون بە سادەیی قەبووڵ دەکرد. ئەوەی کە دەزگای داد توانای دۆزینەوەی گوناهکارەکانی نەبوو، بە کەموکووڕی نەدەژمێردرا. بەڵام بە هەرجۆرێک بێت قەبووڵیان دەکرد کە دەوڵەت، توانای دیاریکردنی نییە،

1- En-ong

لانیکەم بە توندوتیژی دژی ئاژاوە دەوەستانەوە. دەیانگوت دوکتۆری شارەزای نەشتەرگەری، شێرپەنجە لە ئەندامە ساغەکان جیا دەکاتەوە. بەڵام دوکتۆری تازەکار گۆشتی ساغیشی لەگەڵ دەبڕێت. **مەتی** دەستخۆشانەی لە بۆچوونی خەڵک دەکرد و دەیگوت: ئەمانە پۆلیسی خۆیان بە خزمەتکارێکی ناشارەزا، تووڕە و نەزان دەزانن، ئەمەش سەروەرییەکە.

## پۆلیسی وڵاتی سو

**مەتی** دەیگوت: داوا لە خەڵک مەکەن کە چاک بن. ئیشی چاک دابین بکەن. ئیشی چاک ئەوەیە کە پێویستی بە کارکەری چاک نەبێت. پۆلیسبوون ئیش نییە، مەئمورییەتێکی کورتماوەیە. هەندێک ئیش هەیە کە تەنیا ماوەیەکی کورت دەتوانی پێیەوە سەرقاڵ بیت، ئیشی پۆلیس لەو ئیشانەیە. پاسەوان پێویستی بە ئەزموونی پاسەوانی نییە هەرئەوەندە بەسە کە مرۆڤێکی بەدەستوبرد بێت.

## خۆماڵیکردنی ئەزموونەکان

نابێت کەسایەتییەکان لە پۆستە دەوڵەتییەکاندا بەهۆی ئەوەی تەنیا لەو پۆستەدا ئەزموونیان هەیە، بهێڵرێنەوە. دەبێ ئەم کەسایەتییانە فێربن ئەزموونەکانیان بگوازنەوە. نەک بەوهۆیەوە سەروسامانێک بۆ خۆیان پێکەوە بنێن.

## سەبارەت بە ڕەوشی هەڵسوکەوتی تاکەکان

کەمتر پێش هاتووە کە سەرۆکە بیرمەندەکانی خەبات ڕاسپاردەی ئەخلاقی و هەڵسوکەوتیان بۆ یەکبەیەکی کرێکارەکان هەبووبێت، مەگەر پەیوەندیی بە هەڵسوکەوتیانەوە لە کۆمەڵی کرێکارەکاندا هەبێت. هەمیشە پێشانیانداوە کە تاک کاتێک کردەوەی کاریگەری دەبێت کە وەک بەشێکی چاکی کۆمەڵ هەڵسوکەوت بکات.

## بەخۆداچوونەوەی مێژوویی

**مەتی** خالّی کەمتری سەبارەت بە ڕێنوێنیکردنی هەڵسوکوتی تاکەکان، لە نووسینی سەرۆکە بیرمەندەکانی خەباتدا دیتوەتەوە. زۆرتر باس لە چین، یان گرووپە گەورەکانی مرۆڤایەتی بووە. بەڵام **مەتی** پەی بەوە برد کە ئەم بیرمەندانە، وەک شتێکی زۆر بەکەڵک، پەسنی لایەنی مێژوویی دیاردەکانیان کردووە. وەهابوو کە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بە تاکەکانی ڕاسپارد، کە خۆشیان، وەک چین و توێژە گەورەکانی مرۆڤایەتی، بە دیاردەیەکی مێژوویی بزانن و هەڵسوکەوتی مێژوویی بگرنەبەر. تەمەنێک کە وەک دەقی ژیاننامەیەک ببرێتە سەر، گرنگییەک پەیدا دەکا و لەوانەیە ببێتە دروستکەری مێژوو.

پێشەوایەک بە ناوی **یو- سێسر**[1] بیرەوەریەکانی بە ڕێژەی سێهەم کەس دەنووسی. **مەتی** دەیگوت: دەکرێت لە ژیانیشدا لەبەرگی سێهەم کەسدا بژیت.

1- Ju-Seser

## کا- مه و فو- ئن و فەلسەفە

**ما- تە**[1]دەیپرسی: ئایا دەکرێت **کا- مه** و **فو- ئن**[2]بە فەیلەسووف ناو ببەین؟ **مەتی** لە وڵامدا گوتی: **کا- مه** و **فو- ئن** دەیانویست ئامانجی فەلسەفە تەنیا لێکدانەوەی جیهان نەبێت، بەڵکو دەست بە گۆڕینیشی بکات. ئەگەر ئەمە قەبووڵ بکەین دەتوانین ئەوان بە فەیلەسووف بزانین. **ما- تە** پرسیی: مەگەر دونیا تەنیا لەڕێگای لێکدانەوەوە شیاوی گۆڕان نییە؟ **مەتی** گوتی: نا، زۆربەی لێکدانەوەکان پاساون.

## جوان چییە

تەلارسازی گەورە، **لن- تی**[3]ئارمانێکی بەرزی بۆ جوانی خستە ڕوو. ئەو رایگەیاند کە جوانی یانی بەکەڵک و بەبەهرە.

شاری **کو- ها**[4]دەیویست خانوو بۆ کرێکارەکان دروست بکات و ئەم کارەیان بەو سپارد. ئەو خانوانەی دروستی کرد هیچ ڕازاوەییەکی تێدا نەبوو، بەڵام تەواوی ئەو شتانەی تێدا بوو کە بۆ ژیان پێویست بوو. کرێکارەکان لە خانووەکاندا نیشتەجێ بوون و ئەوەندەی بەسەردا تێنەپەڕی کە **لن- تی** تێگەیشت کە ئەمانە لە کارەکەی ڕازی نین. دەیانگوت خانووەکان ئەوەندە جوان نین. **لن- تی** بە دڵشکاوییەوە رایگەیاند کە هیچ گومانی لە جوانیی خانوەکان نییە. ئەوانەم وەک ماشینەکانی ئێوە سازکردووە کە تا ئێستا جوانتر لەوانەم نەدیوە. ئەمانە

---

1- Me-te

2- Fu-en

3- Len-ti

4- Ku–ha

بەکەڵک و بەبەهرەن و بیرۆکەی من ئەوە بووە کە بەکەڵکترین خانوو بۆ بە بەهرەترین مرۆڤەکان ساز بکەم.

کرێکارەکان گوتیان لە کارخانەکانماندا هەموو شتێک بەپێی ڕێسایە و هەموو شتێکی بەکار دێت. هیچ شتێکی بێکەڵکی تێدا نییە. ئێمەشیان تا ئەوجێگا دەوێت کە بەکەڵک بین. دڵمان لەوشتانە کە تەنیا بەکەڵکن تێکدەچێت. ئەو ماشینانەی کە ژیانمان هەڵدەلووشن، لە کانزا و شووشە دروست کراون، ئێستا تۆش کەرستەی خانووەکانمان لە کانزا و شوشە دروست دەکەی. کەوایە وەرە کورسییەک لە تاسمەی چەرمی چنراو بدە بە حەماڵێک کە کاتی ڕاکێشانی بەلەم بە تاسمەی چەرمیی جەڵدەی لێ دەدرێت.

بەڕاستی لەوانەیە شتی بەکەڵک جوان بێت، بەڵام ماشینەکانی ئێمە جوان نین، لەبەر ئەوەی کە بەرهەمەکەی بۆ ئێمە نابێت. **لن-تی** بە دڵشکاوییەوە هاواری کرد: بۆ مەگەر ناکرێت کە ماشینەکان بۆ ئێوەش بەکەڵک بن. کرێکارەکان گوتیان: بەڵێ، خانووەکانی تۆش دەکرا جوان بن، بەڵام نین.

## نرخی پەموو

**مەتی** گوتی: سەد ساڵی پێش ئێستا نرخی کیلۆیەک پەموو هەر ئەوەندە بووە کە ئەمڕۆ هەیەتی. لەم ماوەیەدا قیمەتی پەموو هەندێک جار گەیشتبوە پازدە بەرابەر و هەندێک جاریش بە نیوە گەیشتبوو. لەم ماوەدا داهێنانی گەورە کرابوو، بەنداوی بەرز دروست کرابوون و شەڕی زۆر ڕووی دابوو. ئەمڕۆ کە سێهەزار جار پتر لە سەد ساڵی پێشوو پەموو بەرهەم دەهێندرێت و سەرەڕای ئەمەش نرخەکەی هەمان نرخە. ئەوە ڕێژنە و تۆفان نییە کە پەموو گران دەکات، ئەوە ئیشی پاوانکارەکانە، داهێنانەکان پەموو هەرزان ناکەن، بەڵکو ئەوە ئیشی شۆڕشی گەورەیە.

## متمانه

**مەتی** دەیگوت: ناكرێت باوەڕ بە كەسێک بكرێت كە بەقەد دەنكە جۆیەک عەقڵی نییە، هەروەک چۆن متمانە بە زیخی ڕەوان ناكرێت. عەقڵ كە بە ڕادەی دوو جۆی لێ هات مرۆڤ وەک گاشەبەرد جێگای بڕوایە.

## گەڕان بەدوای لۆژیک لە جەنایەتەكانی هی- یەدا

**مەتی** هەوڵی دەدا كە تەنانەت لە جەنایەتەكانی **(هی- یە)**[1]دا، هێزێكی ئاوەزپەسەند بدۆزێتەوە. چونكە دەیگوت پەیڕەوەكانی **هی- یە** لەبەر جەنایەتەكانی پەیڕەویی لێ ناكەن، بەڵكو پەیڕەوییەكەیان بەهۆی ئەو لایەنە بەكەڵكەیە كە لە هەندێک لە ئیشەكانیدا حەشار دراوە. لە وڵاتی **گادا** سەرمایەدارەكان كرێكارەكانیان دەچەوساندەوە و سەرەڕای ئەوەش چەوساندنەوەی سەرمایەدارە بیانییەكانیشی هاتبووە سەر. دەوڵەتەكانی پێش لە **هی- یە** دەستیان لە سیستمی چەوساندنەوەی ناوخۆییدا نەبوو، بەڵام شەڕ و پەرەدان بە خاكی وڵاتیان، كە ئاكامی لۆژیكی سیستمێكی وایە، نەدەویست. لە لایەكی دیكەوە ڕادەیەكی دیاریكراویان بۆ دابەشكردن و بڵاوكردنەوەی كاڵا دیاری نەدەكرد، لە كاتێكدا بەرهەمهێنانی كاڵا بەند كرابوو و پەرەی نەدەسەند. بەڵام سیاسەتی **هی- یە**، لانیكەم بۆ ئەوانە كە قازانجێكیان لەو سیستمەدا هەبوو، لایەنی شیاوتری لەخۆ دەگرت و وای لێ هات كە **هی- یە** ئەوانی لەخۆ كۆ كردەوە. كاتێک كاسبكارەكانی تێدەگەیاند كە شەڕ بۆ برەوی قەسابەكان و جلفرۆشەكان پێویستە و ئەوانی ڕەوانەی ڕاهێنانی زۆرەملی دەكرد، ئیشێكی ناڕەوای نەدەكرد. بەڵام بە ڕای كرێكارەكان كارخانە گەورەكان هەر شتێكن و هیچی دیكە. چونكە كرێكارەكان هەستیان

1- Hi-yeh

دەکرد کە ئەگەر ئیزن بدەن ئەوان بە ئازادی بەرهەمەکەی خۆیان کامڵ بکەن و پەرەی پێ بدەن، بەڵگەیەک بۆ شەڕکردن نامێنێتەوە.

کرێکارەکان دەیانتوانی تەنیا بە کاسبکارەکان بڵێن کە دەبێ شێوازی کاسبیی خۆیان بگۆڕن، دەنا شەڕ ڕوو دەدات و ئەمەش قسەیەکی ڕەوایە. نەک ئەوەی کە شەڕ وەلا بنێن لەبەر ئەوەی کە کاسبی پێویستی بە شەڕ نییە. هەروەها تا کاتێک جووتیارەکان پابەندی کار لەسەر باخچەی بچووک بوون، وتارەکانی **هو- ئی**یان پێ ڕەوا بوو. ناڕەوایی، پابەندبوونیان بوو لە باخچەی بچووکدا. کەسێک کە بیری لە هەموو ئەمانە نەکردبۆوە نەیدەتوانی متمانەی بە قسەکانی **هی- یە** هەبێت.

## دوو جۆر هۆشمەندی

بۆ بەدەستهێنانی بژێویی هۆشمەندیی پێویستە، کە لەوانەیە لەشێوازی گوێڕایەڵیی بۆ مودیر دەرکەوێت. بەڵام جۆرێکی دیکەی هۆشمەندی لەوانەیە بگاتە ئەوەی کە سیستمی مودیریی و ژێردەستەیی لەنێو ببات. بەڵام بۆ ئیشێکی وا پێویستمان بە هۆشمەندی لە شێوازی یەکەم هەیە. چونکە بۆ بەکردەوەکردنی ئەم ئامانجە بژێویی پێویستە.

## دیالێکتیک (لەدایکبوونی شێوازی گەورە)

**مەتی** دەڵێت: کاتێک خەڵک دیتیان کە دوو چین بڕیار لە بەجێهێنانی نیاز و پێداویستyی ژیان دەدەن, بەڵام هیچکامیان ئیشێک ناکەن کە نیاز و پێداویستییەک نەهێڵێت؛ هەروەها ئەم دوو چینە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی چینەکانی دیکە نەبوون، بەڵام لەنێو خۆشیاندا بەرژەوەندیی دژبە یەکیان هەبوو؛ ئەوەی کە مەرجی دەوڵەمەنبوونی یەکێک مایەپووچبوونی کەسانی دیکە بوو، ئەوەی کە ئەوەی لە لایەنێکی

تایبەتەوە بە پێشکەوتوو ئەژمار دەکرا لە لایەنێکی دیکەوە بە شێوەی دواکەوتوویی دەردەکەوت، ئەوەی کە مەرجی یەکەمی بوونی وڵات بە شێوەی کۆمەڵێکی یەکگرتوو، دژایەتیی نێوان چینەکانی ئەو وڵاتە بوو، ئەوەی کە گرووپێک لە خەڵک کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گەل لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و هەر کە بەرژەوەندییەکی دیکە پەیدا دەبوو لێک دەترازان و ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان، ئەوەی کە خاوەنداریەتیی ئەمرۆ، سبەی ببێتە قەرز، ئەوەی کە هەرشتێک بەکەڵکی چەوساندنەوەی خەڵک نەهاتایەت، بێبایەخ بوو، ئەوەی کە پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتی گرووپە گەورەکانی خەڵک ناخاترجەم دەمایەوە، ئەگەر بەشە پێکهێنەرەکانیان و دژبەیەکیی بەرژەوەندییەکانیان بە نەناسراوەی دەمایەوە، ئەوەی کە ڕێی تێ نەدەچوو ڕێڕەوی گۆڕانکاریی کاروبارەکان لە درێژماوەدا دیاری بکرێت، ئەوەی کە زۆرێک لە چەمکەکانی وەک سوپا، وڵاتی کرێکارەکان، زۆرداری، پارە و وەک ئەوانە بەکار نەدەهات، ئەگەر دیاریکردنی وردی بارودۆخ، وەک کات و شوێن و سیستمی کۆمەڵایەتی پەیوەست بەوانە جێبەجێ نەدەکرا، ئەوەی کە زۆر بە کەمی بارودۆخی هاوشێوە هەبوو، کە یەکجۆر هەڵسوکەوت لە بەرانبەریاندا بگیرێتەبەر و ڕاست بێت، یان وابزانرێت کە شتی وا مومکینە؛ کاتێک خەڵک دەرکیان بەم شتانە و هاوشێوەکانی کرد، شێوازی نوێ پێک دێت.

## قەتڵی نەفس

بیرمەندانی سەرۆکی خەبات پەیڕەوێکیان نەهێناوە کە قەتڵی نەفس قەدەغە بکات. ئەمانە دڵسۆزترین کەسەکان بوون، بەڵام دوژمنانی مرۆڤیان لە بەرانبەر خۆیاندا دەدیت کە بە قسەکردن تێک نەدەشکان، تەواوی هزریان بۆ پێکهێنانی هەلومەرجێک بوو کە لەودا کوشتنی

مرۆڤ بە قازانجی کەس نەبێت. ئەوان لەگەڵ زوڵمی کوشندە و بەربەستێک لەبەردەم بزووتندا، خەباتیان دەکرد. ئەوان گومانیان لەوە نەبوو کە دەبێ بەزۆر کێبەرکێ لەگەڵ زۆردا بکرێت.

## خەباتی هونەرمەندەکان

لە سەردەمێکدا کە **هی- یە** توندترین زەختی بۆ سەر خەڵک دەهێنا، پەیکەرسازێک لە **مەتی** پرسی، چ بابەتێک هەڵبژێرم تا قسەی حەقم کردبێت، بەبێ ئەوەی بکەومە داوی پۆلیس؟ **مەتی** ڕایسپارد: پەیکەرێک لە ژنی زگپڕی کرێکارێک بە ڕواڵەتێک کە تووشی مەینەتی هاتووە و تەماشای زگی خۆی دەکات. بەم شێوازە زۆر قسەت کردووە.

## کارمەندی خراپ

**مەتی** بەم شێوەیە وەسفی کارمەندی خراپی دەکرد: ئەویان ڕاسپاردووە کە هاتوچۆ ڕێک بخات، بەڵام خۆی ڕێگاکەی گرتووە. کارمەندی خراپ گران دەکەوێت، نەک تەنیا بەو کارانەی کە نایکات، بەڵکو بەو کارانەشەوە کە دەیانکات. خەرجەکەی پتر لە مووچەکەیەتی. بەرزەفڕییەکەی لەوەدایە کە پێویست بێت. ئەگەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە ڕاپەڕێنێت، لەسەر کار دەمێنێتەوە. ئەگەریش لەبەر بێتوانایی ڕاینەپەڕاند، دیسانیش هەر دەمێنێتەوە. بەگشتی تەمبەڵە، بەڵام ئەگەر هەوڵێکیش بدات زەرەر و زیانەکەی کەمتر نییە. بەگشتی بەرتیل وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر بەرتیلخۆر نەبێت ئەستەمە هەنگاوێکی خێر بهاوێت. تەنانەت کاتێک هیچ شتێک بۆ بەڕێوەبردن نەمابێت، کورسییەکەی بەرنادا.

## مەکتەبی هی- یە و لاوان

پیاوێکی ناهومێد و بێزار، بە **مەتی**، کە دوور خرابوەوەی دەگوت: **هی- یە** لاوەکانی بەدەستەوەیە، دەڵێ لاوەکان داهاتووی نەتەوەن. بەم پێیە بیست سی ساڵی دیکە نەتەوە بووەتە هۆگری هزرەکانی ئەو. **مەتی** پرسیاری کرد: کام هزرانە؟ پیاوی ناهومێد وڵامی دایەوە: ئەوەی کە چینەکان نین و یەکیەتیی نەتەوەیی هەیە و ئەو سیستمەی هەیە دادپەروەرانەیە. **مەتی** گوتی: بێگومان بیست سی ساڵی دیکە لاوەکان تێدەگەن کە چینەکان هەن. چونکە ناچار دەبن تەواوی قورساییی گرووپێکی بچووک لەسەر شان دابنێن و تێدەگەن کە ئەمە دادپەروەرانە نییە. کاتێک لاوەکان ئیدی لاو نەبن، **هی- یە** ناتوانێت ئەوانی بەدەستەوە بێت. لاوەکان داهاتووی هەموو نەتەوەیەکن، بەڵام کاتێک کە گەورە دەبن!

## بابەتی سێهەم

**مەتی** دەیگوت: کاتێک پەیوەندیی دوو کەس چاکە، کە هەردووکیان هۆگری بابەتێکی سێهەم بن. **می- ین- لە** درێژەی دایە کە ئەم بابەتە لە پەیوەندیی گرووپەکانی مرۆڤیشدا، بە هەر ڕادەیەک بێت – ڕاستە. لەم ڕێگایەوە کە هۆگری ئامانجێکی هاوبەشن، پەیوەندییەکەشیان بە ئاسانی ڕێک دەخرێت و ئەویش بە بەراورد لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم ئامانجەدا.

ئەو شەوقەی کە **مەتی** چاوەڕوان بوو لە پەیوەندیی دوو دۆستدا بەدەست بێت، بۆ نموونە لە لێککەوتنی دەستی ژن و پیاوێک کاتی هەڵگرتنی سەتڵێک ئاو، **می- ین- لە** لە نەتەوە لاوەکانی دەویست کە دەستی یەک بگرن تا خولی مێژوو بسووڕێنن.

## سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا

**مەتی** دەیگوت: مامۆســتا **کا- مە** لە ســەردەمە جیاوازەکانی ژیانیدا هەڵســوکەوتی جیاوازی لەگەڵ فەیلەســووفەکاندا هەبوو. ســەرەتا وەک فەیلەسووفەکان لێیان نزیک بووەوە و لە ڕوانگەی خۆیانەوە قسەکانیانی شــی کردەوە. پاشــان هەڵســوکەوتێکی نافەیلەســووفانەی لەگەڵیان گرتە پێش و خۆیانی بە نموونە هێنایەوە و پێشــــانیدا کە چەندە بێهوودەیە بەجێگای ئەوەی فەلســـەفە بخەیتە خزمەت ژیانەوە، بۆ فەلســـەفە بژیت. پاش ئەوە ئیدی کاری بە فەیلەسووفەکان نەبوو، خەریکی بەدواداچوونی کارە زانســـتییەکان بوو، لەگەڵ ئەوەیدا کە جارجار فەیلەســـووفەکانی وەک مێشی سەربار لەخۆی دوور دەخستەوە.

## پاڵەپەستۆ و زەبروزەنگ

بیرمەندانی ســەرەکیی خەبات نەیاندەگوت: ناهەقی و چەوســاندنەوە هەمیشـــە بوون و هەمیشـــەش دەبن. هەروەها نەیاندەگوت: هەمیشـــە هەبووە، بەڵام ئیدی ئەوەندەی نەماوە کە تەواو ببێت. ئەوان ڕێکوپێکتر دەدووان، دەیانگوت: ناهەقی و چەوســاندنەوە لە ســەردەمە جیاجیاکاندا بە شـێوازی جیاواز بوون و بۆ فڵان و فیسـار خەڵک بوون و هۆکەشـی ئەمانە بووە. بە ڕای ئەوان ناهەقی و چەوساندنەوە هەمیشـەش شـتێکی زیادە و بێکەڵک نەبووە، چونکە ئەوان ئەوەندە وردبین بوون، دڵنیاییەکی تەواویان بەدەســـت هێنا و گوتیان: ئێســـتا ناهەقی و چەوســـاندنەوە پێویست ناکات و دەکرێت لەناو ببرێت.

## نان و کار

خەڵکی **گا**، نان و کاریان دەویســـــت. بارودۆخەکە وابوو کە کار بۆ زۆرکەس نەبوو و لە ئاکامیشـــــدا نانیش نەبوو. خەڵک نانی بەلاشـــیان نەدەویســـــت. ئامادەبوون کار بکەن و نان وەربگرن. پاش ئەوەی کە **(تی-هی)**[1]بە دەســـەڵات گەیشـــت، رایگەیاند کە ســـەرەتا کار دەداتە خەڵک و پاشان نان. ئەویش بە ڕادەی پێویست. دەستی بە بەرنامەگەلێکی گەورەی ئاوەدانی کرد، کە بۆ ئامادەکاریی شـەڕ پێویست بوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە کارانە بەرهەمێکی نەبوو، قاتوقڕی پتر بوو. لەو بارودۆخەدا **تی- هی** دروشمێکی نوێی داهێنا: یان نان، یان کار.

## کەمویستن لەوانەیە ببێتە شاتوشوتخواستن

**مەتی** دەیگوت: وڵاتی **گا** چەند ســاڵێک حکوومەتی نەتەوەییی هەبوو. ئەم دەوڵەتە دوو ئیشــی بۆ خەڵک کرد. ســەرەتا ســیاســەتی دەرەوەی لەســەر بنەمای پاراســـتنی ئاشـــتی رێک خســـت و دووهەم حەقدەســـتی خەڵکی زەحمەتکێشـــی بەرز کردەوە. بەڵام هیچ گۆڕانکـاریییەکی لە ڕێکخراوی بـازرگـانی و شـــێوەی بەرهەمهێنـاندا نەکرد. شـــێوازی بەرهەمهێنـان بە شێوەیەک بوو کە هەموو هێزە بەرهەمهێنانەکانی ئازاد نەدەکرد بەڵکو بەندی دەکردن. وابوو کە بەرهەمهێنان زۆر زیادی نەکرد، بەڵام زۆر بەکار دەبردرا و شـەڕیش بە هەمان رادە پێویســت بوو کە پێشـتریش پێویســت بوو، بەو جیاوازییەوە کە حکوومەت بەتەمای ئامادەکاری بۆ شەڕ نەبوو. وڵات بەرەو لەناوچوون و لێکترازان دەچوو، کە حکوومەتی نەتەوەیی ڕووخا.

---

1- Ti-hi

## قوتابییەکانی کا- مە بۆ هەر پرسیارێک وڵامێکیان هەیە

قوتابییەکانی **کا- مە** زۆرێک لە فەیلەسووفەکانیان زوێر کردبوو. بەهۆی ئەوەی کە بە شێوازیک قسەیان دەکرد کە وەک بڵێی هەموو شتێکیان بۆ چارەسەر کراوە. سکاڵا لەوە دەکرا کە ئەمانە لە وڵامی ئاڵۆزترین پرسیارەکاندا دەڵێن: بابەتەکە گەڵێک سادەیە. هەموو شتێک دەبەستنەوە بە ئابوورییەوە و تەنیا ئومێدیان بە گۆڕانی ڕێکخراوی بەرهەمهێنانە. دونیا بۆیان وەک دروستکردنی خشت ئاسانە، وەک بڵێی هەموو مەسەلەکانیان چارەسەر کردبێت. **مەتی** لە پشتگیریکردنی ئەواندا دەیگوت: ئەگەر بکرێت وابزانین کە زۆرێک لە مەسەلەکان ناهێنەدی، ئەگەر چەند مەسەلەیەک حەل بێت، ئەوکات جێگای سەرسوڕمان نییە کە کەسانێکی بەبێ سەبر و حەوسەلە بەدوای چارەسەر ئەم چەند مەسەلە بنەڕەتییەوەن، هەڵبچن، لەبەر ئەوەی کە پرسیاری زۆریان لێ دەکرێت کە چارەسەرکردنی بەدەست ئەوان نییە. بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگە بە شێوەیەک بەڵاڵێدراوە کە هەموو بوارەکان هاوکات بەرەو خراپی دەڕوات. هەربۆیە هەرقسەیەک سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵگە لە بوارێکی بچووکیشدا بێت، قسەیەکی گرنگە.

## ڕاهێنانی فکری

ڕووم لەو کەسانەیە کە وادەزانن "پرۆپاگەندەکاری بۆیاخچی" بۆخۆی مرۆڤێکی ڕاستگۆیە کە چاکترین داواکارییەکانی هەیە، بەڵام ئەربابەکان و ژێردەستەکانی خوێڕین: زۆرکەس کە لە کاتی بۆیەکردندا دەیبینن، نیگەران و خەمبار دەبن لەو سەختییەی بەخۆی ڕەوا دەبینێت، تا تەواوی درز و کەلەبەرەکانی بینا کۆنە و گەندلێدراوەکە بە ڕەنگ داپۆشێت.

ئەی ئەوەنییە سەرتاپای عارەقەی لێ دەچۆڕێت. یەک دەقیقە ئاسوودە نییە، مەگەر لە کڕینی ڕەنگەکەدا ساختە دەکات یان ڕەنگەکەی خراپە؟

مەگەر کاتێک کە دەڵێن پاش ڕەنگکاری هەموو شـــتێک جوان دەبێت قسەیەکە کە خۆی باوەڕی پێی نییە؟ سەرەڕای ئەمانەش ئەو لە خانوویەکی جووتیارانەدا دەژی، عەرەق ناخواتەوە و لەگەڵ ژنان کاتی بەفیڕۆ نادات.

بەڵام، کەســانێک هەن لە کاتی ســەرخۆشــیدا دەبنە هۆی وێرانی. بەداخەوە کەسانێکیش هەن کاتی هۆشیاری دەبنە هۆی هەمان وێرانی. لەوانەیە کەســێک دە پەرداخ بیرە بخواتەوە و کاری شــێتانە بکات، کەسانێکیش پەرداخێک ئاو دەخۆنەوە و کاری شێتانە دەکەن. بە هەمان شــێوەش لەوانەیە کەســێک کە لە خانوویەکی جووتیارانەی ئاســاییدا دەژی، ئابووریی نەتەوەیەکی گەورە تووشــی تێکشــکان بکات و لە کاتێکدا لەسەر کورسییەکی داری بێنرخ دانیشتووە، تاوو توێی نەقشەی پەرســتگەیەک بکات کە بۆ خۆی ســاز دەکات و لە هەمان کاتدا چەند کیلومەترێک دیواری لێ زیاد کات. دەکرێت کاتی زۆر لەگەڵ ژناندا بەفیڕۆ بدرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک کە ئاهەنگی کوشتنی منی کردووە و لە تەنیشــت ژنێکدا خەوی لێ بکەوێت، ڕاســت لەو کاتەدایە کە لەوانە بوو لەگەڵم بەشەڕ بێت، باشە، با بخەوێت. کاتێک نیگابانەکانی زیندانێک لە تەنیشت ژناندا خەوتوون، کەس لە زیندانییەکان نادات.

چەنــدە چــاکتر دەبوو ئەگەر پڕۆپــاگەنــدەچیی بۆیەکــار عەرەقی بخواردبایەتەوە و لەوپەڕی ســەرخۆشــیی تەواودا بە زمانێکی شــل و کێشــدار هاواری بکردایە کارخانەکان هی ئەو کاســانەیە کە کاری تێدا دەکەن و زەوییەکانی پڕۆســی ڕۆژئاوا هی کەســانێکە کە دەیکێڵن. بۆ ئێمە چاکتر بوو کە ئەو لە کۆشکێکدا نیشتەجێ بوایە و هەوڵی ئاشتی و ئاشتیخوازیی بدایە و ئامادەکاریی بۆ شەڕ نەکردایە.

(ماویەتی)

## چی گرنگە

**(ڕۆ)**[1]، کە خوێندکاری **مەتی** بوو، دەیگوت: کەسانێک فەقیرن و کەسانێک دەوڵەمەند، ئەمە نادادپەروەرییە. **مەتی** درێژەی دایە: نادادپەروەریی دەوڵەمەندەکان. **ڕۆ** گوتی: خۆشەویستی بۆ دادپەروەری لەنێو فەقیرەکاندا زۆرە. **مەتی** گوتی: ئەوە نازانم. بەڵام فەقیرەکان چاولەدەستی دادپەروەرین و دەوڵەمەندەکان چاولەدەستی نادادپەروەری. گرنگ ئەوەیە.

## هزرە نەتەوەییەکان

**کین- یەی** شاعیریان بە تاوانی هزری نزم، لە وڵاتەکەی خۆی دوور خستەوە. خۆی دەیگوت: تاوانی من دارابوونی هزری خوێڕی و هیچەکانە و ئەمەش چاکترین مەرامە.

## ئایا ڕازی بەهەر کارێک دەبی

کەسێک کە لە زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارەکان وەزاڵە هاتبوو بە **می- ین- لەی** گوت: بۆ چاککردنی ئەم بارودۆخە ئامادەم هەر کارێکی شایستە بکەم. **می- ین- لە** کە هێشتا ڕازی نەببوو، پرسیی: ئامادە بووی چ کارێکی دیکە بکەی تا بارودۆخەکە چاک بێت؟

1- Ro

## پەسنی می- ین- لە لە خوێندکارەکانی

خەسڵەتێکی تایبەتییان نییە مەگەر ئەو خەسڵەتەی کە خەبات پێیان دەدات، ناوی خۆیان لە ئیشەکانیان وەردەگرن، لە خانوویەکدا دەژین کە دواتر دەستی بەسەردا دەگرن.

بەر لەوەی کە بزانن چۆن بن، دەزانن کە دەبێ ئەنجومەن چۆن بێت. کاتێک پێویست بێ سەفەر بکەن دەچنە ویستگە و بێ ئەوەی کە بزانن بۆکوێ دەچن و ئەوانەی شوێنی مەبەست ناناسن، نازانن شۆفیرەکە کێیە.

## خوێندنەوەی کتێب

**مەتی** دەیگوت: زۆرکەس دەبینم کە کتێب دەخوێننەوە. ئەمە هونەرێکی سەختە کە کەس فێری نەکردوون. زانیاریی پێشوویان نە بەشی دیاریکردنی لاوازییەکان و نەش بەشی دیاریکردنی چاکییەکانی کتێب دەکات. باسی کتێبە زانستییەکان ناکەین کە بۆ خوێندنەوەیان دەبێ زانستت هەبێ تا زانست بەدەست بێنی. خوێندنەوەی چیرۆکیش سەختە. زۆرجار نووسەر دەتوانێت لە چاوتروکانێکدا خوێنەر ئاگاداری دونیای کتێبەکەی بکات، پتر لەوەی کە کتێبەکە ئاورێک لە دونیای ئەو بداتەوە. خوێنەر بەسەر کتێبێکەوە کە دەبێ دونیای بۆ شرۆڤە بکات، ئاگای لە دونیا نامێنێت. نووسەر بە چەند فەنێک کە فێربوونیان ئاسانە، بەڵام پەیبردن بە فرتوفێڵەکەی گرانە، ڕۆژانێک بەرهەم دەهێنێت کە ئاگای لە بابەتی سەرەکی نەمێنێت، لەم ڕێگایەوە بە کونجکۆڵییەکی ورووژێنراوەوە دوای درێژەی چیرۆکەکە دەکەوێت، ئەو درۆیانەی تا ئێستا خوێندوویەتییەوە قەبووڵ دەکات تا درۆکانی دوایی بخوێنێتەوە. نووسراوێک کە ماوە بە خوێنەر بدات جارجارە کتێبەکە وەلا نێت تا بیرێک لە خوێندراوەکان بکاتەوە و قسەی نووسەر و هزری خۆی بە یەکەوە هەڵسەنگێنێت، نەختێک بە لاواز

دەژمێردرێت. دەڵێن نووسەری وا ناتوانێت خوێنەر بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی. بەپێی جوانیناسـیی باو دەبێ هزری نووسـەر بەتەواوی شـاراوە بێت و بەپێی گونجاو نەتوانرێت شـی بکرێتەوە. سـەرەڕای ئەمەش دەبێ خوێنەر لە خۆی بپرسێت کە نووسـەر چی ویستووە و تا چ ڕادەیەک بە داواکەی خۆی گەیشـتووە. ڕاسـتی و درووسـتی قەتڵەکە جێگای باس نییە، دەبێ بزانرێت کە کردەوەکە بە تەکنیک و شێوە ئەنجامدراوە، یان نا.

لەڕاستیدا دەبێ کتێب وەک نووسینی کەسانی تۆمەتبار بە تاوانێک – کە نووسـەرەکان هەر ئەوەن – بخوێندرێتەوە. مەگەر دەکرێت بە گەشـبینییەوە نووسـراوی کەسـانێک قەبووڵ بکەیت کە یارمەتی بێچارەبوونی خەڵک دەدەن و دەستە دەستە ڕەوانەی شەڕە خوێناوییەکان بکرێن، یان لە بێچارەییدا ڕەوانەی مەیدانی شـەڕ بکرێن، ئەمانە کەسانێکن کە گەنم دەگەنێنن و خەڵک لە برسـییەتیدا دەکوژن! ئەمانە کەسـانێکن کە یان لووشکە دەهاوێن، یان دەهێڵن بیاندەنە بەر لووشکە.

## سەبارەت بە ژیانی مامۆستایان

**کا- مە** و **ئە- فو** کە لە سـەردەمی خۆیاندا گەورەترین مامۆسـتای ئاکار و هەڵسوکەوت بوون، شـتێکی وایان سـەبارەت بە هەڵسوکەوتی تاک نەنووسـیوە. سـەبارەت بە دابینکردنی مووچە و شـێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەماڵە، سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک و بەدەسـهێنانی متمانە و پرسـتیژ، سـەبارەت بە زەواج و بەرهەمهێنانی هونەر و بەکورتی سەبارەت بەوەی کە دەبێ چۆن ژیان بەسەر ببرێت، وانەیەکیـان بە خوێنـدکـارەکـانیـان نەوتووەتەوە. خودی ئەم دوو مامۆسـتایە بە سـادەیی ژیاون. لە هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ بنەماڵە و دۆسـتان و نزیکەکانیاندا شـتێکی سـەیر و سـەمەرە نابینرێت. یەکێکیان

دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان گرفتاری موشـــکلی ماڵی بوو. ئەوانیش نەیاندەتوانی هەمیشـــە لایەنی بەرانبەریان ڕازی بکەن. لە کارەکانیاندا زۆرتر شـــکســـتیان هێنابوو. هەندێک لە پێشـــبینییەکانیان نەهاتە دی. بیروڕاکانی خۆیان زۆرتر لە ڕێگای ڕەخنەگرتن و هێرشـــکردنە ســـەر بیروڕای کەسانی دیکە دەخستە ڕوو. بە شێوەیەک کە کاتێک دەرک بە بەشـــێـک لە نووســـینەکـانیـان دەکەین کە کتێبی خراپی بەرهەڵستکارەکانیانمان خوێندبێتەوە.

## زمانی کەرستەکان و زمانی هزر

**مەتی** دەیگوت: کـاتێـک لەنێو کەرســـتە فڕێـدراوەکـانـدا کوتە حەوجۆشێک، یان ئاسنێک دەبینین پرسیار لە خۆمان دەکەین: ئەمانە لە ســـەردەمی کۆندا کەرســـتەی چ کارێک بوون، بۆ چی بەکار هاتوون. چەک گەواهیدەری شەڕە و کوتە کەرستەی ڕازاندنەوە، بازرگانیمان بیر دەخەنەوە. لەو نێوەدا هەموو جۆرە کارێک و نابەکارێک دەبینرێت. کەواتە، بۆ لەگەڵ ئەو هزرانەی کە لە سـەردەمی کۆنەوە ماونەتەوە بەو شێوازە هەڵسوکەوت ناکەین؟

## کاری ناتەواو تەواو بکەین

کـاتێـک زانـای بەکردەوە، **کـا- مە**، مرد، دەســـەڵاتی دزەکـان کە بەرهەڵســـتی خەباتەکەی بوون، ڕووی لە زیادبوون بوو. ســـەردەمی گەشاوەیی کاری دوژمنەکەی هێشتا بەردەوام بوو.

## کاری ناتەواو تەواو بکەین

کاتێک زانای بەکردەوە، **کا- مە**، مرد، هێشتا بەجێگای ناوی دوکتۆرەکان ناوی پیاوکوژەکان لەسەر لەوحەی ڕێزلێنان بوو. ئیشەکان بە ناوی کەسانێکەوە تەواو دەبوو کە کەڵکیان لێ وەردەگرت، نەک بە ناوی بکەرەکانیەوە.

## بیرمەندانی سەرۆکی خەبات و سەردەمەکەیان

بیرمەندەکانی سەرۆکی خەبات لە تاریکترین و خوێناویترین سەردەمدا ژیان، ئەوان خاترجەمترین و شادمانترین مرۆڤەکان بوون.

## هونەر

**مەتی** بە پەسندانی **می- ین- لە** دەیگێڕایەوە کە ئەو بەدەست خەلووزی دەخستە نێو ئاگر، بێ ئەوەی دەستی پیس ببێت.

## سەبارەت بە هاوخەمی و دڵسۆزی

**مەتی** دەیگوت: **می- ین- لە** هاوخەمیی کەسی نەدەکرد. ئەو هەستەی کە بە بینینی ژیانی پڕ لە نەگبەتیی چەوساوەکان و بەشخوراوەکان پەیدای دەکرد، بەخێرایی دەیکردە ڕق و قین. هەمان هەست لە سروشتە نائاگاکاندا دەبێتە سۆز کە هەستێکی نادیاری دڵشکاوانەیە و لە نائومێدی دەچێت. **می- ین- لە** دەیگوت: دڵسۆزی، واتە خۆبواردن لە یارمەتیدان – من خۆم لە جێگای ئازاردیتووان دانانێم کە ڕەنج بکێشم، بەڵکو بەو مەبەستەیە کە کۆتایی بە ئازاریان بهێنم.

## سەبارەت بە مەی نۆشین

**کین- یە** ئەو خواردنەوە سەرخۆشکەرەی کە پێشکەشیان کردبوو، رەت کردەوە و گوتی: بەسەرنجدانی ئەو ئامادەکارییانەی کە دەوڵەت بۆ شەڕ دەیکات ئومێدی زیندوومانمان کە زۆر نییە، دوو هێندە دەبینین؛ ئەرکەکانی خۆمان بەوردی نابینین، دوای عەقڵ ناکەوین، مەگەر بە دوودڵییەوە، داهاتی کەسێک بە جێگای داهاتی خۆمان وەردەگرین، ئەگەر پرسیار بکەن، بۆ چاکسازیی کارەکان دەمانەوێ چ بکەین، وڵامی ئاڵۆز دەدەینەوە، کەوایە بۆ شەراب بخۆمەوە، مەگەر شەرابێکمان پێ بدەن کە بمانهێنێتە سەر عەقڵ.

## شەرەفی پیاو لە سەردەمانی پێشوودا

پاراستنی سەلامەتی فیکر لە کاتێکدا کەسانی دیکە گێژ بوونە، بڕوابەخۆبوون کاتێک کەسانی دیکە ڕوویان لێ وەرگێڕاوی و بەو هەموو گومانەشەوە بە ڕەوازانینیان، پشودرێژی و ماندوونەبوون لە چاوەڕوانی و بیستنی درۆ و بەشدارینەکردن لە درۆکردندا؛ ڕەزاگران بوون، بەڵام بەدەستەوەنەدانی بیانوویەک کە دەبێتە هۆی ڕەزاگرانی و لە هەمان کاتدا نە زۆر شایانبوون و نە زۆر عاقڵانە قسەکردن، توانای چوونەخەیاڵ و تێیدا نەخنکان، توانایی بیرکردنەوە و بەئامانجنەکردنی، تێگەیشتن لە سەرکەوتن و ناکامی و تێڵاکوتکردنی ئەو دوو خائینە بە یەک دار، بەرگەگرتنی بەپێچەوانە دیتنی قسەکانی خۆت کە شەلاتییەکان داوێکیان بۆ لەداوخستنی ساویلکەکان لێ دروست کردووە؛ کۆکردنەوەی تەواوی سەمەرەکانی ژیان و تواناکانی دانانی لەسەر مۆرەیەک و دۆڕاندنی و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە و بەسەرخۆنەهێنان!
(ماویەتی)

## مەتی دەیگوت

لە سەردەمێکدا کە هەموو شتێک کەوتووەتە گێژاوی نەگبەتی، کەم کەس سەرچاوەی نەگبەتی دەناسن. کاتێک گێژاوەکە بە شێوەی کاتی دامرکایەوە، گاڵتە بەم کەسانە دەکرێت، ئەگەر سەرچاوەکانی دامرکان پێشان بدەن. بەڕواڵەت هەموو شتێک بەرەو باشبوون دەڕوات. دەوڵەتێک کە لە سەردەمی ئاوەدانیدا هاتووەتە سەرکار لەبەر چالاکییەکانی پەسن دەدرێت. تەنانەت ئەو کێشە کێشەمەکێشە بچووکانەش کە لە کارەکاندا دێتە ئاراوە، زۆر گەورە دێتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی کە پێشتر نەگبەتیی ڕەها داوێنگیر بووە.

بەڵام بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی، دۆستی بێچارەکان ڕاوەدوو دەنێن. بارودۆخیان لەو کەسانە دەچێت کە لە ئارامیی دەریادا باس لە ڕزینی بنی کەشتییەکە دەکەن.

## لێهاتوویی ژماردنی بچووکترین گەردیلە

**مەتی** دەیگوت: ئێستا زانستی فیزیک دەریخستووە کە ناتوانرێت بچووکترین گەردیلەکان بژمێردرێن و ناکرێت لەپێشدا شێوازی بزووتنیان بزانرێت. وادیارە ئەمانەش وەک مرۆڤ ئیرادەیەکی ئازادیان هەیە — بەڵام تاکەکانی مرۆڤ ئیرادەیەکی ئازادیان نییە. هەربۆیە پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دژوارە، تەنانەت ناشکرێت، چونکە زۆر فاکتەر کارمان تێ دەکەن، نەک بەهۆی ئەوەوە کە لەژێر کاریگەریی هیچ فاکتەرێکدا نین.

## مەتی دەیگوت

هیچ وڵاتێک مافی ئەوەی نییە بۆ هەمیشە پۆلیسێک لە ئیشەکەیدا بهێڵێتەوە.

## سیستمی گەورە و عەشق

**(دۆ)**[1]بە **مەتی** گوت: لایەنگرانی سیستمی گەورە دەیانەوێت عەشق لەناو بەرن. **مەتی** گوتی: شتی وام نەبیستووە. تەنیا دەزانم، ئەوەندەی نەماوە کە دوژمنانی سیستمی گەورە ڕەگ و ریشەی عەشق دەربهێنن. لە جێگایەکدا کە هێشتا عەشق ماوە، بێسەرەوبەرەیی گەورەعاشقەکان بەرەو ترسناکترین دژوارییەکان ڕادەکێشێت و عەشق خراپ دەکات.

## ژیانی مادیی می- ین- لە

**می-ین-لە** ژورێکی بچووک و مێز و کورسییەک و کاسەیەک ئاو و دەستێک پێخەفی بەس بوو. پەتاتەی دەخوارد و چای کەمڕەنگی دەخواردەوە. بەڵام ئەو تەواوی خواردنەکانی جیهان و خانووەکان و دەسەڵاتەکان و هەموو جۆرە ئازادییەکی بۆ زەحمەتکێشەکان دەویست. واتە دونیای بە شێوازێکی دیکە دەویست.

## دەبێت وڵات بە دەستی ژنی ئاشپەز ئیدارە بکرێت

**می-ین-لە** دەیگوت: هەر ژنێکی ئاشپەز دەبێ بتوانێت وڵات بەڕێوە ببات. مەبەستی ئەوە بوو کە دەبێ هەم دامودەزگای بەڕێوەبردنی وڵات و هەم ژنی ئاشپەزیش بگۆڕدرێن. سەرەڕای ئەمە لەم وتەیە بەم ئاکامە دەگەین کە بەقازانجە ئەگەر دامودەزگای وڵاتداری وەک چێشتخانەیەک، بەڵام چێشتخانەش وەک دامودەزگای حکوومەت ڕێک بخرێت.

---

1- Do

## کین- یە دەیگوت

بەر لەوەی بزانم (**لایی- تو**)[1]خۆشی دەوێم، منی بە پێداهەڵدانی ئەو دۆخە نالەبارانەی تووشی دەبوو، دەترساند. دەیگوت: بە سەعات دەچمە خەو و خەیاڵی پچڕاو و دەسەڵاتی هیچ کارێکم نییە. وەک بڵێی مێز و کورسی ژوورەکەم لە سێبەرێکی قورس ڕۆچووە. پاشان کە خۆشم گرفتاری ئەو دۆخانە بووم، زانیم کە خۆشمدەوێت.

## ئاسوودەیی و عەشق

(**کن- یە**)[2]لە هەوڵی پاراستنی ئاسوودەییی خۆیدا بوو. **لایی- تو** دەیویست لەو دۆخە رزگاری بکات. **لایی- تو** پرسیی: "مەگەر ئاسوودەیی و عەشق پێکەوە سازگارن؟" **کن- یە** وڵامی دایەوە: "بەڵێ".

## پێشنیار

کەسانێک کە تووشی زەبرێک دەبن، زویر دەبن. **کن- یە** بە **لایی- توی** گوت: "هەوڵ دەدەم زەبرێکت لێ نەکەوێت، کەوایە تۆش هەوڵ بدە زویر نەبیت."

1- Lai-to
2- Ken-yeh

## چۆن دەبێ یارمەتی خۆت بدەی

**(تو- سـو)**[1]لای **مەتی** گلەیی لە ناسـاغیی ڕەوانیی خۆی دەکرد و دەیگوت بەتەمایە بچێتە سـەفەرێکی گەورە. **مەتی** ئەم بەسـەرهاتەی خوارەوەی بۆ گێڕایەوە.

**(می-ئیر)**[2]ڕۆژگارێکی پڕ لە خەم و کەسەری هەبوو. بە دوای یەکدا دۆستەکەی و ئیشەکەی و ئاینەکەشی گۆڕی. کاتێک پاش هەموو ئەمانە دۆخی گەلێک خراپتر بوو سەفەرێکی گەورەی دەست پێ کرد و هەموو دونیا گەڕا. بێچارەتر لە پێش لە سـەفەرەکە گەڕایەوە. لە پێخەفێکدا کەوتبوو و چاوەڕوانی مردن بوو کە خانووەکەی بە تەقینەوەی بۆمبێک ئاگری گرت. شـەڕی ناوخۆ بوو و سـەربازەکان بۆمبێکیان بەرەو ئەو سەربازانەی لەپشت خانووەکەی ئەودا خۆیان حەشار دابوو هەڵدا. **می-ئیر** بە شڵەژاوییەوە هەستا و بە یارمەتی کرێکارەکانی ئاگرکوژاندنەوە کەوتە ڕاوەدوونانی سـەربازەکان و چەند ساڵ بەشـداریی شـەڕی ناوخۆی کرد تا بارودۆخەکە سامانی گرتەوە.

ئەگەر کەسێک لەم ماوەیەدا لێی نەبیست کە دۆخی ڕەوانیی جێگیرە. بە دڵنیاییەوە لەبەر ئەوە بووە کە کەس لە حاڵی ئەوی نەپرسیوە.

## پەندی مەتی

**لایی-تو** کە یەکێک لە خوێندکارەکانی **مەتی** بوو، ڕۆژێک پێی گوت دەیەوێت بچێتە سـەفەرێکی گەورە. **مەتی** گوتی: چۆن دەتەوێ سـەفەر بکەی لەکاتێکدا هێشتا سێ وڵاتی **دە**، **سوعە** و **نوە**[3]، هەرچەند دوژمنێکی

---

1- Tu-su

2- Mi-ir

3- Deh.Sueh.Noh

هاوبەش و بەتوانایان هەیە، یەکیان نەگرتووە؟ **لایی- تو** کچێک بوو کە کاریگەریی لەسەر رەوتی کارەکان نەبوو و یەکگرتنی ئەو سێ وڵاتەش شتێک بوو کە لە توانای ئەودا نەبوو. کاتێک ئەمەی گوت، **مەتی** وڵامی دایەوە: یەکگرتنی ئەو سێ وڵاتە ئامانجێکی دوورەدەستە، بەڵام دوورەدەستتر لە ئامانجێک بێ ئامانجییە. سەفەرەکەت ئامانجێکی نییە.

## ئاگرکردنەوەی لایی- تو

**مەتی** بە **لایی- توی** گوت: کاتێک ئاگرت دەکردەوە تەماشام دەکردی. ئەگەر تۆم نەناسیایە دەبووا نیگەران بم. ڕواڵەتت بە شێوەیەک بوو وەک بڵێی کەسێک تۆی ناچار بە ئاگرکردنەوە کردبێت و دەبووا – چونکە تەنیا من لەوێ بووم- وێنای ئەوە بکەم کە ئەو چەوسێنەرە منم. **لایی- تو** گوتی: دەمویست هەرچی زووترە ژوورەکە گەرم بکەم. **مەتی** پێکەنی و گوتی: نیازەکەت دەزانم، بەڵام لەوانەیە خۆت نەزانی. دەتویست لەبەر من، میوانەکەت، خانووەکە خاوێن بکەیتەوە، دەبوا زوو ئەوکارە بکەی کە زۆرتر فریای قسەکانمان بکەوین. دەبوو تۆم خۆش بوێت، دەبوو دارەکە ئاگر بگرێت، دەبووا ئاوەکە بکوڵایە، بەڵام لە هەموو ئەمانە تەنیا ئاگرەکە داگیرسا. بەڵام کات بەسەرچوو، ئاگرەکە داگیرسا بەڵام چاکە ئامادە نەبوو. هەرئیشێک بۆ ئیشێکی دیکە کرا. بەڵام هیچکام لەم ئیشانە بۆخۆیان نەکران، بەڵام زۆر شت دەکرا لە کاتی ئاگرکردنەوەدا بوترێت. لە هەر کردەوەیەکدا سوننەتێک خۆی حەشار داوە و میوانداری شتێکی جوانە. هەندێک جار جووڵەی لەش لەکاتی گڕتێبەردانی داری چاک، جوانە و خۆشەویستی دێنێت. دەبێ کەڵک لەو ساتە وەربگریت، چونکە ناگەڕێتەوە. ئەگەر قەرار بوایە وێنەکێشێک تابلۆیەک لە ئاگرکردنەوەی تۆ بۆ مامۆستاکەی ئامادە

بکات، شـتێکی بۆ هونەرنواندن نەدەدۆزییەوە. ئەم ئاگرکردنەوەی تۆ بە مەیل و ئارەزووی خۆت نەبوو، تەنیا کۆیلەیەتی دەبوو.

## شێوە و چۆنیەتی دەربڕینی کی- ین- لە

**لایی - تو** لای **مەتی** گلەیی لە نامە ســاردوســڕەکانی **کی- ین- لە** دەکرد. **مەتی** بە تێگەیشــتن لە مەبەســتەکەی ڕووی تێ کرد و گوتی، کاتێک لە **کی- ین- لە**م پرسی بۆ **(ئوتینگ)**[1]ی بۆ دروستکردنی خانەباخ هەڵبژاردووە، گوتی: دیمەنی ســروشــتەکەی ناشــیرین نییە. **هو- یی** خانەباخەکەی لێ وەرگرت و ئەو گوتی: خەســار بوو. پاش ماوەیەک خوێندن (پازدە ســاڵ) بەو ئاکامە گەیشــت کە **می- ین- لە** مرۆڤێکی بەکەڵک بووە و لە پەسـنی ئیشـە کۆن و باشـەکانی من سـەبارەت بە بێکەڵکبوونی تایبەتمەندییە باشـە ئەخلاقییەکان تەنیا گوتی: چاکە. **لایی- تو** دوایین نامەی **کی- ین- لە**ی دەرهێنا و چاوێکی پێداخشــاند و بە ڕەزامەندییەوە وەدووی کاری خۆی کەوت.

## خۆپاراستن لە وشەی گەورە

**مەتی** بە **(تو- فو)**[2]ی گوت: چاکترە بە جێگای " تاهەتایە" بڵێی " ماوەیەک" و بە جێگای " من دەزانم" بڵێی "هیوادارم وابێت"، بە جێگای ئەوەی بڵێی "بەبێ ئەم شــتە و ئەو شــتە ژیان مەحاڵە" بڵێ " ژیانم ئەستەمتر دەبێت ئەگەر ئەم شتە و ئەو شتە نەبێت" ئەوکات بەدڵنیاییەوە دەژیت و دڵنیاییش دەدەیتە کاسانی دیکە.

---

1- U-ting

2- Tu-Fu

## تووڕەبوون لە بەرانبەر زوڵمدا

**مەتی** بە **لایی- توی** گوت: تۆ لە بەرانبەر زوڵمدا تووڕە نابیت. کەسێک کە لە دیتنی زوڵم تووڕە نەبێت، ناتوانێت لایەنگرێکی دروستکاری سیستمی گەورە بێت. تووڕەبوون لە بەرانبەر زوڵمدا، جیاوازە لە مەحکوومکردنی زوڵم، یان ترسان لە بەشداربوون لە کردەوەکانیدا. کەسێک کە لە ناڕەواییەک کە پێی کراوە نەورووژێت، دژوارە لە شەڕدا خۆی ڕاگرێت. کەسێک کە نەتوانێ لەو ناڕەواییەی بەرانبەر کەسانی دیکە دەکرێ تووڕە بێ، ناتوانێت شەڕ بۆ سیستمی گەورە بکات. تووڕەیی نابێ زوو بلێسە بسێنێت و زووش دامرکێت. بەڵکو تووڕەبوونێکی درێژخایەن و پتەو پێویستە تاکو چەکی کاریگەری خۆی ببینێتەوە. **می- ین- لە** و **کا- مە** لە پاڵەپەستۆی تووڕەییدا ئیشیان نەدەکرد. بەڵام بە تووڕەنەبوون لەبەرانبەر زوڵمدا، هەرگیز توانای ئەوەیان نەبوو ئەوە بکەن کە کردیان.

## (تو)[1] دەیەوێت فێری شیوازی خەبات بێت، بەڵام فێری دانیشتن دەبێت

**تو** هاتە لای **مەتی** و گوتی: دەمەوێ بەشداریی شەڕی چینەکان بکەم. ئیشم فێر بکە. **مەتی** گوتی: دانیشە. **تو** دانیشت و پرسیی: چۆن دەبێت خەبات بکرێت؟ **مەتی** پێکەنی و پرسیی: ڕەحەت دانیشتووی؟ **تو** بە سەرسوڕمانەوە گوتی: تێناگەم؟ مەگەر دەبێ چۆن دانیشی؟ **مەتی** بۆی ڕوون کردەوە. بەڵام **تو** بە دانبەخۆداگرتن گوتی: خۆ من نەهاتوم فێری دانیشتن بم. **مەتی** بە لەسەرخۆیی گوتی: دەزانم، تۆ دەتەوێ فێری خەباتکردن ببی، بەڵام بۆ ئەم ئیشە دەبێ جێگات ڕەحەت بێت.

---

[1]To

چونکە ئێمە دانیشتووین و بە دانیشتنەوە دەمانەوێ فێر بین. **تو** گوتی: ئەگەر مرۆڤ بەردەوام لەدووی ئەوە بێت کە لە ڕەحەتترین باردا بێت و باشترین کەڵک لەو هەلومەرجە وەرگرێت و بەکورتی، بەدوای تێگەیشتن لە خۆشییەوە بێت، ئەوکات چۆن دەتوانێت خەبات بکات؟

**مەتی** گوتی: ئەگەر مرۆڤ لەدووی تێگەیشتن لە خۆشی نەبێت و نەیەوێت زۆرترین کەڵک لە هەلومەرج وەرگرێت و لە چاکترین باردا بێت، ئیدی بۆ خەبات دەکات؟

## بۆچوونی مەتی سەبارەت بە مەرگی تو

پاش ئەوەی کە **تو**، خوێندکاری خۆشەویستی **مەتی**، لە شەڕە ناوخۆییەکاندا کوژرا و هۆکەشی ئەوە بوو کە بە چەکەوە شەڕی کردبوو، هەرچەند ئەرکێکی دیکەی هەبوو و ئەرکی دیکەش چاوەڕوانی دەکرد، **مەتی** ئامادە نەبوو بە خەباتکارێکی چاک ناوی ببات. دەیگوت: هیچ هۆیەکی نەبوو کە تو ئەرکێک بە ئەرکێکی دیکە بگۆڕێتەوە و بەڵگەیەگیش بۆ ئەم ئیشە نەهێنێتەوە. ئەو وایدەزانی کە شەڕ تەنیا لەو شوێنەیە کە تەقەی لێ دەکرێت. ئەو پتر لە پەنجا مەتر بەردەمی خۆی نەدەدیت و لەڕاستیدا وەک لاوێکی شەڕەنگێز کوژرا.

## گۆرانیی کین- یە بۆ خوشکی لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆدا

خوشکی کین- یە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەمەڕ شەڕە ناوخۆییەکانەوە چووبووە بەرەکانی شەڕ. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و هیچ هەواڵێکی نەبوو و خۆیشی نەیتوانی هیچ شتێک بۆ خوشکی بنووسێت. لەو بارودۆخەدا ئەم گۆرانییەی خوارەوەی نووسی:

هەودای بێبنەتای وتەکانمان

وەک پێکەوەدووانی دوو سپیدار
پێکەوەدووانی ساڵانی ساڵ
ئێستا بێدەنگ بووە
وتەکانت نابیستم و نووسراویشت نابینم
ئەتۆش نابیستی وتەی من
سەری تۆم لە ئامێز گرت و
بە ئارامی پرچەکانتم شانە کرد
فێری هونەری جەنگ و بەرەنگاریم کردی
فێرم کردی کتێب بخوێنیتەوە و خەڵک بناسیت
فێرم کردی کە بجەنگیت و ئارام بگریت
بەڵام جغار! کە زۆر وتەی نەگوتراو مانەوە
زۆرجار نیوەشەوان لە خەو ڕادەپەڕیم
گەلێک پەندی بێهوودەی نەگوتراو، گەرووم دەگوشن

## کین- یە لە خۆشکەکەی دەدوێت

دیداری پڕ لە خۆشەویستیمان لە مەودای جەنگەکاندا بوو
لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەیلی سەربازییەوە سڵاومان لێک دەکرد
لەو شارانەدا کە دەگیران، نامەکان چاوەڕێمان بوون
لە چاوەڕوانیی دوژمناندا، کە لە پەستیوی کەپرۆچکەیەک خزیبووم،
دەمبیست ترپەی نەرمی پێیەکانی، خۆراک و خەبەری دێنا.
لە وێستگەی شەمەندەفەر بەپەلە باسی بەرەوپێشچوونی کارەکانمان دەکرد
هەر بە تۆزی ڕێوە کە لەسەر لێوم بوو هێشتا، ماچم دەدایە
هەرچی لە دەورمان بوو دەگۆڕا و خۆشەویستییەکەمان هەروەک خۆی بوو

## دووەمین گۆرانیی کین ـ یە بۆ خوشکەکەی

ئەتۆم بەڕێ کرد
تا بچیتە جەنگی بێگانان
تا خۆراکی نامۆ بە چەتاڵی سەیر بخۆیت
تا بیر لە فکری تازە بکەیتەوە
من، ئەتۆم بەرەو زانین بزواند و
ڕێم لێ گرتی
من، ئەتۆم پاراست و
وێڵم کردی
کە تۆ لە دەرەوەی، ئەدی من لە کوێم؟
کە دەشگەڕێیتەوە،
ئەوە کێیە، کە دێتەوە؟

## کین- یە و خوشکی (۲)

کاتێک کە خوشـــکی **کین- یە** دوور لەو، لە شـــەڕی ناوخۆدا بوو، لەبەر نگەرانیی لە بارودۆخی خوشکی، هەمیشە خۆی لە ڕیزی ترسنۆکەکان دادەنا.

## کین- یە و خوشکی (۳)

**کین- یە** لەوە نیگەران بوو کە خوشـکی چووبووە بەرەکانی شـەڕی ناوخۆ. لەبەر ئەوەی ماوەی نگەرانییەکەی کورت بکاتەوە، تکای لێ کرد کە پاش ماوە دیاریکراوەکە بە کەشـــتییەکی دیاریکراو بگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کە نەهاتەوە بۆی نووســـی: زۆرجار داوام لێت کردووە کە پێم نەڵێی، تۆم خوش دەوێت، بەڵکە بڵێی، لەگەڵ تۆ خۆشـــمە. نەڵێی: پشـــتم

پێ ببەستە، بەڵکە بڵێی: تا رادەیەکی دیاریکراو دەتوانی لەسەرم حیساب بکەی، نەڵێی: تۆ هەموو شتێکی منی، بەڵکە بڵێی، بوونت بۆ من عەزیزە. چەندە خراپ بوو کە جارێک بەهەڵە ئەو گومانەم بۆهات کە بەتەواوەتی بەمن بێوەفا بووی، چونکە بەوپێیە وام دەزانی کە دەتوانم بەتەواوەتی پشتت پێ ببەستم.

## کین- یە و خوشکی

سەرەنجام **کین- یە** لە خوشکییەوە نامەیەکی پێ گەیشت کە نووسیبووی لە ڕۆژێکی دیاریکراودا دێتەوە. **کین- یە** بۆ هێنانی چووە ئەوبەری دوورگەکە. پاش ئەوەی کە ئەو نەهات و لە هەندێک نیشانەوە دیار بوو کە کاتی نووسینی نامەکە نیازی هاتنی نەبووە، **کین- یە** ئەم شیعرەی نووسی:

ئەگەر بەرد گوتی دەکەوێتە خوارەوە
کە توورِت هەڵدا
باوەڕە بکە
ئەگەر ئاو گوتی دەخووسێ.
کە تێیدا نوقم بووی
باوەڕ بکە
ئەگەر خوشکەکەت بۆتی نووسی کە دێت
باوەڕە مەکە، لێرەدا
هێزی سروشت لەکاردا نییە.

## شیعری دووەمی کین ـیە لەمەڕ خوشکەکەیەوە

هەرجارێک، لە سەرلەبەری ئەم ساڵانەدا،
پاش ئەوەی زۆر درەنگ دەهاتمە ماڵەکەی
وێ دەچوو چاوەڕوانم بووبێتن
وا دیار بوو کورسییان بۆ دانابووم و چادانیان وەسەر ئاگر نابوو
بە پێکەنینەوە ڕووداوە پووچەکانی بۆ دەگێڕامەوە
گەمژەییەکانی خۆی و تەنانەت گەمژەییەکانی خۆیشم
منیش هەردەم چاوەڕێی هەنگاوە نەرمەکانی بووم
کە لە دەرگا نیزیک دەبووەوە
خۆم ئامادە دەکرد، تا لەگەڵ دەرکەوتنی لە دەرگاوە
هەموو کارێک وەلا بنێم
ئەوەی بەسەرمان هاتبوو
لە ڕیزی ڕووداوەیلی مێژووییمان دادەنان
باسی ئەو هەشت شەوەمان دەگێڕایەوە و باسی
ئیسپانیامان دەکرد
باسی ئەو سەفەرەی بە فۆرد کردمان و
باسی هێنانەوەی مافوورمان دەکرد.

## سێبەری کین- یە

**لایی-یە** دەیگێڕاوە: کاتێک **کین- یە** چووە بەرەی ڕۆژئاوا، دەترسام نەوەک بە یەکجاری لێم جیا بێتەوە. بەڵام ئەو سێبەرەکەی لای من جێ هێشتبوو تا لەگەڵم بێت و من گەلێک شاییم پێ دەهات، لەبەر ئەوەی کە دەمزانی، **کین- یە** منی لەیادە. بەڵام هەڵسوکەوتی سێبەرەکە سەیر بوو. بۆ نموونە سێبەرەکە بە هەر دەرگایەکدا بەدوامدا نەدەهات و نەدەچووە

هەر خانوویەک. لە هەندێک لە دەرگاکان ڕادەوەستا و چاوەڕوان دەبوو. لەو کاتانەدا تا من لە ماڵ دەمامەوە هەرگیز دانەدەنیشت. ئەم بارودۆخە و ئەوەی کە ئەو لەکاتی چاوەڕوانیدا تەماشـــای هەورەکانی دەکرد، نیگەرانی دەکردم. چونکە لەوە دەچوو کە لەوانەیە ئەویش ڕێگای خۆی بگرێتەبەر. کە دیســـان لەدەرگا دەهاتمە دەرەوە، ســـەرلەنوێ وەدووم دەکەوت. بەڵام هەندێک جار وەک بڵێی بە دژواری بمناســـێتەوە. وەک بڵێی گومانی هەبوو کە ئەوە منم. هەمیشـــە لەپێشـــەوە نەدەڕۆیشـــتم. هەنـدێـک جـار ئەو پێش دەکەوت. بەڵام ئەگەر من دواکەوتمـایە یـا نەمویســـتایە لەگەلی بڕۆم، هەمیشـــە چاوەڕوانم دەبوو. ماوەیەکی پێ چوو تا تێگەیشـــتم، بۆ نزیکبوونەوە دەبێ دوو کەس هەبن، کاتێک خۆم لە **کین- یە** دوور دەخستەوە، یا پێویستییەکم پێی نەبوو، یا وام دەزانی کە پێویستی پێم نییە، لێی دوور بووم، نەک نزیک.

## گرفتی کین- یە لە نامەنووسیندا

**کین-یە** دیپرسی: ئیدی چۆن دەتوانم نامە بۆ **لایی- تو** بنووسم. کاتێک ئەو بۆ من دەنووسێت بنێشت دەجوێت و من لە کاتی نووسیندا دەلەرزم. دەزانم کە من ڕاست نەبووم، بەڵام ئەو دەنووسێت کە ئەو ڕاست بووە. من نیگەرانم کە شتێکی بەنرخ خراپ بووە و ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن خراپ بووە. ئەو کاتانەی کە بۆیم دەنووســـی و دەمتوانی لەســـەرەخۆ بم، ئێستا دەبێ وەک ئاگر بم. وەها راهاتبووم کە کاتێک دەنووسم وا بێت کە بۆ عاشقێکی دەنووسم. عاشقەکەم مرۆڤگەلێکی مەزنن.

## بایەخی لایی- تو

**لایی-تو** لەبەر ئەوەی کە بەرهەمێکی مەزنی بەدی نەهێنابوو، خۆی بە بێبایەخ دەزانی. توانایەکی بەرچاوی نە لە کاری هونەرنواندن و نە لە کاری شیعردا پێشان نەدابوو. ئەوەی کە سەبارەت بە ئەو چەندین شیعر وتراوە و مرۆڤگەلی چاک لە پەنای ئەو هەڵسوکەوتێکی چاکتر لە باوی دەگرتەبەر، بەلایەوە گرنگ نەبوو، **مەتی** پێی گوت: ڕاستە کە تۆ هێشتا هیچ بەرهەمێکت نەنواندووە، بەڵام ئەمە لە تایبەیمەندی و بایەخی تۆ کەم ناکاتەوە. چاکیی تۆ لەو ڕێگایەوە دەسەلمێندرێت کە کەڵکی لێ وەردەگرن و ئەمەش پەسندانە، لەم بابەتەدا تایبەتمەندیی سێو لەوەدایە کە دەیخۆن.

## کۆتایی ئیشی مەتی

**مەتی** بۆ خوێندکارەکانی چاکترین دۆست بوو. ڕۆژانە هەندێک جار سەعاتێک دەهاتە هۆڵی وانەوتنەوە و هەندێک جار شەش سەعات و هەندێک جار تەنانەت چەند دەقیقەیەک. بەڵام، خوێندکارەکانی دەیانزانی کە هەمیشە بابەتێکی نوێی پێیە. مەتی زۆرجار بەو ڕستە زۆر هەڵانەی کە بە ناوی پەندی پێشینیان دەری دەبڕن، پێدەکەنی، بۆ نموونە، بەم ڕستەیە کە دەڵێ عەقڵی سالم لە لەشی سالمدایە. خۆشەویستی بێپایانی مامۆستا لەوەدا دەردەکەوێت کە کەمترین ئازاری خوێندکارەکانی لای ئەوەندە کەم نەبوو کە لێی نەپرسێت و ڕێگەچارەیەکی بۆ دانەنێت. بەلایەوە هیچ خەمێک ئەوەندە کەمبایەخ نەبوو کە بەخێرایی وەدووی هۆکەی نەکەوێت.

وابوو کە خوێندکارەکانی لە هەموو شوێنێک ڕێزیان بۆی هەبوو. چونکە بە یارمەتی ئەو گەیشتبوونە ئاستی بەرزی پێگەیشتن. ئەگەر **مەتی**ش لایان نەبوایە دەیانزانی کە هەموو کاتێک و لە کاتی پێویستدا دەستیان پێی دەگات.

بەڵام ڕۆژێکیان بەیانی پیاوێکی بێگانە هاتە کۆڕەکەیانەوە کە هێشتا لە بیچم و دەنگدا لە مامۆستا کۆنەکەیان دەچوو، بەڵام جوڵە و ئاخاوتنێکی دیکەی هەبوو، کە دۆستانە و بێ دواکەوتن ئەمەیان پێ گوت – هەروەک فێری کردبوون- ڕووی لێ وەرگەڕاندن. پاش ئەوە **مەتی** دیسان هەموو ڕۆژێک دەهاتە هۆڵی وانەوتنەوە، بەڵام بە شێوەیەک بوو کە وەک بڵێی دەیەوێت بەرنامەیەکی پێویست، بەڵام بەملداهاتوو بە هەر شێوەیەک بێت بەڕێوە ببات. خوێندکارەکان تێگەیشتن کە دەست بەداوێنی هەموو بیانوویەک دەبێت کە بەبێ دواکەوتن وەدووی کاری خۆی بکەوێت. سەرەتا خوێندکارەکان وایانزانی کە مامۆستا ئیشێکی هەیە کە بەتەواوەتی سەرقاڵی کردووە. بەڵام کە چەند حەوتوویەک تێپەڕی، **مەتی** گوتی: ئیدی ئێمە قسەیەکمان پێکەوە نییە. خوێندکارەکان بەم قسەیە ترسیان لێ نیشت. **مەتی** تێنەگەیشت و نەشی دی کە یەکێک لە خوێندکارەکانی بەهۆی ئەوەی کە دەمەوبەیانیی ئە ورۆژە داریکی بەسەردا کەوتبوو، دەستی بەملییەوە هەڵواسیوە و دیسان بەپەلە وەدووی کاری خۆی کەوت و ئەرکی خوێندنەوەی پارچە شیعرە کۆنەکانی بە دەنگی بەرز خستە ئەستۆیان و گفتوگۆی لەسەر بکەن. بەڵام ئەگەر کەسێک پێشنیاری گۆڕین و دەستکاریکردنی لە ڕستەیەکدا بکردایە دەیگوت ڕەخنە لە کارە تەواوەکان دەگرن. دیسان بە ناحەزی رایگەیاند، کە ئیدی قسەی لەگەڵیان نییە. شاگردەکانیش ئیدی کاریان پێی نەبوو. **مەتی** هۆگرییەکی بەوەی کە خوێندکارەکان دەیانکرد نەبوو و نەیدەویست گوێی لەوشتانە بێت کە دەیڵێن و گرفتارییەکانیان کاری تێ نەدەکرد. بەڵام هێشتا ناچاری دەکردن ڕۆژانە چەند سەعاتێک بێنە هۆڵە کۆنەکەی خوێندن بەو جیاوازییەوە کە ئیدی خۆی نەدەهات.

ئەو ساڵە بەرەو کۆتایی دەچوو کە خەڵکی شاری **ما** داوایان لە **مەتی** کرد یەکێک لە خوێندکارەکانی بنێرێتە لایان. **مەتی** خوێندکارەکانی لە هۆڵی خوێندن دیت کە بە ئاخاوتنێکی نائاشـنا لە شـتگەلێک دەدوێن کە کەمتەرخەمی بوو بەلایەوە. چەند دەقیقە پاش ئەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهۆی هاتنی بکات، بە توورەییەوە گوڕاندی کە هیچکامیان شایستەییان نییە. پاشـــان یەکێک لە خوێندکارەکان ئەم چیرۆکەی خوارەوەی لە کتێبێکی کۆن خوێندەوە:

"نوێنەرێـک لە شـــاری **ســـون**ەوە هـاتە پـارێزگـای **کوان**. کـاتی هەڵگرتنەوەی بەرهەم بوو. لە تەنیشـــت گەنمەجاڕە بەپیتەکـانـدا کە کەرویێشـــکەی دەکرد زەوییەکی زۆری نەکێڵراوی بینی کە دەیزانی خاکێکی بەپیتی هەیە. نوێنەرەکە چووە لای جووتیاری خاوەن زەوییەکە و داوای لێ کرد بێتە بەر دەرگە و گوتی: وەرە گەنمەکەت بدوورەوە، لە کاتێکدا کرێکارەکانی شاری **سون** نانیان نییە، گوڵەگەنمەکان لەژێر باری قورساییی گەنمەکەدا چەمیونەتەوە.

بەڵام دراوســـێکان گوتیان: چۆن دەبێت لە زەوییەکدا کە لە بەهاردا نەیچاندووە گەنم پێگەیشتبێت؟ ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسـەر هۆڵەکەدا کێشـــا. پاشـــان مامۆســـتاکە بە بێبایەخییەوە بەو نەناســـراوەی کە ئەمـدواییـانە زۆربەی کـات لەگەڵی بوو، گوتی: ئەمـانە گۆڕاون و نەناسراوەکە نیگایەکی سووک و چرووکانەتر لە نیگای **مەتی** لێ کردن. هێشـتا خوێندکارەکان هیوایان لەدەسـت نەدابوو. بەڵام **مەتی** کتێبەکەی لەدەســـت ئەو خوێندکارە وەرگرت و فڕێی دا و بە بێدەنگی چووە دەرەوە. هەندێ لە خوێندکارەکان لەپڕمەی گریانیان دا. بەڵام پاشـــان هەمووان هۆڵەکەیان بەجێ هێشت و دەرکەکەیان قوفڵ دا.